# گوڵستان

**مشرف الدين مصلح بن عبدالله شيرازی**
**سەعدی**

**( لە نێوان ١٢٠٣ هەتا ١٢١٠ ـ ١٢٩٢. ز)**

**وەرگێڕانی**
**عەلی نانەوازادە**

**کوردستان – هەولێر**
**٢٠٠٦**

**ناوی کتێب: گوڵستان**

- نووسەر: سەعدی
- وەرگێڕ: عەلی نانەوازادە
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال رواندزی
- بەرگ: سەیوان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- ژمارەی سپاردن: ٣٢٤
- تیراژ: ٥٠٠
- نرخ: ٢٠٠٠
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب -٣٥- (١٣٨)

**ناونیشان**

**دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی**

**هەولێر - پشت رۆژنامەی خەبات**

**پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@maktoob.com**

**ژمارەی تەلەفۆن: ٢٢٦٠٣١١**

**www.mukiryani.com**

٣

**پێشکەشە بە:**

**سەعدی**

وەرگێڕ

# پێرست


پێشەکی گوڵستان ........ ٩
بەشی یەکەم: سەبارەت بە سیرەتی پادشاکان ........ ١١
بەشی دووهەم: سەبارەت بە ئەخلاقی دەروێشان ........ ٤٥
بەشی سێهەم: سەبارەت بە فەزیلەتی قەناعەت ........ ٦٧
بەشی چوارەم: سەبارەت بە فایدەی خامۆشی ........ ٨٩
بەشی پێنجەم: سەبارەت بە ئەشق و جەوانیی ........ ٩٧
بەشی شەشەم: سەبارەت بە زەعف و پیریی ........ ١٠٥
بەشی حەوتەم: سەبارەت بە تەئسیری تەربیەت ........ ١١٣
بەشی هەشتەم: سەبارەت بە نەریتی قسە ........ ١٢٣

خولی زەمان ڕێی لێ کل کردم و لە کابول خۆم گرتەوە. لەم کاولستانە گولستانم کەوتە بەردەست و چەند حەکایەتم لێوەرگێڕاوە کە بوونە بارێک لە سەر کاغەزەکانی نیوەکارە و نیوەچڵی دیکە و ناچار تۆزەی فەرامۆشییان لێنیشت، مەگەر چۆنکایی با و فوویەکم پێداکردبا و یادێکم کردباوە.

ساڵ تێدەپەڕین و لەم ڕێگا خواروخێچانە ئێمە وێک دەکەوتینەوە و لێک جوێ دەبووینەوە هەتا ڕۆژێک ئاکام دامنا و کیتابم هەڵداوە و حیسابم لێکداوە و بوو بەو بەرهەمەی کە دەیبینن.

سەعدی یەک لە گەورەترین وێژەران و غەزەلبێژانی فارسە و لە دەرەوەی سنوورەکانیش ناوبانگ و دەنگی تایبەتی خۆی هەیە و لە ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییش شوێن پێ و شوێن داخستنی دەبیندرێ و کتێبی گوڵستان یەک لەو کتێبانە بوە کە فەقێ و ئەدیبان خوێندوویانە.

لە سەر ژیانی سەعدی شتێکی ئەوتۆ بەدەستەوە نیە. بە گشتی ئەوەی کە بکرێ لە سەری بکوترێ ئەمەیە کە: لە سەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی لە ماڵباتێکی دیندار لە شیراز لە دایک بوە، بە لاوەتی چۆتە بەغدا و پەرەی بە دەرس و خوێندن داوە و گەلێک گەڕاوە و گەلێک خەڵکی دیوە. لە نیوەکانی سەدەی حەوتەم لە سەردەمی دەستەڵاتداریی ئەبووبەکری ئیبنی سەعد گەڕاوەتەوە و ئاکامەکەی دوو دەستی پڕ و دەسکەوتێکی چڕ بوە: بووستان و گوڵستان.

سەعدی لای میر و دەستەڵاتدار و خەڵک ڕێزیی زۆری هەبوە و لە ڕا دەربڕین نەترس بوە و هەر ئەوە نیشان دەدا کە سەر بە دەربار و خەڵات و چاو لە دەستی پاروو و ملکەچی پارە نەبوە.

گوڵستان کۆمەڵە چیرۆک و حەکایەتێکە کە لە هەشت بەش پێکهاتوە و هەر بەشەی تەرخان کراوە بۆ مەبەستێک. حەکایەتەکانیش هەندێک کورت و هەندێک

درێژن و گەلێک جار بە شێعر نێواخن کراون.

لەم وەرگێڕانە دا هەوڵ دراوە سەبک و شێوازی خودی سەعدی (نثری مسجع) بە پێی توانا لە بەر چاو بگیرێ و ئەگەر بکرێ و دەست بدا شێعرەکانیش هەروەک خۆی بە شێعر تەرجومە بکردرێتەوە، بەڵام هەندێک حەکایەت و بەشێک لە شێعرەکان کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان بە چیرۆکەکە نەبوە یان کەمایەسیان نەخستۆتە سەر کاکڵ و مەبەست وەرنەگێڕدراوەنەتەوە.

لەم کارە ئیدەعایەک بۆ پێوێران بە زمانی تەڕ و پڕ و پاراوی سەعدی نیە، هەنگاو و هەوڵێکە بۆ ناساندن و نیشانی دانی دیمەنی بیر و جەهانبینیی ئەم پیرە کۆنەساڵە، کە هێشتاش لە پشت سەدەکانەوە دەنگی شیرینی دێ.

ستۆکهۆڵم. بەهاری ٢٠٠٣

# پێشەکی گوڵستان

شەوێک بیرم لە رابوردوو دەکردەوە و مخابنم بۆ تەمەنی بە با داو دەخوارد و بەردی خانووچکەی دڵم بە ئەڵماسی ئەسرین دەسمی... دیتم بەرژەوەندییم دەوە دایە کە لە کونجێک دانیشم و داوێنی قسە هەڵکێشم و قسەی پەرێشان لە دەفتەر دەراوێژم و لەوەبەدوا وشەی پەرێشان نەبێژم.

یەک لە دۆستان کە لە کەژاوەی ژیانم دا هاورێ و لە حوجرە نیشتەجێ بوو، هەروەک جاران وە ژوور کەوت و دەستی کرد بە گەمە و جەفەنگ و خۆ نواندن. من خۆم تێنەگەیاند و سەرم لە سەر ئەژنۆی عیبادەت هەڵنەگرت.

دڵێشاو سەیری کردم.

یەک لە نزیکەکانی من تێیگەیاند کە « فلانی تەمای گرتوە و لە سەری سوورە کە باقی ژیان گۆشەگیر دانیشێ و خامۆشیی هەڵبژێرێ، تۆش ئەگەر دەتوانی وە دوای کاری خۆت کەوە و لێی دوور بەوە! »

کوتی « سوێند بە خودا و بە دۆستایەتی کۆنمان دەم هەڵناپچڕم و هەنگاو هەڵناگرم مەگەر وەک زەمانی پێشوو زمان بکاتەوە کە ئازار دانی دۆستان جەهلە و کەفارەتی سوێند سەهل و دژی رێگای راستیی و شکانی رای زانایانە، زولفەقاری عەلی دە کالان نرابێ و زمانی سەعدی بەسترابێ. »

بە گشتی قەوەتی زمان گرتن لەوم نەبوو و روو لە دۆستایەتی وەرگێڕانم پێ پیاوەتی نەبوو کە یارێکی یەکدەنگ و یەکڕەنگ بوو.

چاری ناچار قسەم کرد و بە گەڕان دەرکەوتین. وەرزیش بەهار، کە هێرشی سەرما ئارامی گرتبوو و سەردەمی دەوڵەتی گوڵ گەیشتبوو.

شەو لە بێستانی یەک لە دۆستان کە ڕێمان تێکەوتبوو ماینەوە. شوێنێکی بژوێن و زەمەند و دارستانێکی زۆر و زەوەند.

بەیانی کە تەمای گەڕانەوەمان گرت. دیتم کۆشێکی گوڵ و ڕەیحان و سونبولی کۆ کردۆتەوە.

کوتم « گوڵی گوڵشەن هەروەکی دەزانی بەقایەک و سەردەمی گوڵزار وەفایەکی نیە و حەکیمان کوتوویانە: هەرچی زۆر نەکێشێ بۆ دڵ پێدان ناشێ!»

کوتی « چار چیە؟ »

کوتم « بۆ خۆشیی خوێنەران و حەسانەوەی حازران، دەتوانم کتێبی گوڵستان تەسنیف بکەم کە جەیشی زریان دەستی تالانی بۆ درێژ نەکا و گەڕی زەمان عەیشی بەهاریی لێنەکاتە ناخۆشیی خەزان. »

کە ئەوەم کوت داوێنی گوڵی بەرداوە و دەستەوداوێنم بوو کە « الکریم اذا وعد وفا». هەر ئەورۆژە بەشێکی نووسرا و بە گشتی گوڵی گوڵزار هێشتا نەژاکابوون کە کتێبی گوڵستان تەواو بوو.

سەعدی ـ ٦٥٦ کۆچی
(١٢٥٨ زایینی)

لە لوقمانیان پرسی « حیکمەت لە کێ فێر بووی؟ »
کوتی « لە کوێران، هەتا شوێنێک پێی لێنەکوتن، پێ داناگرن! »

# بەشی یەکەم

## سەبارەت بە سیرەتی پادشاکان

♦ ♦ ♦

بیستم:

پادشایەک بۆ کوشتنی دیلێک ئیشارەی دا. بێچارە لە حالی ناهومێدیی دا جوێنی بە پادشا دا و خراپەی کوت ـ چونکە کوتویانە: هەر کەس دەست لە گیان هەڵگرێ، چی دە دڵ دایە دەریدەبڕێ.

پادشا پرسی « چی دەڵێ؟ »

یەک لە وەزیرانی دڵپاکی شا کوتی « ئەی خاوەن هەر دەڵێ: والكاظمين الغيظ و العافين عن الناس. »*

پادشا ڕەحمی بە دڵ دا هات و لە خوێنی گوزەرا.

وەزیرێکی دی کە دژی ئەو بوو کوتی « ڕەگەزی ئێمە نابێ بە پاشایان جگە لە ڕاستی بێژن. ئەوە، جوێنی بە پادشا دا و خراپەی کوت. »

پادشا لەم وتەیە نێوچاوانی تێکنا و کوتی « درۆی ئەوم لا خۆشتر بوو لەم ڕاستییەی کە تۆ کوتت چونکە ڕووی ئەو لە خێرێک دابوو و ئەمە لە سەر شەڕە و زانایان کوتویانە: درۆیەکی ڕوو لە خێر باشترە لە ڕاستییەکی سەر بە شەڕ. »

شا دەگەڵ هەر کەس بکا راوێژێ　　　حەیفە ئەو جگە لە چاکە بێژێ

* ئایەی ١٢٩ سوورەی آل عمران

◆ ◆ ◆

یەکێک لە ئەمیرەکانی خوراسان، مەحموودی سەبوکتەکینی لە خەو دا وەها بینی کە « گشت لەشی داڕزابوو و ببوو بە خاک، جگە لە چاوەکانی کە هەروا زیت لە چاوخانە دا دەگەڕان و دەیانڕوانی. »

تەواوی زانایان لە لێکدانەوەی مانەوە مەگەر دەروێشێک هەڵیدایە و کوتی « هێشتا نیگەرانە کە ملْکی بە هیترانە. »

◆ ◆ ◆

بیستم پادشازادەیەک کورت و کرێت بوو، براکانی تر بەرز و تەرز. باوک بە سووک و چووکی دەڕوانی. کوڕ تێگەیشت و کوتی « بابە کورتی ژیر باشترە لە درێژی گێژ. نە ئەوەی بە باڵا بەرزتر و پڕتر بە قیمەت زۆرتر و پتر.

کێوی توور کورتە ئەگەر بڕوانی
کەچی لای خودا بەرزە مەکانی

کزێکی زانا بە زگزلی کوت
پیاو ئەوە نیە زل و گران بێ
ئەسپی عەرەبیی ئەگەر لەڕیش بێ
باشتر لە تەویلەیەک کەران بێ »

باوک بزەی هاتێ و وەزیران پەسەندیان کرد و براکانی زیز و زوێر بوون.

تا پیـــاو دەم و راویـژی نەچێـــژی
عـــەیب و هونەری چلۆن دەبیـــژی

بیـــســـتم پـادشـــا لـەو دەورە دوژمنێکی گـەورە رووی تێکرد. هـەر کـە قۆشـەنی دوو لا گەیشتنە یەک، یەکەم کـەس کە وە شـەڕگە کـەوت ئەم کوڕە بوو، کوتی:

« ئەو کەسە من نیم لە شەر دا تۆ ببینی پشتی من
هی منە دیتت ئەگەر کەوتوە لە سەر خاکا، سەرێ
شەڕفرۆش و پیاوی شەڕ کایە بە خوێنی خۆ دەکا
ئەو کەسەی راکا لە شەڕگە، وا بە خوێنی لەشکرێ »

ئەوەی کوت و لە سپای دوژمنی دا و چەند پیاوی بەکاری لێخستن.
کە هاتەوە لای باوکی، زەوی ماچ کرد و کوتی:

« ئەی ئەوەی منت بە کـــەم دانا
دڵ بە زل و زەلام مـــەبەســـتـــە
لە جەنگەی جەنگا ئەوەی پێویستە
ئەسپە تانجییە نە گای دابەستە »

دەگێڕنەوە کە سپای دوژمن گەلێک بوون و ئەوان هەندێک.
تاقمێک تەمای راکردنیان گرت، کوڕ هەرای کرد و کوتی « پیاوەکان تێبکۆشن هەتا جلی ژنان نەپۆشن! »
سوارەکان بە قسەی ئەو ورەیان پتر و پتەوتر بوو و تێگرا هورژمیان برد.
بیستم کە هەر ئەو رۆژە بە سەر دوژمن دا زاڵ بوون.

پادشـا سـەر و چاوی مـاچ کرد، باوەشـی پێداگـرت و ڕۆژبەڕۆژ زۆرتر سـەرنجی دەدایە هەتا کـردیە جـێگری خـۆی. بـراکان ئێـرەییـان پێبـرد و ژەهریان دە چێشت کرد. خوشکی لە بـاڵەخانەوە بینـی و تەقەی لە دەلاقـە هێنا. کـوڕ تێگەیشت و دەسـتی لـە خـواردن هەڵگرت و کـوتی « نـابێ هونەرمەند بمرێ و بێ هونەر جێگای بگرێ! »

گـەر ئاسـەواری هومـا نەمـێنێ
بۆ سێبەری کوند کێ پەنا دێنێ؟

باوکیـان لەم کەیـن و بەینە ئاگادار کرد. براکانی بانگ کرد و بە قـەرا تاوان سـزای دان. لـە ئاکـام بە هـەر کـام لـە دەورووبەری وڵات بەشـێکی شیاوی بۆ دیاری کردن هەتا شەڕ و هەڵلای خست، چونکە دە دەروێش لە سەر بەڕەیەک دەخەون و ناجمێن، دوو پادشا لە وڵاتێک ناحەجمێن.

لەتکە نانێک دەست بخـا پیـاوی خـوا
لەت وە دەروێشـێک دەدا و نیـوەی دەخـوا
گـەر وڵاتێک پادشـا داگـیـر بکا
هەست بە ویسـتی بسـتێ خاکی تر دەکا

◆ ◆ ◆

خێڵی دزانی عـەڕەب لە سـەر کێوێک نیشتـەجێ بوون و ڕێی کاروان بەستراو، خەڵکی شار لە شـەڕی ئەوان ترساو و لەشکری شا تێشکاو، چونکە لە ڕەوەزی بەرزی ترۆپکی کێو قەڵایان هەبوو و جێگە و پەنایان لێ ساز کردبوو.

لەولاوە دەمراستانی ولات بۆ بەرگری لە زەرری ئەوان را و تەگبیریان لێکداوە کە ئەگەر ئەم خێلە هەروا بچنە پێش لە پاشان بە هیچ چەشنێک ناتوانن بەریان بگرن.

لەسەر ئەوە پێکهاتن و کەسێکیان بۆ چاوەدێریی ئەوان هەلبژارد و هەستیان راگرت هەتا پەلاماری خەلکێکیان دا و شوێنەکەیان جێ هێشت. چەند پیاوی بە ئەزموون و ئازایان نارد هەتا لە شێوێک خۆ حەشار بدەن.

شەو کە دزەکان لە سەفەر بە تالانەوە گەرانەوە، چەکیان لە خۆ کردەوە و جل و دەسکەوتەکانیان دانا، یەکەم دوژمنێک کە پەلاماری دان خەو بوو.

کە شەو شەق بوو، مێرانی بوێر لە کەمین دەرپەرین و قۆلی یەک یەکیان بەست و بەیانی هێنایاننە خزمەت پادشا.

ئیشارەی بە کوشتنی هەموان دا.

بە هەلکەوت لاوێکیان دەگەل دابوو بەر و باری لاوەتی کرچ و کال و شینکەی گولستانی سەر روخساری تازە رواو.

یەک لە وەزیران بەر تەختی میری ماچ کرد و رووی لێبوردنی لە زەوی نا و کوتی « ئەم کورە هێشتا لە باغی ژین چێژی نەکردوە و لە گەنجێتی گەنجێکی دەست نەکەوتوە. دلاوایی و خووی شایەن لە شا دەوەشێتەوە کە بە لێبوردنی خوێنی مننەت لە سەر من دابنێ. »

میر لەم قسەیە نێوچاوانی تێکنا و دەگەل رای بەرزی یەک تەرز نەبوو و کوتی:

« شۆقی چاکان ناگرێ هەرکەس لە بنیاتا دزە
تەربیەت بۆ ناکەسان گوێزی خزی سەر گومبەزە

ڕەگــەزی ڕزیـوی ئەوان بنـەبڕ کـردن باشــتـر و ڕەگ و ڕەچەڵـەکـیّـان هەڵکەندن، چونکە ئاگر کووژاندنەوە و بزووت هێشـتنەوە، مـار کوشتن و بێچوو ڕاگرتن ئیشی زانایان نیە. »

وەزیر کە ئەم قسـەی بیست، بە نابەدڵی دانی پێداهێنا و ئافـەرینی بۆ ڕا و بڕوای شـا نارد و کوتی « ئەوەی کە میـر فەرمـووی تەواو ڕاسـتـە کە ئەگەر دەگەڵیان ماباوە خـووی ئەوانی دەگرت، بەڵام بەندە هیوا دارم کە بە قسـەی دڵپاکان تەربیەت بدرێ و خـووی زانایان بگرێ کە هێشـتا منداڵە و ڕەوشتـی دەسـتدرێژیی و سـەرکێشـی ئەو تاقمـە لە دەروونی دا جێگر نەبوە و لە حـەدیس دایە: هـەر منداڵێک کـە دەبێ لە زاتی دا موسـڵمـانە لە دوایی دایک و باوکی جوولەکە و فەلە و گاوری پێدەڵێن.*

ژنی لووت دەگـــەڵ نەیـاران ڕۆنیــــشت
پشت و پێـشـینەی نەهێـشت کـە ڕۆیشت
ســەگی ئەســحــابی کــەهف چەند ڕۆژێک
شوێن چاکان کەوت و گەیشتە بەهەشت »

ئەوەی کـوت و تاقـمێک لە کـاردارانی مـیـر بۆ لێخـۆش بوون دەگـەڵی هـاودەنگ بوون هـەتـا مـیـر دەسـتـی لە خـوێنی هـەڵگرت و کوتی « بـەخـشـیم ئەگەرچی بە بەرژەوەندم نەزانی.

بە گشـتـی کـوڕیان بە ناز و نیـعـمـەت هـەڵێنا و وەسـتـای ئەدیبـیـان بۆ تەربیەتی دانا هـەتا جـوانیی قسـە و وڵام دانەوە فێـر بوو و بە هـەموو داب و نەرێتی خزمەتی شـا ڕاهـات وەهـا کە لە بەر چاوی مەزنان پەسـەند کەوت.

وەزیر هـەندێک لە ئاکاری بۆ میر باس کرد کە « تەربیەتی ئاقڵان کاری تێکردوە و نەزانیی پێشوو دە زاتی دا نەماوە. »

میر بەم قسەیە بزەی هاتێ و کوتی:
« گــورگ هەر گــورگی لێ دێتــە بەرهەم
دەگـەڵ مـرۆڤـیش گـەر بێـتـە هاودەم »

دوو سـاڵ بـە سـەر ئەمـە دا تێـپـەڕی. تاقـمی چەتەی ناوچە لێی کۆ بوونەوە و پەیمانیـان دەگەڵ بەست هەتا لە هەلێک وەزیر و هەردوو کوڕی کـوشت و مـاڵێکی لە رادە بەدەری هەڵگرت و لە مـغـارەی دزان لە جـێی باوکی دانیشت و بوو بە یاغی.

میر ئەنگوستی حەسرەتی گەست و کوتی:
« شـەمشـیری چاک لە ئاسنی خراپ کەی ساز دەکا کەسێ
ناکـەس بە تەربیـەت ناگـا ئەی زانا، پێی نابێـتـە کـەس
ئاوی بارانە کـــە بووژێنەری هەمـــوو ســـروشـــتـــە
لە باغ گوڵ و گـوڵاڵـە دەڕوێ و لە شۆرەکات دڕک وخەس »

*ما من موکود الاوقد یولد علی الفطرة ثم ابوا یهودانه و ینصرانه و یمجسانه.

◆◆◆

سـەرهەنگزادەیەکم لە بارگای ئۆغلۆمـۆش بینی، ژیر و بە بیر، ئەقڵ و فــامــێکی پتــر لـە رادەی هەبوو. هەر لـە منداڵیـــیـــەوە مـــەزنایەتی بە نێوچاوانییەوە دیار بوو.
بە گـشـتـی مـیـر وەبەر دڵی هات کـە جـوانیی دەر و ژووری هەبوو و زانایان کـوتوویانە « توانایی بە هونەرە نەک بە مـاڵ، گـەورەیی بە ئـەقڵـە نەک بە ساڵ. »
هاوڕەگەزانی بە پلە و پایەی ئێرەییان برد و بە خیانەتێک تاوانباریان

کرد و بۆ بە کوشت دانی هەوڵی بێسوودیان دا.
دوژمن چی دێ لە دەست، کە پشتگرت بێ ئاواڵ و دۆست.
میر پرسی « هۆی دوژمنایەتی ئەوان بە تۆ چیە؟ »
کوتی « لە سایەی دەوڵەتی خاوەنم کە هەر درێژخایەن بێ! هەموویانم رازی کردوە جگە حەسوود کە رازی نیە و رەزا نادا مەگەر بە شکانی برەوی من و رووخانی بەخت و تەختی خونکار. »

دەتوانم کە دەروونی کەس ئازار نەدەم
چ بکەم لە حەسوود، خۆبەخۆ لە رەنجایە
بمرە تا رزگار بی ئەی حەسوود کەو رەنجە
بە مردنت نەبێ قەت کۆتایی نایە

گەر چەکچەکیلە بە رۆژ چاوی نیە
سەرچاوەی هەتاو تاوانی چیە
راستیەکەت دەوێ هەزار چاوی وا
کوێر بێ چاترە، تا هەتاو سیا

◆ ◆ ◆

لە پادشایەکی عەجەم دەگێڕنەوە کە دەستی بۆ سەر ماڵی رەعیەت درێژ و زوڵم و زۆریی زۆر کردبوو، هەتا رادەیەک کە خەڵک لە مەکر و ئاکاری وە گیان هاتن و لە تاوی شاڵاوی رۆیشتنە شوێنی تر. کە رەعیەت لە کەمی دا، وڵات تووشی نەهاتیی و نەهامەت هات و خەزێنە لە بۆشی دا و دوژمن تەوژمی هێنا.

هەرکەس دەیەوێ یاری هەبێ رۆژی هەرا
کاتی خۆشیی، دەبێ تێکۆشی لە بۆ بێ ئەنوا

گـــەر لە ژێردەست نەگـــری ڕێز، دەتۆرێ و دەڕوا
چاک بە! تـاکـــوو لە بێگانە ببی کـــاک و برا

جـارێـک لە کـۆڕی ئەو دا کـتـێـبـی شـانامـەیـان دەخـوێندەوە لـە سـەر فەوتانی دەوڵەتی زەحاک و دەوری فەرەیدوون.

وەزیر لە مـیـری پرسـی « دەکـرێ بزانین فـەرەیدوون کـە مـاڵ و حـاڵ و زەوی و زاری نەبوو بۆ چی وڵاتی پێدرا؟ »

کـوتی « هـەروەکـی کـە بیـستت هـۆزێک لاگری لێ کـۆ بۆوە، بـە هـێـزیان کرد و بە پاشایەتی گەیشت. »

کوتی « ئەی پادشا ئـەگەر کۆ بوونـەوەی خەڵک هۆی پاشایـەتییە، تۆ بۆ خەڵک دەتارێنی مەگەر ناتەوێ پادشا بمێنی؟»

دەبێ لەشکرت گەورە کەی بە گیان
کە پادشا بە لەشکر دەبێتە سوڵتان

میر کوتی « هۆی کۆ بوونەوەی سپا و ڕەعیەت چیە؟ »

کـوتی « دەستـاوەڵەیی پادشـا هـەتا لێی کـۆ بنەوە؛ دڵاوایی هـەتا لە پەنا دەولەت دا لە ئەمان دا بن و تۆ ئەو دوانەت نیە. »

زوڵم مەگرە پێش ئەگەر سوڵتانی
کەی ئیشی گورگە گاوان و شوانی
پادشـــا بناغـــەی زوڵم دابنێ
بنی دیواری مـــڵـکی دەکـــەنێ

پادشـا پەندی وەزیری دڵسـۆزی بـە دڵ نەبوو، نێـوچاوانی لەم قـسـەیە تێکنا و بۆ زیندانی نارد.

هێندەی پێ نەچوو کە پسـمـامـەکـانی سـوڵتـان ڕاپەڕین و داوای مڵکی

باوکیان کرد. تاقمێک کە لە دەستدرێژیی ئەو وە گیان هاتبوون و تۆرابوون لەوان کۆ بوونەوە و بە هێزیان کردن هەتا مڵک لە دەست ئەو هاتە دەر و کەوتە دەست ئەوان.

♦ ♦ ♦

پادشایەک دەگەڵ غوڵامێکی عەجەم سواری کەشتی بوون. غوڵام قەت دەریای نەبینیبوو و ناخۆشی کەشتی نەچێشتبوو، شین و شەپۆڕی دەست پێکرد و ئازای بەدەنی وەلەرزە کەوت. هەرچی دەیانلاواندەوە ژێر نەدەبۆوە و خۆشیی پادشای شێواندبوو. نەیاندەزانی چ بکەن.

پیتۆڵێک لەو پاپۆڕە دا بوو، بە پادشای کوت « ئەگەر ئیزن بدەی بە لەونێک بێدەنگی دەکەم. »

کوتی « جێی رێز و سپاسە. »

فەرمووی هەتا غولام دە دەریا باوێن. چەند جار نوقم بوو، پرچیان گرت و هەڵیانکێشاوە. توند دوو دەستی بە لێوار پاپۆڕ گرت. کە هاتەوە سەر لە سووچێک دانیشت و حەجمینی گرت.

پادشا پێی سەیر بوو و پرسی « حیکمەتی ئەوە چ بوو؟ »

کوتی « قەت چێژی خنکانی نەچێشتبوو و قەدری سلامەتی نێو پاپۆڕی نەدەزانی. »

هەروەها: قەدری سلامەتی کەسێ دەزانێ، کە تووشی بێ ئێش و برک و ژانێ.

ئەی تێر! چ ناخۆشە بە زارت ژەمی نان جۆ
دڵداری منە کیژێ کە زۆر ناحەزە لای تۆ

بۆ حۆری بەهەشت، دۆزەخە ئەعراف و جێگەی خەم
پێی جـەننەتە ئەعـراف، ئەوەی چۆتە جـەهەننەم

تۆفـــیـــری هەیە ئەوەی یاری دەباڵ دایە
دەگـەڵ ئەوەی چاوەڕوان و چاو لە دەرگـایە

♦ ♦ ♦

لە هورمز پرسیاریان کرد « چ هەڵەیەکت لە وەزیرانی باوکت دا بینی کە لە بەندت کردن؟ »

کوتی« هەڵەیەکم بەدی نەکرد بەڵام دیتم کە سامی من دە دڵیان دا بێ رادەیە و بڕوای تەواویان بە دەستەڵاتم نیە. ترسام لە تاو گیانی خۆیان تەمای کوشتنم بگرن، لە بەر ئەوە پەندی زانایانم رەچاو کرد کە دەڵێن: کەسێکی لێت دەترسێ لێی بترسە

ئەگـــەر مـــار بە قـــاچی شـــوانەوە دەدا
دەترسێ ســـــــەری بە لەش نەهێلێ
نەتدیوە کـــــتک کـــــە چارەی بڕا
چلۆن بە چنگی چاوان دەکـــــــۆڵێ

♦ ♦ ♦

میرێکی عەرەب لە پیریی دا نەخۆش کەوت و هیوای ژیانی بەردابوو کە سوارێک بە پڕتاو وەژوورکەوت و مزگێنی دا کە « فڵانە قەڵامان لە سایە سەری میر داگیر کرد و دوژمنانمان بە دیل گرت و سپا و رەعیەتی بە گشتی هاتنە ژێر فەرمان. »

میر هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا و کوتی « ئەو مزگێنیە بۆ من نیە

هی دوژمنانمه یانی میراتبەرانی وڵات. »

♦ ♦ ♦

له سەر گۆڕی یەحیا پەیامبەر له مزگەوتی جامعی دمشق چلەنشین بووم. میرێکی عەرەب که به بێبەزەیی ناوبانگی هەبوو به هەڵکەوت هاته زیارەت و دوعای کرد و ویستی خواست.

ئەوجار به منی کوت « لەوێرا کە هیمەتی دەروێشانه و داوایان ڕەوایه لام لێبکەنەوە که دوژمنێکی دژ مێشکی ژەنیوم. »

پێمکوت « بەزەیت به ڕەعیەتی لاواز دابێ هەتا له دوژمنی زل زەحمەت نەبینی. »

مـــرۆڤ چەشنی ئەندامگەلی یەکـتـــرن
له خــولّقــاندنیّ دا له یەک گــەوهەرن
کـــه ئازاری شـــوێنێک بدا ڕۆژگـــار
بەشـــانی دیکەی لەش دەبن بیّ قـــەرار
ئەگــەر تۆ له دەردی خــەڵک بیّ خــەمی
چەتوونە کـــــه ناوت بنێن ئادەمی

♦ ♦ ♦

دەروێشێکی دوعاگیرا له بەغدا سەری هەڵدا.
حەجاجی یۆسفیان ئاگادار کرد.
بانگی کرد و کوتی « دوعایەکی به خێرم بۆ بکه! »
کوتی « خودایه گیانی بستێنه! »
کوتی « بۆ خاتری خودا ئەمە چ دوعایەکه؟ »
کوتی « ئەمه دوعایەکی به خێره بۆ تۆ و هەموو موسڵمانان! »

ئـەی زۆرداری ژێـردەسـت ئـازار
رمـێنی تاکـەی دەمـێنێ بازار
بە چ کـارت دێ جـەهانداریی
مـردنت باشـتـر کـە زۆرکـاری

♦ ♦ ♦

میرێکی بێبەزە لە پیرێکی بە رەزای پرسی « لە عیبادەتەکان کامەیان باشترە؟ »

کوتی « بۆ تۆ خەوی نیوەڕۆ هەتا ئەو یەک دەمە خەڵک ئازار نەدەی! »

زاڵمـێکم دی نیـوەڕۆ خـەوتوە
کـوتم فـتنەیە، باشـترە نوسـتوە
کـەسێکی خـەوی بۆ گـەل باشـتر بێ
ئەمـەی نە ژینـە چاترە مـردوە

♦ ♦ ♦

لە میرێکم بیستەوە کە شەوێک بە خۆشی هەتا رۆژ رایبواردبوو و دوای مەستی هەر دەیکوت:

« عالەم بگەڕێی چ کەس نەبینی وەکوو من
بیرم نە لە لای چاک و خراپە و نە غەمن! »

دەروێشێکی رووت بە سەرما لە دەرێ خەوتبوو و کوتی:

« خـۆشبـەختی وەکـوو تۆ نیـە، هەر وێنەت نیـە
دامنا چ غەمت نیە، ئەدی هیچ غەمی مەت نیە؟ »

میر خۆشی هات. کیسەیەکی هەزار دیناریی لە دەلاقەوە بۆ هەڵداشت و کوتی « داوێنت بگرەوە ئەی دەروێش! »

کوتی « داوێن لە کوێ بێنم کە جلم نیە؟ »

میر پتر دڵی بە حاڵی شڕی سووتا و خەڵاتێکیشی لە سەر دانا و بۆی نارد.

دەروێش ئەو پارە و ماڵەی لە ماوەیەکی کەم دا خوارد و بە شێواویی دیسان گەڕاوە.

لە حاڵەتێک دا کە مەلەک بێواز بوو حاڵیان گێڕاوە. تووڕە بوو و نێوچاوانی تێکنا.

کوتی « ئەم گەدا گەدەزلە بێشەرمە کە ئەوەندە نێعمەتەی بەوەندە ماوەیە بەتاڵاند دەربکەن کە خەزێنەی بەیتولمال پارووی هەژارانە نەک خۆراکی اخوان الشیاطین. *

وەزیرێکی دڵسۆزی کوتی « ئەی خاوەن! وای بە بەرژەوەند دەزانم کە کەسی وا بژیوێکیان بۆ ببڕنەوە هەتا لە خەرج دا ئیسراف نەکەن. بەڵام ئەوەی کە فەرمووت: لە دەر کردن و مەنع، شیاوی حاڵی ئەربابی هیممەت نیە، کەسێک هیوادار کردن بە لوتف و لە پاشان دڵشکاندن و هیوابڕاو کردن. »

* ئیشارە بەم ئایەیە: ان المبذرین کانوا اخوان الشیاطین. (ئایەتی ٢٧ سوورەتی اسری)

◆ ◆ ◆

یەکێک لە پادشاکانی پێشوو لە بەڕێوەبردنی مەملەکەت دا سستیی کرد و لەشکری تووشی دەستەنگی. ناچار دوژمنێکی گران رووی تێکرد،

هەموو پشتیان تێکرد.

یەک لەوانەی کە غەدری کردبوو دۆستایەتی دەگەڵ من هەبوو.

لۆمەم کرد و کوتم « بەدزاتیی و بێ سپاسیی و سپڵەیی و هەق نەناسییە کە بە هەندێک حاڵ گۆڕان لە خاوەنی قەدیم وەرگەڕێی و هەقی نێعمەتی ئەو هەموو ساڵە لە ژێر پێ بنێی! »

کوتی « بەشکەم بە گەورەییت عوزرم قەبووڵ بکەی ئەگەر بڵێم کە لەم کاتە دا ئەسپەکەم بێ جۆ و ئارەقچنی زین لە گرەو دابوو. سوڵتان کە بە زێڕ لەچەریی دەگەڵ سپا بکا، دەگەڵی بە گیان جوامێریی ناکرێ. »

♦ ♦ ♦

وەزیرێک لە کار دەرکرا و رووی لە کۆڕی دەروێشان نا. بەرەکەتی قسەی ئەوان شوێنی لە سەر دانا و دڵحەساویی رووی لێنا.

پادشا دەگەڵی خۆش بۆوە و کاری پێسپارد.

قەبووڵی نەکرد و کوتی « لای زانایان، دەرکران باشترە لە کاری پڕ گران! »

پادشا کوتی « بێشک زانای کارزانمان دەوێ شایەنی وڵات! »

کوتی « ئەی پادشا! نیشانەی زانای کارزان ئەوەیە کە خۆ لە کاری وا نەدا! »

بە گوێرەشیان کوت « هاودەمیی شێرت چۆن دەست کەوت؟ »

کوتی « بەرماوی دەمی دەخۆم و لە شەڕی دوژمن لە پەنای هێرشی ئەو دەژیم! »

کوتیان « ئێستا کە کەوتوویە بەر پەنای حەمایەتی و شوکرانەی نێعمەتی دەبژێری، بۆچ نزیکتر ناکەویەوە هەتا لە ریزی نزیکانت دابنێ و

بەندەی موخلیس؟ »

کوتی « هێشتا لە شالاوی دڵنیا نیم! »

لەوانەیە نەدیمی حەزرەتی سوڵتان زێڕی دەست کەوێ، واشە کە سەری بەرکەوێ.

زانایان کوتوویانە: دەبێ خۆ لە تەبعی وازوازیی پادشایان بپارێزی، کە هەندێک جار بە سڵاوێک دەرەنجن و جارجار بە جوێنێک خەڵاتت دەکەن.

هەروەتر

خۆنواندنی زۆر هونەری نەدیمەکانە و عەیبی زانایان.

♦ ♦ ♦

یەک لە ئاواڵان سکاڵای رۆژگاری نالەباری لای من هێنا کە « گوزەرانم کەمە و زارۆک زۆر. تاقەتی باری سەرباریم نیە. زۆرجار بە دڵم دادێ کە بارگە بۆ وڵاتێکی دیکە بەرم. هەتا هەرجۆر کە گوزەرانم بێ کەس ئاگای لە چاکە و خراپەم نەبێ! کەچی دیسان لە پێ شاد بوونی دوژمن ئەندێش دەکەم کە نەکا لە پشت سەرم جوێن بدەن و پێبکەنن و هەوڵی من لە هەق خاو و خێزانم بە ناپیاوتی دابنێن و بڵێن: ئەو بێغیرەتە قەت نابینێ رووی بەختەوەریی/ خۆی خستە حەسانەوە و خێزان لە کوێرەوەریی.

جا لە عیلمی حیساب هەروەکی دەزانی هەندێک دەزانم، ئەگەر ئێوە بە پلە و پایەی خۆتان رێگایەکم نیشان بدەن هەتا خەیاڵم راحەت بێ، قەت لە ژێر ئەو ئەرکە نایمە دەر! »

کوتم « کاری دیوانی پادشا ئەی برا، دوو لایەنی هەیە. هیوا و ترس؛ یانی هیوای نان و ترسی گیان. ئەمەش دژی رای زانایانە، بەو هیوایە

داخوازی ئەو ترسە بی. کەس نایەتە ماڵە دەروێش کە هەستەی زەوی و زار بدە. »

کوتی « لە حاڵم نەگەیشتی و وڵامی پرسیارت هەڵنەدام. نەتبیستوە هەرکەس خەیانەت بکا، پشتی لە حیساب دەلەزێ. راستی هۆی رەزای خودایە/ کەس ون نابێ لە راستە رێیە.

« هەروەها زانایانیش دەڵێن: چوارکەس لە چوارکەس بە گیان دەرەنجن. رێگر لە سوڵتان، دز لە پاسەبان، زیناکار لە شۆفار و خەراباتی لە دارۆغە. ئەوەی کە حیسابی پاکە، لە حیساب دانەوە بێباکە! »

کوتم « حەکایەتی ئەو رێوییە شیاوی حاڵی تۆیە کە سەرسام و ئاگا لە خۆ بڕاویان بینی کە رادیدەکرد. کەسێک پرسی: چ بەڵایەکی لابەلا هاتوە کە وا دەترسی؟ کوتی: بیستوومە کە وشتر بە سوخرە دەگرن! کوتی: ئەی سەفی، وشتر چی بە تۆ داوە و چی وەک تۆ دەچێ؟ کوتی: بێدەنگ! ئەگەر حەسوود بە غەرەز بڵێن وشترە و گرفتار بم کێ غەمی رزگار کردنی منی هەیە؟ هەتا جۆیایی حاڵم بن و هەتا ترپاک لە عێراقەوە بگا، مارانگەستە دەمرێ.

تۆ بێشک فەزلت هەیە و دین و تەقوا و ئەمانەت، بەڵام حەسوود لە کەمین و مودەعی گۆشەنشین هەتا حوسنی سیرەتی تۆ بە پێچەوانە لە رەقەم بدەن. کە تووشی عیتابی خەتابی پادشاش بووی لەو حاڵە دا مەجالی دەم و دواندت دەبێ؟ کەوایە وای بە مەسلەحەت دەزانم کە مڵکی قەناعەت بپارێزی و تەرکی ریاسەت بکەی! »

ئاواڵ ئەم قسەیەی بیست و تێکچوو نێوچاوانی لە حەکایەتەکەم تێکنا و قسەی رەقی دەست پێکرد: کە ئەمە چ ئەقڵ و زانایی و فام و ئاوەزێکە؟ قەولی زانایان وە راست گەڕا کە کوتوویانە: دۆست لە زیندان دا دەردەکەوێ دەنا لە سەر سفرە هەموو دوژمنان دۆستن.

دۆست نیە ئەوکەسەی لە فەرعانە دا

لێـــــدەدا لافی دۆســـــتی و برایی

دۆست ئەوکەسەیە بگرێ دوو دەستت

لە لێقەومان و سەختیی و جیایی»

دیتم هەڵدەچێ و نەسیحەت بە غەرەز دەبیسێ، چوومە لای سەرۆک دیوانێک کە ناسیاویمان پێکەوە هەبوو و حاڵەکەم بەیان کرد و لێهاتوویی و کارامەییم باس کرد هەتا کارێکی چووکی بداتێ. ماوەیەک وا تێپەڕی و دڵپاکی و بیرچاکیان بینی و کاری لەمە تێپەڕی و لە پلەیەکی بەرزتریان دامەزراند. ئەستێرەی بەختی هەروا لە هەڵکشان دابوو هەتا گەیشتە تەشقی ئاوات و بوو بە یەک لە نزیکان و مشوورخوازان و جێ باوەڕانی حەزرەت. لە حاڵی خۆشی ئەو خۆشحاڵ بووم.

هەر لەو سەر و بەندە دا دەگەڵ تاقمێک دۆست سەفەرێک رێک کەوت. کە لە زیارەتی مەککە گەڕامەوە دوو مەنزڵ بەرەوپیرم هات. رواڵەتی حاڵیم دیت پەرێشان و بە شێوەی دەروێشان.

کوتم « ئەوە چ حاڵێکە؟ »

کوتی « هەر ئەوجۆرەی خۆت کوتت: تایفەیەک حەسوودیان پێبردم و خەیانەتیان خستە ئەستۆم و پادشا هەوڵی لێکدانەوەی راستی نەدا و کۆنە دۆستەکان و یارە گەرمەکانیش لە قسەی هەق خامۆش بوون و هاودەمیی کۆنیان فەرامۆش کرد. بە گشتی تووشی گەلێک بەڵا هاتم هەتا لەم حەفتە دا بە مزگێنی گەڕانەوەی حاجی لە بەند و کۆت رزگاری کردم و ملکی میراتی داگیر کردم. »

کوتم « ئەودەم رای منت نەگرت کە کوتم: عەمەلی پادشاکان وەک سەفەری دەریا پڕ مەترسی و پڕ قازانجە، یا دەستت دەکەوێ گەنج یا دەمری بە رەنج. »

بە مەسڵەحەتم نەزانی لەمە پتر بە لۆمە برینی دەروونی بکولێنمەوە و بە خوێ بیکزێنمەوە.

◆◆◆

مەلەکزادەیەک گەنجی زۆری لە باوک بە میرات پێگەیشت. دەستی کەرەمی کردەوە و خەڵاتی بەخشی و نێعمەتی مشەی بۆ قۆشەن و رەعیەت هەڵرشت.

هاودەمێکی نەژیر دەستی بە ئامۆژگاریی کرد کە « ملووکی پێشوو ئەو نێعمەتەیان بە هەوڵ هەڵچنی و بۆ مەسڵەحەتێکیان پێکەوە نا. دەست لەم کارە هەڵگرە کە تەنگانە لەبەرە و دوژمن لەو دەورووبەرە، نەکا کاتی حاجەت دامێنی. »

مەلەک رووی لەم قسەیە تێکنا و تێیخوڕی و کوتی « خودای تەعالا منی کردۆتە خاوەنی ئەو مەملەکەتە هەتا بخۆم و ببەخشم، نەک پاسەوان کە رایبگرم! »

قاروون فەوتا بە چل ماڵ گەنجەوە

نەوشیرەوان ما بە ناوبانگەوە

◆◆◆

دەگێڕنەوە:

بۆ ئەنەوشیروانی عادڵ لە راو نێچیرێکیان کەباب کرد و خوێ نەبوو. غوڵامێکیان ناردە دێ هەتا لەوێ خوێ بێنێ.

نەوشیروان کوتی « خوێ بە قیمەت بستێنە نەک بە قەوەت هەتا نەبێتە دابێک و دێ وێران نەبێ. »

کوتیان « بەم کەمە چ کەمایەسییەک دێتە دی؟ »

کوتی « بنیاتی زوڵم لە دونیا دا هەندێک بوو هەرکەس هات زێدەی کرد هەتا گەیشتە ئەم رادە. »

لە باغی رەعـــیـــەت شـــا بخـــوا ســـێـــوێ
دار هەڵدەکـــێـــشـن غـــولام لە ریشـــە
بۆ هێلکەیەک دەست ببـــا ســـوڵتـــان
لەشکر مـــریشک دەدەن لە شـــیـــشـــە

◆ ◆ ◆

بیستم، وەزیرێکی غافڵ خانووی رەعیەتی وێران دەکرد هەتا خەزێنەی سوڵتان ئاوەدان بکا. بێخەبەر لە قەولی زانایان کە کوتوویانە « هەرکەس خودای میری مەزن ئازار بدا هەتا دڵی کەسێک دەست بخا، خودا هەر ئەو خەڵکەی لە سەر دادەمەزرێنێ هەتا رەگ و رەچەڵەکی هەڵکێشن. »

دەڵێن: سەرووترین گیانلەبەر شێرە و هیچترین گیاندار کەر. جا، کەری بارەبەر چێترە لە شێری پیاودڕ.

گـــوێدرێژی هەژار کـــە بێ ئاوەزە
چونکە بارەبەرە دیســـــان بەڕێزە

هاتینەوە سەر حەکایەتی وەزیری غافڵ.

پادشـــا هەندێک لە ئاکـــاری خـــراپی ئەوی بۆ دەرکـــەوت. دە زەبری ئەشکەنجەی گرت و بە زەجر کوشتی.

دەگێڕنەوە:

یەکێک لە زۆرلێکراوەکان بە لای دا تێپەڕی. سەیری حاڵی شڕی کرد و کوتی

« هەرکــەس بە زۆری هێــز و دەســتــەڵات
مـــــاڵی هەژاران بخـــــوا و بفـــــڕێنێ
دەتوانی پێـــشــــەی زلیش قـــووت بدا
بـەڵام بەیـانـی قــــــــوونـی دەدڕێـنـێ »

◆ ◆ ◆

لە زۆرکـارێک دەگـێـڕنـەوە: بەردێکی لە سـەری سـاڵحـێک دا. دەروێش هەلی تۆڵەی نەبوو، بەردی دەمێک ڕاگرت هەتا سـەردەمێک پادشـا ڕقی لەو کەسـە هەڵگرت و دە ڕەشـچاڵی خست. دەروێش گەیشت و بەردی لە سـەر کوتا.

کوتی « تۆ کێی و ئەو بەردەت بۆ لێدام؟ »
کوتی « من فڵانم و ئەمە هەمان بەردە کە فڵانە ڕۆژ لە منت دا! »
کوتی « ئەو ماوە درێژە لە کوێ بووی؟ »
کوتی « بیرم لای دەسـتـەڵاتت بوو، ئێسـتـا دە بیرت دا دەبینم بۆیە بە هەلم زانی! »

◆ ◆ ◆

پادشـایەک مـەرەزێکی بە ئازاری گـرتبـوو کـە باس نەکـردنی چێـتـر. تایفەی حەکیمەکانی یوونان هاوڕا بوون کە ئەم دەردە دەوایەکی نیە جگە لە زراوی پیاوێک کە نیشانەکانی وەها و وەها بێ.

فەرمووی « بیدۆزنەوە! »
کوڕێکی گوندییان دۆزیوە بەو سفەتانەی کە حەکیمەکان کوتبوویان.

دایک و باوکی بانگ کردن و بە نێعمەتی لە رادە بەدەر رازی کردن و قازیی فتوای دا کە خوێنی رەعیەتێک رشتن بۆ سلامەتی پادشا رەوایە. جەللاد تەمای ئەوی گرت.

کورِ سەری بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و بزەیەکی کرد و ورتەیەک.

پادشا پرسی کە « ئەو پێکەنینە چ بوو لەم حاڵە دا؟ »

کوتی « منداڵ ناز دەبەنە لای دایک و باوک و کێشە دەبەنە لای قازیی و دادیان لە پادشا دەوێ؛ کەچی دایک و باوک لەبەر ماڵی دونیا رەزای خوێنیان دام و قازیی قەزای کوشتن و سوڵتان بەرژەوەندیی خۆی لە رشتنی خوێنی من دا دەبینێ، جگە لە خودای میری مەزن پەنایەک نادۆزمەوە! »

سوڵتان لەم قسەیە دڵی بووراوە و فرمێسک لە چاوی هەڵوەرین و کوتی « فەوتانی من باشترە لە رشتنی خوێنی بێتاوانێک! » سەر و چاوی ماچ کرد و باوشی پێداگرت و نێعمەتی مشەی پێبەخشی و ئازادی کرد.

دەگێرِنەوە هەر ئەو حەفتەیە سوڵتان چاک بۆوە.

◆◆◆

یەکێک لە بەندەکانی عومرۆلەیس رایکردبوو. وە شوێنی کەوتن و هێنایانەوە. وەزیر غەرەزێکی دەگەڵ هەبوو. ئیشارەی بە کوشتنی دا. فەرمووی « هەتا بەندەکانی دی وەها کارێک نەکەن! »

بەندە لە ئاست عومرۆلەیس بە زەوی داکەوت و کوتی « چونکە پەروەردەی خوانی ئەو خانەدانەم، ناخوازم لە قیامەت دا بە خوێنی من گرفتار بی. ئەگەر دەتەوێ ئەو بەندەیە بێگومان بکووژی بە پێی شەرع بمکووژە هەتا لە قیامەت دا لێپرسینەوەی هەقت لە سەر نەبێ. »

عومرۆ کوتی « لێکدانەوەکەی چلۆنە؟ »

کـوتی « ئیـزن بدەن هـەتا وەزیر بکووژم، بە قـەسـاسی خـوێنـی ئەو بفەرموو خوێنم برێژن هەتا بە هەق کوشتبێت! »

پادشـا پێکەنین گـرتـی و بە وەزیری کـوت « چۆنی بـە مـەسـڵـەحـەت دەزانی؟ »

کوتی « ئەی خوداوەندی جەهان، بۆ خاتری خودا، ئەو چاوجوانە لەبەر سەدەقـەی گۆڕی باوکت ئازاد بکە هەتا تووشی بەڵایەکی نەکردووم، خـەتا لە منەوەیە! »

♦ ♦ ♦

بیـسـتم یەکـێک لە مـیـرانی عـەرەب بە دەسـتـوپێـوەندەکـانی دەکـوت «مـەعاشـی فـڵانەکەس ئەوەندی کـە هـەیە، دووهـەندەی بکەن چونکە مـلازمی دەرگایە و چاوەڕوانی فـەرمان! بەڵام خزمـەتکارەکانی دیکە خـەریکی گـەمە و رابواردنن و خۆ لە بەڕێوەبردنی خزمەت دەبوێرن. »

خاوەندڵێک بیستی و هاوار و خرۆشێک دەروونی هارووژاند.

پرسیان « چیت دیت؟ »

کوتی « پلەی بەندەکان لە دەرگای خودای تەعالاش هەروایە! »

♦ ♦ ♦

لە زاڵمـێک دەگێـڕنەوە کە، ئیـزنگی دەکڕیەوە لـە هەژاران بە هـەرزان، دەیفرۆشتەوە بە دەوڵەمەندان بە گران.

خـاوەندڵێک بە لای دا تێپـەڕی و کوتی « ماری تۆ هـەرکەسێک دەبینی پێوەیدەدەی، یا کوندی لە هـەرکوێ هەڵدەنیشی تێکیدەدەی؟»

حاکم لە قسـەکەی دڵی ئێشا و رووی لە نەسیحـەتی تێکنا و ئیلتفاتی پێنەکرد. هـەتا شـەوێک ئاگـری مـدبەق دە ئـەنبـاری ئیـزنگ کـەوت و باقی

ملّک و ماڵیشی سووتاند و له تەختی نەرم خستیه سەر خۆڵەمێشی گەرم.
بە هەڵکەوت هەر ئەوکەسە بە لای دا تێپەڕی و دیتی کە بە دۆستەکانی دەڵێ « نازانم ئەو ئاگرە لە کوێوە دە ماڵە من کەوت؟ »
کوتی « لە کوانووی دڵی هەژارانەوە! »

♦ ♦ ♦

یەکێک لە سەنعەتی کوشتی دا بەناوبانگ بوو. سێسەد و شێست فەننی دەزانی و هەر رۆژەی بە لەونێک لەوان کوشتی پێدەگرت. گۆشەی خاتری مەیلی کەوتبوو سەر یەک لە شاگردانی بە جەمالی. سێسەد و پەنجا و نۆ فەننی فێر کرد مەگەر فەننێک کە وە پاشی دەدا و ئەمرۆ و سبەی پێدەکرد.
بە گشتی، کوڕ لە قەوەت و سەنعەت ناوی دەرکرد و کەس لە زەمانی ئەو دا توانای خۆراگریی نەبوو، هەتا وای لێهات کە لای پادشای سەردەم کوتبووی « رێزی وەستاکەم لە بەر گەورەیی و هەقی تەربیەتە دەنا بە قەوەت لەو کەمتر نیم و بە سەنعەت بەرابەرم. »
پادشا ئەو قسەی لەبەر گران هات. فەرمووی هەتا کوشتی بگرن.
شوێنێکی بەربلاویان تەرتیب دا و کاربەدەستانی دەوڵەت و ئەعیانی حەزرەت و پاڵەوانانی وڵات حازر بوون.
کوڕ وەک فیلی مەست وە مەیدان کەوت بە هەیبەتێک کە ئەگەر کێوی بەرز با لە عەرزی هەڵدەکەند. وەستا زانی کە لاو لەو بە قەوەتترە. بەو فەننە غەریبەی کە لەوی شاردبۆوە، زۆرەبانی دەگەڵ گرت. کوڕ دژفەننەکەی نەدەزانی و چی پێنەکرا. وەستا لە سەر دوو دەست بەرزی کردەوە و بە عەرزی دادا. هەرا لە خەڵک بەرز بۆوە. پادشا فەرمووی خەلات و نێعمەت بدەن بە وەستا و تیر و تانەی لە کوڕ دا کە « دەگەڵ

پەروەردەی خۆت داوای بەربەرەکانییت کرد و دەرەقەتی نەهاتی؟ »

کوتی « ئەی پادشـای سـەر رووی زەوی! بە زۆر و هێـز بە مـن نەوێرا بەڵکەم لە عیلمی کوشتی فەننێکم مابوو کە لێی شاردبوومەوە، ئەمرۆ بەو فەننە بە سەرم دا زاڵ بوو. »

کوتی « بۆ وەها رۆژێک! کە زانایان کوتوویانە: ئەوەندە قەوەت مەدە بە دۆست کە ئەگەر دوژمنایەتی بکا، بتوانێ.

نەتبیستوە چی کوتوە ئەوکەسەی کە لە پەروەردەی خۆی جەفای دیت:

یا وەفـا نەبوە لە عـالەم دا/ یا کـەس نەیکردوە لە زەمـانە

کەس لێم فێر نەبوو تیر ئاویتن/ کـە ئاکام خۆم نەکا نیشانە»

◆◆◆

دەروێشـێکی تەنیا لـە سووچی سارایـەک دانیشـتبوو. پادشـایەک بە پەنای دا تێپەڕی. دەروێش لەبەر ئەوەیکە لە مڵکی قەناعەت ئازادە، سەری هەڵنەهێنا و سـەرنجی نەدایە. سوڵتـان لەبەر ئەوەیکە مەستی دەسـتەڵاتە تووڕە بوو.

کوتی « هۆزی دەروێشان وەک حەیوانن کە خووی بەشەریان نیە! »

وەزیر هاتە لای و کوتی « ئەی جوامێر! سـوڵتانی سـەر رووی زەوی بە لات دا تێپەڕی بۆ خزمەتێکت نەکرد و شـەرتی ئەدەبت بە جێ نەهێنا؟ »

کوتی « بە سـوڵتـان بڵێ: چاوەڕوانیی خـزمـەتت لە کەسـێک هەبێ کە چاو لە دەسـتی تۆیـە! ئەوجـار تێبگە کە: ملووک بۆ پـاس گرتنی رەعیـەتن نەک رەعیەت بۆ تاعەتی ملووک! »

پادشا قسەی دەروێشی بە دڵ بوو کوتی « شتێکم داوا لێبکە! »

کوتی « دەمەوێ کە جاری دیکە زەحمەتم نەدەی! »

کوتی « نەسیحەتێکم بکە! »

کوتی « تێبگە ئێستا کە نێعمەتت کەوتۆتە دەست/ ئەو دەوڵەت و مڵکە دەڕوا دەست بە دەست! »

♦ ♦ ♦

وەزیرێک چوو لای زولنوونی میسریی و هیممەتی لێخواست کە « ڕۆژ و شەو خەریکی خزمەتی سوڵتانم و بە خێری هیوادار کەچی دیسانیش لە ئاقیبەتی ترساو!»

زولنوون گریا و کوتی « ئەگەر من خودای گەورەم وەها پەرستبا کە تۆ سوڵتان، لە ریزی سەدیقان دا دەبووم! »

♦ ♦ ♦

پادشایەک بۆ کوشتنی بێگوناهێک فەرمانی دا.

کوتی « ئەی مەلەک! لەبەر رقێک کە لە منت هەڵگرتوە، خۆت تووشی ئازار مەکە! کە ئەم ئاقیبەتە بە پشوویەک لە من دەردەچێ و تاوانەکەی هەتاهەتایە دەمێنێ. »

مەلەک ئەو نەسیحەتە کاری تێکرد و لە خوێنی تێپەڕی.

♦ ♦ ♦

وەزیرەکانی نەوشیرەوان لە کارێکی گرینگ بۆ بەرژەوەندیی وڵات بیریان دەکردەوە و هەرکام رایەکیان دەردەبڕی و پادشاش چارەیەکی راگەیاند. بوزورگمێر رای پادشای هەڵبژارد.

وەزیرەکان بە نهێنی کوتیان « چ زێدەیەکت لە رای پادشا دا دیت لە سەر رای چەند زانا؟ »

کوتی « لەبەر ئەوە کە ئاکامی کار دیار نیە و رای گشت لە گرەو ئەوە

دایە کـە راست دەرچێ یـا هـەڵە. کـەوایە هـاوڕا بـوون دەگـەڵ رای پادشـا سـەرووتـرە چونکە ئـەگـەر نـاڕاست دەرچێ لـەبـەر پـەیڕەویی لـەو، لـە ئاکامەکەی لە ئەمان دادەبم.

ئەگـەر رای تۆ دژی بڕوای سـولّتـانە
بڕۆ دەسـتت لە خـوێنی خـۆ بشـۆرە
ئەگەر رۆژ بوو کوتی ئێستا شەوە و تار
دەبێ بێـژی هەها مـانگ و هەسـێـرە

♦ ♦ ♦

فێڵەبازێک پرچەکانی هۆنیوە کە یانی « عەلەوییم ». دەگەڵ کاروانی حیجاز وە شار کەوت کە ئەوە « لە حەج دێمەوە » قەسیدەیەکیشی بۆ پادشا برد کە « خۆم کوتوومە. »

میـر رێزێکی زۆری گـرت . یەک لە پاکـارانی حـەزرەتی مـیر کـە لە سەفەری دەریا هاتبۆوە کوتی کە « من لە جەژنی اضحی ئەوم لە بەسرە دیوە چلۆن دەبێتە حاجی! »

یەکی دی کوتی « باوکی فەلە بوە لە ملطیە چۆن دەبێتە کوڕە سەید! » و شێعرەکەشیان لە دیوانی ئەنوەری دا دیتەوە.

میـر فـەرمـووی هـەتـا « تێـیـهـەڵدەن با بزانین بۆ چەند درۆی پێکەوە کردوە. »

کوتی « ئەی خودای سەر زەوی قسەیەکی دیکەت لە خزمەت دا بکەم ئەگەر راست نەبوو شایەنی هەر سزایەکم کە بفەرمووی. »

کوتی « بێژە با بژنەوین! »

کوتی

« ئەگەر ماست بە دیاری بهێنێ غەریب
دوو پەیمانە ئاوە و کەمووچکێک لە دۆ
قسێکە ببووورە و لە مەن بژنەوە
گەڕیدە گەلێک زۆر دەبێژن درۆ »

میر پێکەنی و کوتی « لەمە راستترت لە ژیانت دا نەکوتوە » فەرمووی هەتا « ئەوەی ئارەزوویەتی بۆی وەدی بێنن با بە خۆشیی بڕوا. »

♦ ♦ ♦

یەکێک لە کوڕەکانی هاروونەررەشید تووڕە هاتە لای باوکی و کوتی «فلانە کوڕە سەرهەنگ جوێنی پێداوم! »

هاروون لە کاربەدەستانی دەوڵەتی پرسی « سزای وەها کەسێک چیە؟»

یەکێک هێمای بە کوشتن کرد و ئەویتر بە زمان بڕین و یەکی دی بە تووڕ دان و وەدەرنان.

هاروون کوتی « رۆڵە واباشە لێی خۆش بی و ئەگەریش ناتوانی تۆش جوێنی پێبدە بەڵام نە پتر کە لە حەد تێپەڕێ دەنا ئەودەم زوڵم لە لایەن تۆوە دەبێ و سکاڵا لە لایەن دوژمنەوە. »

لە لای زانا نە پیاوە ئەو کەسەی وا
بە فیلێکی زەلام و زل بوەستێ
کەسێک پیاوە بە ئەقڵ و ئاوەزی خۆی
بە قەلسی زوو بەری زاری ببەستێ

♦ ♦ ♦

دەگەڵ تاقمێک ماقووڵ لە کەشتی دابووین. لۆتکەیەک لە دوای ئێمە نوقم بوو و دوو برا لە گێژاوێک کەوتن.

یەک لە گەورەپیاوان بە کەشتیوانی کوت « ئەم دوانە بگرەوە! کە بۆ هەرکام پەنجا دینارت دەدەمێ. »

کەشتیوان خۆی بە ئاو دادا و هەتا یەکیانی رزگار کرد، ئەوی دیکە خنکا.

کوتم « مەودای عەمری نەمابوو، بۆیە لە گرتنەوەی دا درەنگی کرد و لەوی دیکە پەلە! »

کەشتیوان پێکەنی و کوتی « ئەوەی تۆ کوتت یەقینە و ئەویتر مەیلی دڵ بۆ رزگار کردنی ئەمە پتر بوو. چونکە لە بیابانێک مابوومەوە و منی سواری وشتر کرد و لە دەست ئەوی دی بە منداڵی قەمچییەکم وێکەوتبوو.»

هەتا دەتوانی کەس مەرەنجێنە
کە پڕ لە دڕکە ئەم رێگا و بانە
دەستی دەروێشی بێ ئەنوا بگرە
کە دەستت بگرن رۆژی تەنگانە

◆◆◆

دوو برا، یەکیان خزمەتی سوڵتانی دەکرد و ئەویتر بە هێزی باهۆ نانی دەخوارد.

جارێک دەوڵەمەند بە دەروێشی کوت « بۆ خزمەت ناکەی هەتا لە رەنجی کار رزگار بی؟ »

کوتی « تۆ بۆ کار ناکەی هەتا لە زیللەتی خزمەت دەرباز بی؟ »

کە زانایان کوتوویانە « نانی خۆ خواردن و دانیشتن باشترە لە

کەمەری زێڕین بە خزمەت بەستن. »

بە دەست ئاسنی داغ کــردن هەویر
باشتر، لە دەستەونەزەر لای ئەمیر

ژینی بە بایخ بەوە تێـــــپــــەڕ کــــرا
چ بخــــۆم بە هاوین و چ پۆشم زمــــا
ئـەی زگـی نـەوسـن وەرە هـەڵـکە بـە نـان
تاکــوو بە خــزمــەت نەبێ پشــتت دوو لا

◆ ◆ ◆

کەسێک مزگێنی بۆ ئەنەوشیروانی دادگەر هێنا، کوتی « بیستوومە کە خودای میری مەزن فلانە دوژمنی هەڵگرتی! »

کوتی « هیچ بیستووتە لە من تێپەڕێ؟ »

دڵت خۆش مەکە ئەگەر دوژمن مرد        هەربینا خودا گیانی مەشی برد

◆ ◆ ◆

تاقمێک لە زانایان لە بارەگای کەسرا کۆ ببوونەوە و لە سەر خێرێک راوێژیان دەکرد و بوزرگمێر کە مەزنی ئەوان بوو بێدەنگ.

کوتیان « بۆ لە سەر ئەم باسە قسەیەک ناکەی؟ »

کــوتی « وەزیران وەک بزیشکان وان و بزیشک دەرمــان بە جگە لە نەخۆش نادا، کە دەبینم بڕوای ئێوە لە سەر خێرە قسە کردنی زێدەی من زانایانە نیە. »

ئەگــەر کــارێک بــە بێ من دێتــە ئاکــام

قـــــەی زێدە نە چاری کـــاری پێـــیـــە
کــە دیتم چاڵ لە ســەر ڕێی کــوێر کــراوە
گـــوناهە گـــەر نـــەبێـــژم کـــامـــە ڕێیـــە

♦ ♦ ♦

هارونەرەشید کاتێک ملکی ولاتی میسری لێ موسەللەم بوو کوتی « بە پێچەوانەی ئەو تاغییە کە بە ملکی میسر بایی بوو و داوای خودایەتی کرد، ئەم مەملەکەتە نابەخشم مەگەر بە رەزیلترین بەندەکان. »

قولەڕەشێکی هەبوو بە ناوی خەسیب لەوپەڕی جەهل دا، ملکی میسری پێبەخشی.

دەگێڕنەوە: ئەقڵ و تێگەیشتوویی وەها بوو کە تاقمێک جووتێری میسر سکالایان بۆ هێنا « لۆکەمان داچاند و بارانی لە نەکاو هات و هەمووی فەوتاند. » کوتی « دەبا پەشمتان چاندبا. »

♦ ♦ ♦

پادشایەک، کەنیزێکی چینییان بۆ هێنا. دەیەویست بە مەستی دەستی دەگەڵ تێکەڵ بکا. کەنیز خۆی وە دەستەوە نەدەدا. پادشا قەڵس بوو و بە قولێکی بەخشی کە لێوی سەرووی لە پەڕەی لووتی تێپەڕیبوو و هی خوارووی لە بەرۆکی داچۆڕابوو. قەلافەتێک کە صخرالجن لێی دەسلەمی و عین القطر لە بن هەنگڵی دەگەنی.

دەگێڕنەوە: لەو دەمە دا رەش، نەفسی داخواز بوو و شەهوەتی زاڵ. مەیلی بزووت و بنی هەڵگرت.

بەیانی کە پادشا لە کەنیز گەڕا و نەیدەدیتەوە، حەکایەتەکەیان گێڕاوە.

تووڕە بوو فـەرمـووی هـەتا رەش و کـەنیـز لێک بەستن و لە سـەربانی کۆشک دە بنی خەندەکیان باوێن.

یەک لە وەزیرانی دڵپاک رووی شـەفاعـەتی لە زەوی نا و کوتی « رەشـی بەسـتـەزمـان لەوە دا خـەتایەکی وەهـای نیـە چونکە گـشت بەندەکـان و خزمەتکارەکان بە لوتفت راهاتوون! »

کوتی « ئەگەر شەوێک خۆی لێنەدابا چ دەبوو؟ من پتر لە نرخی کەنیز خەڵاتم دەکرد! »

کوتی « ئەی خودای سەر روی زەوی! نەتبیستوە؟

« تینـووی تاوەنگاز بگاتە کـانی
ناسڵـەمێتـەوە لە گـورگ و حـەیوان
کـافـری برسی لە سـەر خـوانی نان
چ پێی گـرینگە مـانگی رەمـەزان »

پادشـا ئەو نوکتـەی بە دڵ بوو و کـوتی « نووکە رەشم بە تۆ بـەخشی. کەنیز چ لێبکەم؟ »

کوتی « کەنیـزیش بە رەش ببـەخشە، کە بەرمـاوەکەشی، هـەر بە خـۆی دەشی. »

♦ ♦ ♦

لە ئەسکەندەری رۆمیـیـان پرسی « وڵاتـی رۆژهـەڵات و رۆژاوات بە چی گـرت کە پادشـایانـی پێشـوو خـەزێنە و تەمـەن و قـۆشـەنـی لەوەش پتریان هـەبوو و سـەرکەوتنی وەهـایان نەبوو؟ »

کوتی « بە یاریی خـودای گـەورە هـەر وڵاتێکی کـە گـرتم رەعیـەتم ئازار نەدا و ناوی پادشاکانم بە خراپ نەبرد. »

گەورەی ناژمێرن تاقمی زانا    گەر ناوی گەوران بە ناحەز بیا

# بەشی دووهەم

## سەبارەت بە ئەخلاقی دەروێشان

◆◆◆

گەورەیەک پرسی لە پارسایەک « لە هەق فلانە زاهید دا دەڵێی چی، کە خەڵک بە لاتاو گەلێک باسی دەکەن؟ »

کوتی « لە رواڵەتی عەیب نابینم و لە دەروونی غەیب نازانم! »

◆◆◆

دەروێشێکم بینی سەری لە ئاستانی کابە هەڵدەسوو و دەیکوت « یا غەفوور و یا رەحیم، تۆ دەزانی کە زۆرزاڵمی زۆرنەزان چی لێدەقەومێ. زاهید پاداشی تاعەتی دەوێ و بازرگان سوودی شمەک، منی بەندە هیوام هێناوە نەک تاعەت، بۆ گەدایی هاتووم نەک تەجارەت! »

◆◆◆

دزێک وە ماڵە زاهیدێک کەوت. هەرچی گەڕا چی پێنەبڕا. دڵتەنگ بوو. زاهید هەستا. بەڕەیەک کە لە سەری خەوتبوو، خستیە سەر ڕێی دز هەتا مەحرووم نەبێ.

دۆستایەتی ئەهلی سەفا، چ بەرەوڕوو و چ پاشەسەر، نە وەهایە لە پاش عەیبت بگرن و لە پێشەوە بۆت بمرن.

بەرەوڕوو وەکوو مەڕ/ پاشەسەر گورگی دڕ

هەرکەس لە عەیبی کەسیتر دوا
بێشک عەیبی تۆش بۆ کەسێک دەبا

♦♦♦

عەبدولقادری گەیلانیان بینی لە حەرەمی کەعبە رووی بە رەڵمەوە ناوبوو و دەیکوت « خودایە بمبەخشە و ئەگەر شیاوی سزا دانم، لە رۆژی قیامەت دا بە کوێریی هەڵمستێنەوە هەتا شەرمەزاری رووی پیاوچاکان نەبم. »

♦♦♦

چەند رێبواری سالک هاورێی سیاحەت بوون و شەریکی رەنج و راحەت. ویستم هەتا هاوڕێیەتییان بکەم رەزایان نەدا.

کوتم « روو لە هاودەمیی هەژاران وەرگێڕان و بەرگری لە فایدە و بەرەکەت گرتن، ئەمە لە جوامێریی مێران بە دوورە! چونکە من لە زاتی خۆم دا ئەم هێز و وزەیە دەناسم کە لە خزمەت پیاوان دا شاتر بم نەک باری خاتر! »

یەک لەوان کوتی « لەم قسەیەی کە بیستت دڵتەنگ مەبە. لەم رۆژانە دا دزێک وەک دەروێشان هات و خۆی خستە ریزی ئێمەوە. لەبەر ساویلکەیی دەروێشان، گومانی زێدەمان نەبرد و کردمانە یاری خۆمان.

« رۆژێک هەتا شەو رێمان بڕی و لە بەر قەڵا خەوتبووین کە دزی بێ تۆفیق ئافتاوەی رەفیقی هەڵگرت کە « بۆ دەستاو دەچم! » و بۆ تالاّن دەچوو.

« کە لە بەر چاوی دەروێشەکان ون بوو، چوو بورج و دورجێکی دزی. هەتا رۆژ رووناک بوو، ئەو تاریکە گەلێک دوور کەوتبوو و رەفیقەکان

بێـتـاوان خـەوتـوو. بەیانی هەمـووییان بردنە قـەڵا و لێیـانـدان و دە بەندیان کردن. لەم کـاتەوە تەرکی قسـەمـان کرد و دوورەپەرێزییـمـان رەچاو کرد والسلامە فی الواحدة! »

کـوتم « سـپـاس و مننەت بۆ خـودای مـیـری مـەزن، کـە لـە بەرەکـەتی دەروێشـان مـەحـرووم نەبووم، هەرچەند بـە رواڵەت لە هاودەمـیی بێـبـەریی کـرام، بەڵام بەم حـەکـایەتەی کـە کـوتت فـایدەم وەرگرت و هـی وەکی من هەموو عومر ئەم نەسیحەتەی بە کار دێ. »

یەک بێ ئەدەب بۆ کـۆڕێک بەسە
تێگرا بڕەنجن لەو تاقـە کـەسـە
گۆلاوێک پڕ کەن لە عەتر و گولاو
سـەگـێک تێکەوێ دەیکاتە گـلاو

◆ ◆ ◆

زاهیـدێک مـیـوانـی پادشـایەک بوو. کـە چوونە سـەر خـوان، کەمـتـر لە ویسـتی خـوارد و کـاتێک بۆ نوێژ هەسـتـان پـتر لە پـیـویسـتی کـرد، هەتا هەستی چاکەی لە هەق زێدە بێ.

کە گەیشتەوە شوێنی خۆی، خوانی خواست هەتا نان بخوا.
کورێکی ژێری بوو کوتی « باوکە! لە کۆڕی سوڵتان تەعامت نەخوارد؟»
کوتی « شتێکی وام نەخوارد لەبەر چاویان بە کار بێ! »
کوتی « نوێژیش بە قەزا بگێڕەوە کە شتێکت نەکرد بە کار بێ! »

هونەر لە سەر دەست، عەیب لە سەر کۆش
چ دەکـــــڕێ بکڕێ بـە زێڕی خـــــەوش

◆ ◆ ◆

لە بیـرمـە کـە سـەردەمی منداڵەتی عیـبـادەتکار بووم و شـەونـخـوون و

تامەزرۆی زەهد و تەقوا.

شەوێک لە خزمەتی باوک دانیشتبووم. سەرانسەری شەو دیدەم وێکنەنابوو و قورئانی ئازیز لە سەر کۆش و تایفەیەک لە دەوروبەرمان خەوتوو. بە باوکم کوت « یەک لەوان سەر هەڵناهێنێ هەتا نوێژی دوانە بەجێ بێنێ. وەها خەوی غەفلەت هەڵێگرتوون، کە دەڵێی نەخەوتوون، مردوون! »

کوتی « گیانی بابە! تۆش ئەگەر بخەوی باشترە لەوەی دە کەوڵی خەڵک بکەوی! »

♦ ♦ ♦

یەک لە گەورەکان لە کۆڕێک زۆریان پێهەڵکوت و زێدە لە ئاکاری باشی دوان.

سەری هەڵێنا و کوتی « من ئەوکەسەم، کە من دەیناسم! »

لە رواڵەت دا لەبەر چاوی خەڵک زۆر بەرزە جێگام
لە پیسایی دەروونم، من سەری شەرمم لە خوارە
هەموو عالەم لە رەنگ و نەقشی تاوس واقی وڕما
کەچی خۆی شەرمەزاری پێی کرێت و نالەبارە

♦ ♦ ♦

یەک لە ساڵحانی لوبنان کە پلە و پایەی لە دیاری عەرەب دیار و کەراماتی بە کار، چوو مزگەوتی جامعی دیمشق و لە سەر لێواری حەوز دەسنوێژی هەڵدەگرت. پێی خزی و دە حەوز کەوت و بە زەحمەت رزگاریی هات.

کاتێک نوێژ تەواو بوو، یەک لە ئەسحاب کوتی « من مەسەلەیەکم هەیە ئەگەر ئیزنی پرسین هەیە؟ »

کوتی « چیە؟ »

کوتی « له بیرمه شێخ به سەر دەریای مەغرب دا ڕۆیشت و پێی تەڕ نەبوو، ئەمڕۆ چ بوو کە لەم باڵا ئاوە دا چی وای بۆ خنکان نەمابوو؟ »

شێخ چوە نێو فکرەوە و دوای ماوەیەک رامان سەری هەڵێنا و کوتی «نەتبیستوە کە سەروەری عالەم کوتی: دەگەڵ خودا کاتی وامان هەیە کە فریشتەیەک دەرگا و هیچ نەبییەک ڕێی تێناکەوێ. و نەیکوت: علی الدوام؟ وەختی وابوو بە جبرەییل و میکاییل رانەدەگەیشت و وەختی دیکەش دەگەڵ حەفسە و زەینەب خۆش رایدەبوارد. »

◆◆◆

شەوێک لە بیابانی مەککە لەبەر بێخەویی پێی رۆیینم نەمابوو؛ سەرم دانا و بە قەتارچیم کوت « واز لە من بێنە! »

کوتی « برا! حەرەم لە پێش و حەرامیی لە پاش. ئەگەر برۆی، سەرکەوتووی. ئەگەر بخەوی مردووی! »

خۆشە لە ڕێ دا خەوتن و وچان
ڕێگر لە کەمین و دەڕوا کاروان

◆◆◆

زاهیدێکم بینی لە بەستێنی دەریا، پڵینگ برینی لێدابوو و بە هیچ دەرمانێک خۆش نەدەبۆوە. درێژماوەیەک پێوەی نەخۆش بوو و پەیتاپەیتا شوکری خودای دەکرد.

پرسیان « شوکری چی دەکەی؟ »

کوتی « شوکری ئەمە کە تووشی بەڵا بووم نەک گوناه! »

◆◆◆

دەروێشێک حاجەتێکی بۆ هاتە پێش، بەڕەیەکی لە ماڵە یارێکی دزی.

حاکم فەرمووی دەستی ببڕن.
خاوەن بەرە شەفاعەتی کرد کە « من حەڵاڵم کرد! »
کوتی « بە شەفاعەتی تۆ حەددی شەرع وەلانانێم! »
کوتی « ئەوەی فەرمووت راستە بەڵام هەرکەس لە ماڵی وەقف شتێک بدزێ، بڕینی پێویست نیە. الفقیر لایملک. هەرچی هی دەروێشانە وەقفی موحتاجانە! »
حاکم دەستی لێهەڵگرت و خەریکی لۆمە کردنی بوو کە « دونیات لێ تەنگ بوو دزیت نەکرد ئیللا لە ماڵە وەها یارێک؟»
کوتی « نەتبیستوە کە دەڵێن: ماڵە دۆست راماڵە و لەبەر دوژمن مەناڵە؟ »

♦ ♦ ♦

پادشایەک زاهیدێکی بینی. کوتی « هیچ یادمان دەکەی؟ »
کوتی « ئادی، وەختایەک خودا لە یاد دەکەم! »

♦ ♦ ♦

ساڵحێک لە خەونی دا پادشایەکی لە بەهەشت بینی و پارسایەکی لە دۆزەخ.
پرسی کە « هۆی ئەم دەرەجە و دەرەکە چیە؟ کە خەڵک بە پێچەوانە بڕوایان هەبوە. »
دەنگی غەیب هات کە « ئەم پادشایە لەبەر لاگریی دەروێشان چۆتە بەهەشت و ئەم پارسایە لەبەر نزیکیی لە پادشایان چۆتە دۆزەخ! »

♦ ♦ ♦

پادشایەک عابدێکی تەڵەب کرد.
بیری کردەوە کە « دەرمانێک بخۆم لاواز بم هەتا بڕوایەکی کە هەیەتی

له هەق من پتر بێ! »

دەگێڕنەوە: دەرمانی قاتڵی خوارد و مرد.

♦ ♦ ♦

پیادەیەکی سەر و پێ رووت دەگەڵ کاروانی حیجاز لە کووفە دەرکەوت و رەگەڵ ئێمە کەوت. ماڵ و تێشووی چ پێنەبوو سووک دەڕۆیشت و دەیکوت

« نە سواری یەسترم و نە وەک وشتر لە ژێر بارم
نە خودای رەعیەتم و نە غولام نە شاریارم
هەناسەیەک هەڵدەکێشم و عومر تێدەپەڕێ
لە خەمی هەبوون و خەفەتی نەبوون رزگارم »

وشترسوارێک کوتی « دەروێش بۆکوێ دەچی؟ بگەڕێوە کە بە سەختیی دەمری! »

گوێی نەدایە و پێی دە بیابان نا و رۆیشت.

کاتێک گەیشتینە نەخلەی مەحموود، ساماندار ئەجەلی داهات.

دەروێش هاتە سەری و کوتی « ئێمە بە سەختیی نەمردین و تۆ لە سەر بوختیی مردی! »

کەسێک تەواوی شەو لە سەر نەخۆش گریا
کە رۆژ داهات، خۆی مرد و نەخۆش هەر ژیا

♦ ♦ ♦

کاروانێکیان لە زەوی یوونان لێدا و تاڵانێکی زۆریان برد. بازرگانەکان دەستیان بە گریان و پاڕانەوە کرد و خودا و پێغەمبەریان بە شەفاعەت هێنا و فایدەی نەبوو.

لوقمانی حەکیم لەو کاروانە دابوو.

یەک لە کـاروانیـیـەکـان پێـیکوت « بەشکەم نـەسـیـحـەتیـان بکەی و موعیزەیەک بێژی هەتا دەست لە هەنـدێک ماڵ هەڵگرن، حەیفـە ئەو هەموو نێعمەتە زایە بێ! »

کوتی « قسەی حیکمەت بەوان کوتن، حەیفە! »

ئاسنێک کـە مـۆریانە بیـخـوا
لاناچێ بە سـەیقـەڵ ژەنگار
چ وەعـزێک دەکـەی دڵڕەش
ناچێـتـە خـوار لە بەرد بزمـار

◆◆◆

شـێـخی ئەجەل، ابوالفـرج بن جوزی، تەرکی سـەمـاعی پێفـەرمـووم و ئیشارەی بە خەڵوەت و گۆشەگیریی دا.

هەرەتی لاوەتیم زاڵ و هەوا و هەوەس داخـواز. ناچار بە پێـچـەوانەی رای مامۆستام هەنگاو هەڵێناوە و حەزم لە سەماع و بەزم دەکرد. هەتا شەوێک گەیشتمە کۆڕی قەومێک کە گۆرانیبێژێکی لێبوو. سازی ناسازی دەتکوت گیانم دەدڕێ، دەنگی ناخۆشی دەتکوت باوک دەمرێ. ئیشارەی ئەنگوستی هاوکارەکانی هەندێک جار لە کونی گوێ و هەندێک جار لە سەری لێو کە « بێدەنگ! ».

بە گشتی، بۆ رێز لێنان لە مەیلی دۆستان ملم دا و بە زۆر شەوم کردە بەیانی.

بەرەبەیان بە حوکمی دەسخۆشانە مێزەرم لە سەر و دینارم لە کەمەر کردەوە و لە پێش گۆرانیبێژم دانا، دە هەمێزم گرت و گەلێکم سپاس کرد. دۆسـتـانی نزیک، لە هەق ئەو دا بە پێـچـەوانەی عـادەتیـان بینیم و بە تێکچوونی ئەقڵیان دانام. یەک لەوان تیری تانەی تێگرتم و لۆمەی دەست پێکرد کـە « ئەم کـردەوەیە زانایانە نیـە، خـەرقـەی مـەشـایخ بە وەها

چاوەشێک بەخشین کە هەموو تەمەنی درەمێکی بە دەستەوە نەبوە وردە دراوێکیان دە دەفەکەی نەخستوە! »

کوتم « واباشترە زمانی تانە کورت کەیەوە کە کەرامەتی ئەو کەسەم لێدەرکەوتوە.»

کوتی « منیش لە چلۆنایەتییەکەی ئاگادار ناکەی؟ هەتا منیش لێی نزیک بمەوە و تۆبە لەم قسانەم بکەم؟ »

کوتم « لەبەر ئەوە کە شێخی ئەجەلم گەلێک جار تەرکی سەماعی پێفەرمووم، بەڵام نەسیحەتی بەرز و قسەی تەرزیم گوێ نەداوەتێ. ئیمشەو بەختی پیرۆز و شانسی شازم بۆ ئەم شوێنە رێبەرم بوون هەتا بە دەستی ئەمە تۆبە بکەم و باقی ژیان بە لای سەماع و بەزم دا نەڕۆم.

♦ ♦ ♦

لە لوقمانیان پرسی « ئەدەب لە کێ فێر بووی؟ »

کوتی « لە بێ ئەدەب. هەرچی نارێک هاتە بەرچاوم، بە کردەوە خۆم لێپاراست. »

♦ ♦ ♦

لە زاهیدێک دەگێڕنەوە کە: شەوانە دە مەن تەعام دەخوا و هەتا بەیانی دەورێک قورئان لە نوێژ دا خەتم دەکا.

خاوەندڵێک بیستی و کوتی « ئەگەر نیوەنانێکی خواردبا و خەوتبا، پلەی لەمە سەرتر دەبوو! »

♦ ♦ ♦

لای یەک لە مەشایخ گلەییم کرد کە « فلان شاهیدیی لە سەر فەسادی من داوە! »

کوتی « بە چاکە شەرمەزاری بکەوە! »

◆ ◆ ◆

له شێخێکی شامیان پرسی که « هەقیقەتی تەسەووف چیە؟ »

کوتی « بەر لە ئێستا تایفەیەک لە جەهان دابوون بە ڕواڵەت پەرێشان و بە مانا کۆ. نووکە جەماعەتێکن بە ڕواڵەت کۆ و بە مانا پەرێشان! »

◆ ◆ ◆

له بیرمه شەوێک دەگەڵ کاروانێک تەواوەتی شەو ڕێم بڕیبوو و بەرەبەیان لە پەنا مێشەیەک خەوتوو. حاڵشێواوێک کە لەو سەفەرە دا هاوڕێمان بوو نەعرەتەیەکی لێدا و ڕێی بیابانی گرتە بەر و دەمێک ئارامی نەگرت.

که ڕۆژ داهات پێمکوت « ئەوە چ حاڵەتێک بوو؟ »

کوتی « بولبولانم دیت کە لە سەر درەخت وە ناڵە کەوتبوون و کەو لە کێو و بۆق لە ئاو و گیاندار لە مێشە دا؛ بیرم کردەوە مرۆڤایەتی نیە هەموو لە تەسبیح دان و من بەغەفلەت خەوتوو.

◆ ◆ ◆

له سەفەری حیجاز تاقمێک لاوی خاوەندڵ هاودەمی من بوون و هاوڕێ. جارەبار ورتەیەکیان دەهات و بەیتێکی عارفانەیان دەکوت. عابدێک لە ڕێ دا، مونکیری حاڵی دەروێشان بوو و بێخەبەر لە دەردی ئەوان. هەتا گەیشتینە ئاوەدانی بنی هیلال، منداڵێکی ڕەش لە هۆزی عەرەب دەرکەوت و وەهای تێچریکاند کە باڵندەی لە ئاسمان دێنا خوار. وشتری عابدم دیت کە وە سەما کەوت و عابدی هەڵاویشت و ڕۆیشت.

کوتم « ئەی شێخ، شوێنی لە سەر حەیوان داخست، کەچی تەفاوەتی دە تۆ نەخست! »

♦ ♦ ♦

پادشایەک ماوەی تەمەنی تێپەڕی و جێگرێکی نەبوو. وەسیەتی کرد کە « بەرەبەیان یەکەم کەس کە وە شار کەوێ تاجی پاشایەتی دە سەر بنێن و مەملەکەتی پێ بسپێرن. »

بە هەڵکەوت، یەکەم کەس کە دەرکەوت گەدایەک بوو هەموو عومر نانی چنیبوو و پینەی لێدابوو. کاربەدەستانی دەوڵەت و ئەعیانی حەزرەت وەسیەتی پادشایان بەجێ هێنا و کلیلی قەڵاکان و خەزێنەکانیان تەسلیم کرد. ماوەیەک وڵاتی بەڕێوە برد هەتا هەندێک لە ئەمیرانی دەوڵەت ملیان لە تاعەتی بادا و پادشاکان لە هەر لاوە لێی وە خۆ کەوتن و لەشکریان لێ ساز دا.

بە گشتی، سپا و رەعیەت تێکبەزین و هەندێک ناوچەی مەرز لە قەبزەی دەستەڵاتی چوونە دەر. دەروێش لەم کارەساتە تاسابوو هەتا کۆنەدۆستێک کە سەردەمی دەروێشایەتی نزیک بوون، لە سەفەرێک گەڕاوە و لە وەها پلەیەکی دا بینی.

کوتی « مننەت بۆ خودای میری مەزن، کە گوڵت پشکووت و دڕکت لە پێ هاتە دەر و بەختی بڵندت رێبەریی کردی و بەختەوەریی رووی تێکردی هەتا بەم پلەیە گەیشتی. ان مع العسر یسرا »

کوتی « دۆستی خۆشەویستم سەرەخۆشیم لێبکە کە جێی پیرۆزبایی نیە. ئەودەم کە تۆ دیتت، غەمی نانێکم بوو نووکە غەمی عالەمێک! »

♦ ♦ ♦

کەسێک دۆستێکی هەبوو کە کاری دیوانی دەکرد ماوەیەک رێک نەکەوت یەک ببینن. کەسێک کوتی « دەمێکە فلانیت نەبینیوە! »

کوتی « ناخوازم بیبینم! »

ئەزقەزا یەک لە خزمەکانی ئەو لەوێ بوو کوتی « چ خەتایەکی کردوە

که له بینینی مەلوولی؟ »
کوتی « خەتایەک نیە! بەڵام دۆستی دیوانیی کاتێک دەکرێ ببینی کە دەر کرابێ و من راحەتیی خۆم لە رەنجی ئەو دا ناوێ! »
رۆژی دامان و دەرکران/ کوڵی دڵ دێن دۆستان

♦ ♦ ♦

ئەبوو هورەیرە، هەموو رۆژێ بە خزمەتی مستەفا دەگەیشت.
کوتی « یا اباهریرة زرنی غبا، تزدد حبا: هەموو رۆژێ مەیە هەتا مەحەببەت زێدەتر بێ. »

بە خاوەندڵێکیان کوت « هەتاو بەو باشیە، نەمبیستوە کەس بە دۆستی گرتبێ و ئاشقی بووبێ! »
کوتی « چونکە هەموو رۆژێ دەکرێ بیبینی، مەگەر لە زستان دا کە مەحجووبە و مەحبووب. »

♦ ♦ ♦

گەورەیەک بایەکی دژی دە زگ گەڕا و تاقەتی بەر پێ گرتنی نەبوو و بێ ئیختیار لێیدەرچوو.
کوتی « دۆستان! ئەوەی کە من کردم دە دەستەڵاتی من دانەبوو و بە تاوان لە سەرم نانووسرێ و راحەتییەکم پێگەیشت، ئێوەش بە کەرەمی خۆتان بمبوورن! »

♦ ♦ ♦

نێوانناخۆشییەکم دەگەڵ دۆستانی دیمشق بۆ هاتە پێش، سەرم لە بیابانی قودس نا و خووم بە حەیوانات گرتبوو هەتا ئەسیری فەرەنگ هاتم.

له خەندەکی ترابلۆس دەگەڵ جوولەکان قوڕەکارییان پێدەکردم.

یەک لە سەرۆکانی حەلەب کە ناسیاوییمان دە بەین دابوو، تێپەڕی و منی ناسیەوە و کوتی « فلانی، ئەمە چ حاڵێکە؟ »

کوتم « چ بڵێم؟ »

رەحمی بە حاڵم داهات و بە دە دینار لە بەند رزگاری کردم و دەگەڵ خۆی بردمیە حەلەب و کچێکی کە هەیبوو لە منی مارە کرد بە سەد دینار مارەیی. کچێکی بەدخووی شەڕفرۆشی گوێنەبیس، زماندرێژیی دەست پێکرد و عەیشی منی تێکدا.

جارێک زمانی تانەی درێژ کرد و کوتی « تۆ هەر ئەو کەسە نی کە باوکی من تۆی لە فەرەنگیان کڕیوە؟ »

کوتم « بەڵێ من ئەوکەسەم کە بە دە دینار لە بەندی فەرەنگ رزگاری کردم و بە سەد دینار ئەسیری دەستی تۆی کردم! »

بیستم کابرایەک مەڕی نیوەگیان
لە چنگ و زاری گورگێکی رفان
گورج کێردێکی بە مل داکێشا
رووحی سەربڕاو هاتە تەماشا
لە چنگی گورگت دەرێنام ئەمما
ئاقیبەت خۆت بووی گورگی بێ رەزا

◆ ◆ ◆

یەک لە پادشایان لە عابدێکی کە ژن و منداڵی هەبوو پرسی « وەختی ئازیزت چۆن تێدەپەڕێ؟ »

کوتی « شەوانە خەریکی موناجات، بەربەیانان دوعای حاجات و رۆژانەش لە بەندی ئیخراجات! »

پادشـا لە ئیـشـارەی تێگەیشت. فـەرمـووی « بژیوی ڕۆژی بۆ ببـڕنەوە هەتا باری ژن و منداڵداریی لە مل بێتەوە. »

♦ ♦ ♦

عیبادەت پیشەیەک لە مێشـەیەک دەژیا و گەڵای درەختی دەخوارد.

پادشــایەک بە حـوکـمی زیارەت چوو خـزمــەتی و کـوتی « ئەگــەر بە مـەسڵـەحـەتی دەزانی وەرە شار. شـوێنێکت بـۆ ساز دەکەم هەتا عیبـادەت ئاسـوودە بکەی و خـەڵکیش سـوود لە بەرەکەتی قسـەت وەرگرن و ئاکاری پاکی تۆ لە بەر چاو بگرن! »

زاهید ئەو قسەی قەبووڵ نەکرد و خۆی پاراست.

یەک لە وەزیران کوتی « بۆ ڕێزی خـاتری پادشـا وا باشـە چەند ڕۆژێک بێیە شـار و شوێنەکە هەڵسەنگێنی، ئەگەر سـەفای وەختـی ئازیزان لەبەر قسەی ئەغیارت لا گران بوو، ئیختیار باقییە.

دەگێڕنەوە عـابد وە شـار کەوت و سەرای تایبەتی پادشـایان بۆ تەرخان کرد. شوێنێکی دڵگر و کراوە و گیان حەساوە.

مـەلـەک دەسـتـبـەجێ کـەنیـزێکی رووگـەشـی نارده لای و بە دوای دا غوڵامێکی رووخۆشی باڵاشووش.

زاهیـد دەسـتی کرد بـە خـواردنی تەعـامی بە تام و دەبەر کـردنی جلی نەرم و لەززەت برن لە میوە و شیرینی و کەیف کردن دەگەڵ غوڵام و کەنیز و چاو لێکردن و زانایان کوتوویانـە: زولفی جوانـان زنجیـری پێی ئەقڵـە و داوی مەلی زیرەک.

بە گشـتی دەوڵەتی دلاسـوودەیی پێشـوو تووشی فـەوتان هـات هـەروەک شـاعیر دەڵێ:

لە فـەقێ و پیـر و مـورید و هەرکـەس
لەوانی زمـــانـزان و پاک نەفـــەس

کـــــه دابکەوێتـــــه دونیــــــای نزم
وەک هەنگوین، تێدەگیرێ پێی مەگەس

دیســـان مــەلەک مــەیلـی ســەردانـی کـرد. زاهـیـدی بینی روخـســاری پێـشــووی گۆڕاوە و ســوور و ســپی هەڵگەڕاوە و بەرخەبەبەی داچۆڕاوە. پاڵی وە دیبای ئەتڵەس داوە و غولامی پەریاسا بە باوەشێنی پەڕی تاوس لە سەری وەستاوە. خۆشحاڵی خۆی لە سلامەتی حاڵی دەربڕی و لە هەر بابەتێک دوان هەتا مەلەک لە ئاکامی قسە دا کوتی « کەس وەک من ئەو دوو تایفەیەی خۆش ناوی. یەک زانایان و دوو زاهیدان! »

وەزیرێکی فەیلەسـووفی دونیاگەڕی کارامە کە دەگەڵی بوو کوتی «شەرتی دۆستایەتی ئەوەیە کە دەگەڵ هەردوو تایفە چاکەی بکەی. زێڕ بدە بە زانایان هەتا پتر بخوێنن و زاهیدان چیان پێمەدە هەتا زاهید بمێنن. »

◆◆◆

پادشایەک مەسەلەیەکی گرینگی بۆ هاتە پێش. کوتی « ئەگەر ئەم کارە بە مرادی من بچێتە پێش، چەند درەم بە زاهیدان دەبەخشم! »

کاتێک حاجەتەکەی پێکهات و پەرێشحاڵیی نەما، وەفای نەزری لێ فەرز بوو. کیسەیەکی درەم دا بە بەندەیەکی خاس هەتا بە سەر زاهیدانی دا ببەشێتەوە.

دەگێڕنەوە: غولام ئاقڵی وریا بوو. تەواوی رۆژ خولاوە و شەو گەڕاوە. درمەکانی ماچ کرد و لە پێشی داناوە.

کوتی « هەرچی گەڕام زاهیدم نەدۆزیوە! »

کوتی « ئەمە چ حەکایەتێکە؟ ئەوەندی من بزانم لەم وڵاتە چوارسەد زاهید هەن!»

کوتی « ئەی خوداوەندی جەهان! ئەوەی کە زاهیدە نایەوێ، ئەوەی کە

وەریدەگرێ زاهید نیە. »

پادشـــا پێکەنی و بە نەدیمەکـــانی کـــوت « هـەرچەند من لە هـەق خوداپەرستان ئیرادەتم هەیە و ئیقرار، و ئەو بێشەرمە دوژمنایەتی و ئینکار، بەڵام ئەگەر راستتان بوێ هەق بەوە. »

◆◆◆

لە زانایەکیان پرسی « چ دەڵێی لە سەر نانی وەقف؟ »

کوتی « ئەگەر نان بۆ ئاسوودەیی خاتر بستێنێ حەڵاڵە و ئەگەر بۆ خاتری نان دانیشێ، حەرامە.

نانی بۆ کونجی عیبادەت دەوێ دەروێش
نە کونجی عیبادەت بۆ نان و عەیش

◆◆◆

دەروێشێک وە شوێنێک کەوت کە خاوەنەکەی دڵاوا بوو. تایفەیەکی خۆشوێژ و قسەخۆش لە کۆڕی دابوون و هەرکام نەقڵ و نەزیلەیەکیان دەگێڕاوە.

دەروێش ڕێی بیابانی بڕیبوو، ماندوو و هیچ نەخواردوو.

یەک لەوان بە رووخۆشیی کوتی « تۆش دەبێ شتێک بێژی! »

کـوتی « من وەک ئێـوە فـەزل و ئەدەبێکم نیـە و چم نەخـوێندوە، بە بەیتێک قەناعەتم پێبکەن! »

هەموو بە مەیلەوە کوتیان « بێژە! »

کوتی « منی برسی و بەرابەرم سفرەی نان/ هەروەک عەزەب لەبەر حەمامی ژنان »

یاران رادەی نیازیان زانی و سفرەیان هێنا پێش.

خانەخوێ کوتی « ئەی یار! سەبرێک بگرە خزمەتکارانم خەریکی

کفتەن! »

دەروێش سەری هەڵێنا و کوتی « بڵا کفتە نەبێ لە سەر خوانم/ نانی ویشک کفتەیە بۆ گیانم »

♦ ♦ ♦

مریدێک بە پیری کوت « چ بکەم؟ لە دەست خەڵک لە عەزاب دام ئەوەند کە دێنە زیارەتم و وەختم لە دەست هامووشۆیان شێواوە. »

کوتی « ئەوانی دەروێشن قەرزێکیان بدەیە و ئەوەی دەوڵەمەندن داوای شتێکیان لێبکە، کە ئیدی کەس بە لات دا نایەتەوە »

♦ ♦ ♦

کەسێکی مەست لە سەر رێگەیەک خەوتبوو و ئاگای لە خۆی بڕابوو. زاهیدێک بە لای دا تێپەڕی و بە ناحەزیی سەیری کرد.

لاو لە خەوی مەستیی سەری بەرز کردەوە و کوتی « کە بە لای خەتایەک دا تێبپەڕن، پیاوانە تێدەپەڕن! »

♦ ♦ ♦

تاقمێک لات دژی دەروێشێک رابوون، جوێنیان پێدا و لێیاندا و ئازاریان دا. شکایەتی تاقەت بڕانی بردە لای پیری تەریقەت کە وەهام لێقەوما.

کوتی « کوڕم! خەرقەی دەروێشان جلی رەزایە. هەرکەس لەم پلە دا تاقەتی بێمردایی نەگرێ مودەعییە و خەرقە لەو حەرام! »

به چووکه بەردێک ناشێوێ دەریا
عارف شلوێ بێ تەنکاوە هێشتا

◆ ◆ ◆

خاوەندڵێک پاڵەوانێکی دیت هەڵچوە و کەف دەپژێنێ. کوتی « چ بوە؟ »
کوتیان « فلانی جوێنی پێداوە! »
کـوتی « ئەم رەزیلە هەزار مـەن بـەرد هەڵدێنـێ و بەرگـەی قـســەیەک ناگرێ؟ »

گەر لە دەستم بێ زارێک شیرین کەم
پیــاوەتی نیــە مــست بدەم لە دەم

◆ ◆ ◆

دەگێـڕنەوە فـەقێیـەک قـەیرەکچێکی هەبوو گەلێک کرێت و گـەست، سەرەڕای نێعمەت و گیاز، کەس رازی بە رەزای نەبوو.
بە گشتی، بە ناچار، لە کوێرێکیان مارە کرد.
دەگێڕنەوە: حـەکیمێک لەو سەردەمە دا لە لای سـەرنەدیبەوە (باشووری هیند) هاتبوو کە دیدەی نابینای روون دەکردەوە.
بە فەقێیان کوت « زاوا چما عیلاج ناکەی؟ »
کوتی « دەترسم چاوی ببینێ و کچەکەم تەڵاق بدا! شووی ژنی کرێت، نابینا یا شێت. »

◆ ◆ ◆

پادشایەک بە سووک روانیە تایفەی دەروێشان.
یەکی ژیر لەوان تێگەیشت و کوتی « ئەی مەلەک، ئێمە لەم دونیایە دا بە جـەیش لە تۆ کـەمـتـر و بە عـەیش خـۆشـتـر و بە مـەرگ بـەرابەر و بە قیامەت باشترین! »

ئەگــەر پادشــایەک خــاوەن ســامــانە
وە گــەر دەروێشـک مـەحـتــاجی نانە
ئەو ســـاتە ئەگـــەر دەمـــرن ئەم و ئەو
جگە لە کـــفنێک نابەن گـــۆڕخــانە

ڕواڵەتی دەروێش جلی شڕ و سەری تاشراو بەڵام دەروونی دڵی زیندوو و نەفسی مردوو.

شـێـوەی دەروێشــان زیکر و شــوکـر و خـزمـەت و تاعـەت و ئیـســار و قــەناعــەت و تـەوحــیــد و تەوەککول و تەسلیم و تـاقــەتـە. هەرکـــەس ئەو سفەتانەی هەبێ کە کوتمان دەروێشە، ئەگەر قەباشی دە بەر دابێ. بەڵام هەرزەگەرد و بێنوێژ و هـەواپەست و هەوەسباز کە رۆژ لە بەندی شەهوەت دا بکاتە شەو و شەو بە خەو و غەفلەت بکاتە رۆژ و هەرچی دەستی کەوێ بخوا و هەرچی بە زمانی دابێ بیڵێ، فـێڵـەزانە ئەگەر عەباشی لە سەر شان بێ.

◆◆◆

لە زانایەکیان پرسی « لە دڵاوایی و دلێریی کامەیان باشترە؟ »
کوتی « ئەوەی دڵاوایە، دلێریی پێویست نیە! »

نووسـراوە لە سـەر گـۆڕی بارامی گـۆڕ
دەســتی کــەرەم باشــتـرە لە هێـز و زۆر

# بەشی سێهەم

## سەبارەت بە فەزیلەتی قەناعەت

◆◆◆

دوو ئەمیرزادە لە میسر بوون. یەکیان بنەمای عیلمی دانا و ئەوی دیکەماڵی پێکەوەنا. ئاکام یەکیان بوو بە عەللامەی عەسر و یەکیان بوو بە عەزیزی میسر.

دەستەڵاتدار بە چاوی سووک ڕوانیە زانا و کوتی « من گەیشتمە سەلتەنەت و ئەمە هەروا لە هەژاریی دا ماوەتەوە! »

کوتی « برا! شوکری نێعمەتی باریی لە سەر من پترە کە میراتی پێغەمبەرانم دەست کەوت یانی زانست و تۆ میراتی فیرعەون و هامانت پێگەیشت یانی ملّکی میسر.

من ئەو مێرووم، لە بەر پێ پایەماڵن
نە ئەو هەنگەی لە دەستی من بناڵن

◆◆◆

بیستم کە دەروێشێک لە ئاگری دەستەنگیی دا دەسووتا و پینەی لە سەر پینە لێدەدا و خاتری دڵی خۆی دەداوە و دەیکوت « بە نانی ویشک قەناعەت دەکەم و پینەی جلک/ کۆڵەوار و نەدار باشتر لە کۆڵەباری مننەتی خەڵک! »

کەسێک کوتی « چما دانیشتووی کە فلانی لەم شارە تەبعێکی کەریمی

هەیە و کەرەمێکی مشە، کەمەری خزمەتی ئازادەکانی بەستوە و لە بەر دەرگای دڵەکان دانیشتوە. ئەگەر ئاگاداری حاڵی تۆ ئەم جۆرەی کە هەیە، ببێ، رێزی خاتری ئازیزانی لەبەر چاوە و مننەتبار! »

کوتی « بێدەنگ! بە دەستەنگیی مردن باشترە لە حاجەت بۆ کەسێک بردن. »

◆◆◆

پادشایەکی عەجەم تەبیبێکی کارامەی ناردە خزمەت مەحەممەدی مستەفا. ساڵێک لە دیاری عەرەب ماوە و کەس رووی تێنەکرد و داوای دەوای لێنەکرد.

هاتە لای پێغەمبەر و گلەیی کرد کە « منیان بۆ دەوای ئەسحابەکانت ناردوە و لەم ماوەیە دا کەس خۆی تێنەگەیاندووم هەتا خزمەتێک کە لە سەر بەندە دیاریی کراوە بەجێی بگەیەنم. »

رەسووڵ فەرمووی « ئەم تاقمە شێوەیەکیان هەیە کە هەتا ئیشتیا زاڵ نەبێ ناخۆن و هێشتا ئیشتیا باقییە کە دەست لە تەعام هەڵدەگرن. »

حەکیم کوتی « ئەمەیە هۆی سلامەتی! » زەوی ماچ کرد و رۆیشت.

◆◆◆

سواڵکەرێکی مەغریبی لە گوزەری بەزازانی حەلەب دەیکوت « ئەی خوداوەندانی نێعمەت! ئەگەر ئێوە ئینسافتان هەبا و ئێمە قەناعەت، دابی سواڵ لە دونیا کەی پەیدا دەبوو. »

◆◆◆

لە سیرەتی ژیانی ئەردەشیری بابەکان دا هاتوە کە لە حەکیمی عەرەب

دەپرسێ « رۆژێ چەندە تەعام دەبێ بخورێ؟ »
کوتی « سەد درەم، کیفایەتە! »
کوتی « ئەوەندە چ قەوەتێک دەدا؟ »
کوتی « ئەوەندە تۆ بە سەر پێوە رادەگرێ و هەرچی لەمە زیاد بکەی، دەبیە حەمباڵی! »

خــواردن بۆ ژیان و زیکر کــردنە
تۆ لات وایە کە ژیان بۆ خواردنە؟

♦ ♦ ♦

دوو دەروێش هاوڕێی یەکتر سەفەریان کرد. یەکیان لاواز کە دوو شەو جارێک بەربانگی دەکرد و ئەویتر بە هێز کە رۆژێ سێ ژەمی دەکرد.
بە هەڵکەوت، لە بەر دەروازەی شارێک بە تاوانی سیخوڕیی گرفتار بوون. هەردووکیان دە وەتاغ کرد و دەرکیان سواغ دا.
دوای دوو حەوتە دەرکەوت بێتاوانن. دەرگایان کردەوە.
بەهێزیان بینی مردوە و لاواز گیانی بە سلامەت بردوە.
خەڵک لەمە سەریان سوڕما.
حەکیمێک کوتی « پێچەوانەی ئەمە سەیر دەبوو. ئەو زۆرخۆر بوو، بەرگەی نەبوونی نەگرت و فەوتا. ئەمە خۆپارێز بوو، بە ناچار بە پێی عادەتی خۆی سەبری گرت و سلامەت ما.

♦ ♦ ♦

یەک لە حەکیمان کوڕی دەپاراست لە زۆر خواردن کە « تێریی مرۆڤ نەخۆش دەکا. »

کوتی « بابە! برسیایەتی مرۆڤ دەکووژێ! نەتبیستوە نوکتەبێژ کوتوویانە: بە تێریی مردن چێتر هەتا چێژی برسیایەتی کردن! »
کوتی « ئەندازە راگرە! کلوا و اشربوا و لاتسرفوا. »

ئەوەند مەخۆ لە زارت دەربێ
نە وەهاش برسی کە گیانت دەرچێ

♦ ♦ ♦

بە نەخۆشێکیان کوت « دڵت چ دەخوازێ؟ »
کوتی « ئەوەکە دڵم هیچ نەخوازێ! »

گەدە کە پڕ بوو و زگێشەت هاتێ
چ فایدەش حەکیم دەرمانت داتێ

♦ ♦ ♦

بەققاڵێک چەند درەمی قەرز لە سەر سۆفیان بوو لە **واسیت**، هەموو رۆژێ داوای دەکردەوە و قسەی رەقی پێدەکوتن.
ئەسحاب لە تانەی پەرێشحاڵ و لە ملکەچیی ناچار.
خاوەندڵێک لەم نێوە دا کوتی « بەڵێنی تەعام دان بە نەفس هاسانترە لە درەم دان بە بەققاڵ! »

♦ ♦ ♦

جوامێرێک لە جەنگی تەتار زامێکی قورسی وێکەتبوو.
کەسێک کوتی « فلان بازرگان نۆشدارووی هەیە. ئەگەر بخوازی

بەشکەم بداتێ!»

گۆیا ئەو بازرگانە بە لەچەریی ناوبانگی هەبوو

ـ ئەگەر خۆر لە خوانی دابا لەباتی نان/ کەس رووی رۆژی نەدەدیت هەتاکوو پەسلان ـ

جوامێر کوتی « ئەگەر نۆشداررووم بوێ، دەیدا یا نایدا. ئەگەر بیدا قازانج دەکا یا نایکا، بەڵام داوا کردن لەو سندان و ژاری مارە!

ـ بە مننەت ئەگەر دوو نان داوا کەم/ بە لەش زیاد دەکەم، لە گیان دەکەم کەم!»

زانایان کوتوویانە « ئاوی حەیات ئەگەر بفرۆشن بە ئاوی روو، زانا نایکڕی چونکە مردنی بە عیللەت باشترە لە ژیانی بە زیللەت. »

♦ ♦ ♦

یەک لە زانایان نانخۆری زۆر و مووچەی کەم بوو. لای یەک لە گەورەپیاوان کە لایەنگری بوو، نیازی خۆی باس کرد. رووی لە پێداویستی ئەو تێکنا و حاجەت دەربڕینی ئەهلی ئەدەبی لا کرێت بوو.

دەگێڕنەوە: هەندێک لە مەعاشی زیاد کرد و گەلێک لە ئیرادەتی کەم.

زانا کە دوای چەند رۆژ دۆستایەتی پێشووی نەدیت کوتی « نان پتر کردن و ئابڕوو بردن/ هەژاریی چێتر لە داوا کردن »

بۆ هەر داوایەک دەم بە بزە و خۆشحاڵ

روو لە کەس بنێ، نەک نێوچاوانتاڵ

♦ ♦ ♦

دەروێشێک تووشی نیاز هات.

کەسێک کوتی « فلانی نێعمەتی هەیە بێ ئەژمار، ئەگەر بە حاجەتت

بزانێ، بێشک لە پێکهێنانی کۆتایی ناکا. »

کوتی « نایناسم! »

کوتی « من پێتدەناسێنم! »

دەستی گرت و بردیە ماڵە ئەو کەسە.

کەسێکی بینی لێچ داچۆڕاو و مرچ و مۆن.

هەڵگەڕاوە و قسەی نەکرد.

کەس کوتی « چت کرد؟ »

کوتی « عەتام بە لەقای بەخشی! »

♦ ♦ ♦

پرسیان لە حاتەمی تایی « بە هیممەتتر لە خۆت بینیوە یا بیستوە؟ »

کوتی « بەڵێ. رۆژێک چل وشترم بۆ میرەکانی عەرەب قوربانی کردبوو. بۆ کارێک رێم دە پەڕەی سارا کەوتبوو. گوێنیبرێکم بینی کۆڵێکی دڕک کۆ کردبۆوە. پرسیم: بۆ ناچیە میوانیی حاتەمی تایی کە خەڵکێک لە خوانی خڕ بوونەوە؟»

کوتی « هەرکەس نانی عەمەلی خۆی بخوا، مننەتی حاتەمی تایی نابا!»

« من ئەوم بە هیمەت و جوامێریی لە خۆم سەرووتر بینی! »

♦ ♦ ♦

مووسا، دەروێشێکی بینی لەبەر رووتیی، رەڵمی وە سەر خۆی کردبوو. کوتی « یا مووسا! دوعایەک بکە هەتا خودا کەفافێک بدا! » دوعای کرد هەتا خودا نێعمەتێکی دایە.

پاشی چەند رۆژان بینیەوە گرفتارە و خەڵک ئاپوورەیان لێداوە.

پرسی « ئەوە چ خەبەرە؟ »
کوتیان « خومری خواردۆتەوە و نەعرەتەی کێشاوە و کەسێکی کوشتوە. قەساسی دەکەنەوە! »
مووسا ئافەرینی بە حیکمەتی ئافرێنەر نارد و تۆبەی لە لاساریی کرد.

حـــەوت ئاســـمـــان ئەوەی رۆیناوە
بە هەرکـــەســـێکی لایقی داوە
کـــتکی بەســـتـەزمـــان ئەگـــەر باڵی با
هێلکەی هێـــلانان بە کـــولل دەبڕاوە
ئەو دوو شـــاخـەی گـــا ئەگـــەر هی کـەر با
دەیکوشت ئەو کـــەســـەی باری لێناوە

که دەستەڵاتت پێنادا خودا بەرژەوەندیی تۆ باشتر تێدەگا

♦ ♦ ♦

عەرەبێکم دیت لە کۆڕی گەوهەرفرۆشانی بەسرە حەکایەتی دەگێڕاوە کە « لە بیابانێک ڕێم ون کردبوو و لە زەواد چم پێنەمابوو. دڵم بە فەوتان دابوو کە لەپڕ کیسەیەکم دیتەوە پڕ لە مرواری. قەت ئەو خۆشی و زەوقە لە یاد ناکەم کە پێمـوابوو برێشکەیە، دیسان ئەو تاڵی و هیوابڕاوییە کە دەرکەوت مرواریيە. »

♦ ♦ ♦

عەرەبێک لە بیابان لەبەر رادەی تینوایەتی دەیکوت:
« خۆزگە بەر لە مەرگ بە ئاوات بگەم

چۆمێکی خوڕێن مەشکەی لێ پڕ کەم »

هەروەتر

لە بیابانێکی قاقڕ، مسافرێک ون ببوو. هێز و وزەی تەواو بوو و چەند درەمێکی لە بەر قەد دابوو. گەلێک گەڕا و ڕێگایەکی نەدۆزیەوە و لە ئاکام تێداچوو.

تاقمێک گەیشتن و درمەکانیان بینی بەرامبەر دایناوە و لە سەر خاک نووسراوە:

هەنبـــــــانەت پڕ بێ لە زێڕ و دراو
پیاو بەبێ تێشوو هەڵنەگرێ هەنگاو
لە ڕێگە و ســەفــەر بۆ پیــاوی هەژار
شـــەلەمی کــولاو نەوەک زێوی خــاو

♦ ♦ ♦

هەرگیـز لە خولی زەمان نەمناڵاندبوو و رووم لە گەڕی ئاسمان گرژ نەکردبوو مەگەر کاتێک کە پێم رووت بوو و پارەی پێڵاوێکم نەبوو. دڵتەنگ لە مزگەوتی جامعەی کووفە وە ژوور کەوتم. یەکێکم بینی پێی نەبوو. سپاسی نێعمەتی هەقم بە جێ هێنا و سەبرم لە بێ پێڵاویی گرت.

کــەبابی جــووجــە لەبەر چاوی تێــر
چڵــە کــەوەری کـەوتووی ســەر خــوانە
ئــەوەی ئــاتــاجــی پــاروویــەک نــانــە
شـــەلەمی کـــولاو جـــووجـــەی بریانە

◆ ◆ ◆

پادشـایەک دەگـەڵ چەند بەندەی شـاز لە راو بـە زسـتـان لـە ئاوەدانی دوور کەوتنەوە هـەتا شەو بە سـەر داهات. مـاڵی لادێییـەکیان بینی. پادشا کوتی « شەو دەچینە وێ هەتا زەحمەتی سـەرمامان نەبێ! »

یەک لە وەزیران کـوتـی « لایقی قـەدری پادشـا نیـە روو دە مـاڵی لادێیی بکا، هـەر لێرە خێوەت هەڵدەدەین و ئاگر پێدەکەین. »

لادێیی پێیـزانی. شتێکی حازریی ساز دا و هێنای و زەوی مـاچ کرد و کـوتی « قـەدری بەرزی سوڵتان نزم نـەبوو بەڵام نەیانویست قـەدری لادێیی بەرز کەنەوە! »

سـوڵتـان قسـەکـەی بە دڵ بوو، شـەو بۆ مـاڵە ئەو گـوازتیـەوە. بەیانیش خەڵات و نێعمەتی پێدا.

◆ ◆ ◆

لە گەدایەکی ماڵدار دەگێڕنەوە کە سامانێکی زۆری پێکەوەنابوو.

پادشـایەک پێیکوت « بیسـتـوومـە گەلێکت مـاڵ هەیە و ئێـمەش کـارێکی گرینگ. ئەگەر بە هـەندێک دەستمان بگری کاتێک حاسڵات بگا دەیدەینەوە و سپاست دەکەین. »

کـوتـی « ئەی خـودای سـەر زەوی! لایقـی قـەدری پادشـا نیـە، دەسـتـی هیـمـمـەت بە مـاڵی گەدایەکی وەکـی من گـڵاو بکەن کـە جـۆ جـۆ بە گـەدایی پێکەوەمناوە! »

کوتی « غەم نیە کە بە کافرانی دەدەم! »

بیسـتـمـەوە کـە: سـەری لە فـەرمـانی پادشـا بادا و بیـانـووی هێناوە و بێشـەرمیی کرد.

فەرمووی هەتا ئەوەندەماڵەی بە جەخت و زەخت لێبستێنن.

♦ ♦ ♦

بازرگانێکم بینی کە سەدوپەنجا وشتری بار پێبوو دەگەڵ چل بەندە و خزمەتکار. شەوێک لە جەزیرەی کیش منی بردە حوجرەی خۆی. تەواوی شەو نەحەساوە لە قسەی پەرێشان کە « فڵان ئەنبارم لە تورکستانە و فڵان دەسمایەم لە هیندووستانە؛ ئەمە قەباڵەی فڵان زەمینە و فڵانە شتەم فڵانیی زامنە. » جار دەیکوت « خاتری ئەسکەندەرییەم هەیە کە هەواییەکی خۆشە، » دیسان دەیکوت « نا، دەریا فەرتەنەیە! ... سەعدی سەفەرێکی دیکەم لە بەرە کە ئەگەر ئەوە بکەم باقی عومری خۆم لە گۆشەیەک دادەنیشم. »

کوتم « ئەوە کامە سەفەرە؟ »

کوتی « گۆگردی پارس دەمەوێ ببەم بۆ چین کە بیستوومە قیمەتێکی گەلێک زۆر دەکا؛ لەوێشەوە کاسەی چینی بێنم و دیبای رۆمی ببەمە هیند و پۆڵای هیندیی بۆ حەلەب و شووشەی حەلەب و بوردی یەمانی ببەمە پارس و ئیدی تەرکی تەجارەت بکەم و لە دوکانێک دانیشم! »

لەم مالیخولیایە ئەوەندی کوت کە ئیدی تاقەتی نەما. کوتی « ئەی سەعدی تۆش قسەیەک بکە، لەوەی کە بینیوتە و بیستووتە! »

کوتم « چاوی تەنگی دونیاخۆر، یا قەناعەت پڕی دەکا یا گۆڕ! »

♦ ♦ ♦

بیستم سامانداریک بە دەستقووچاویی وەها بەناوبانگ بوو کە حاتەمی تایی لە کەرم دا. حاڵی بە نێعمەتی دونیا رازاوە و رەزیلیی نەفس زاتێک دە دەروونی دا. وەها دەوڵەمەند کەچی نانی بە گیان نەدەدا و

پارووییەكی نەدەدا بە پشیلەی ئەبوو هورەیرە و پێشەیەكی بۆ سەگی ئەسحابی كەهەف نەداویشت. بە گشتی كەس ڕێی دە ماڵی نەكەوت و كەس دەرگای كراوە و سفرەی ڕاخراوەی نەدیت.

بیستم، دەریای مەغربی بەرەو میسر گرتبوو بەر و خەیاڵی فیرعەونیی لە سەر. گژەبای دژ هەڵیكرد. دەستی بۆ دوعا بەرز كردەوە و هاواری بێفایدەی كرد.

دەگێڕنەوە لە میسر خزمی هەژاری هەبوو. بە پاشماوی ماڵی ئەو دەوڵەمەند بوون و جلی شڕیان بە مەرگی ئەو دڕی و خەز و خارا و ڕارایان بڕی. هەر لەو حەوتە دا یەك لەوانم بینی لە سەر ئەسپێكی بدەو و غوڵامێك لە دوو.

لەبەر ناسیاوییەك كە دە نێوانمان دابوو، قۆڵیم گرت و كوتم « بخۆ و ببەخشە لەو ماڵ و بەشە/ كۆی كرد و نەیخوارد ئەو چارەڕەشە! »

♦ ♦ ♦

ماسیگرێكی لاواز ماسییەكی زلی دە داو كەوت. هێزی ڕاگرتنی نەبوو. ناچار ماسی بە سەری دا زاڵ بوو و داوی لە دەست ڕفاند و ڕۆیشت.

ڕاوچییەكانی دیكە مخابنیان برد و لۆمەیان كرد كە « وەها نێچیرێكت دە داو كەوت و نەتوانی ڕایگری. »

كوتی « برایان چم پێدەكرا كە من ڕۆژییم نەبوو و ماسی هەروا ڕۆژیی هەبوو. »

ڕاوچی بێ ڕۆژیی لە دەجلە ماسی ناگرێ و ماسی بێ ئەجەل لە ویشكایی نامرێ.

♦ ♦ ♦

دەست و پێ براوێک، هەزارپێیەکی کوشت.

خاوەندڵێک بەوێ دا تێپەڕی و کوتی « سوبحانەڵڵا! بە هەزار پێ کە هەیبوو چونکە ئەجەلی گەیبوو نەیتوانی لە بێ دەست و پێیەک رابکا! »

♦ ♦ ♦

گەوجێکم بینی ورگن ئەسپێکی عەرەبی لە بن، جلێکی گرانبایی لە بەر و مێزەرێکی میسریی لە سەر.

کەسێک کوتی « سەعدی چۆنی دەبینی ئەو دیبای مەعەلیم لە سەر ئەم حەیوانی لایەعلەم؟ »

کوتم « خەتێکی کرێت و خوارە و بە ئاوی زێڕ نووسراوە! »

♦ ♦ ♦

دزێک بە گەدایەکی کوت « شەرم ناکەی بۆ پوولێکی سووک دەست بۆ هەر چرووکێک درێژ دەکەی؟ »

کوتی « دەستی درێژ بۆ پووڵێکی سووک، باشترە لە بڕانی بۆ پووڵێکی زۆر! »

♦ ♦ ♦

لە کابرایەکی زۆرانباز دەگێڕنەوە کە: لە رۆژگاری ناسازگار هاواری بەرز ببۆوە و دەستەنگیی تەنگی پێهەڵچنیبوو. سکاڵای بردە لای باوک و ئیزنی خواست کە « تەمای سەفەرم هەیە! بەشکەم بە هێزی باهۆ داوێنی هیوا بڕفێنم. »

باوک کـوتـی « کـورِم! خـەیاڵی مـەحـاڵ لە سـەر دەرکـە و هەنگاوی قـەناعەت بە داوێـنی سلامـەت هەڵگرە کە زانایان کـوتوویانە: دەوڵەت نە بە تێکۆشانە، چارە بە کەم سازانە! »

کورِ کوتی « بابە! فـایدەی سەفەر گەلێکن: خـۆشیی خاتر و دەسکەوتی خـێـر و دیتنی عـەجـایب و بیسـتنی غـەرایب و گـەرِانی شـار و تێکەڵاویی دۆسـتـان و دەست خـسـتنی پلە و ئەدەب و دەسکەوتی مـاڵ و کـەسب و ناسینی یاران و ئەزموونی رۆژگار. »

باوک کوتی « کورِم! قـازانجی سـەفـەر هەروەکی کوتت گـەلێکن، بەڵام هی پێنج تاقمن:

« یەکەم بازرگانێک کە سەرەرِای سامان و دەسکەوت، غوڵام و کەنیز و خـزمـەتکاری تەمـیـزی هەیە، هـەر شـەوەی لە شـوێنێک و هەر دەمـەی لە سەیرانگایەک بە خۆشیی رایدەبوێرێ.

« دووهەم، زانایەک کـە بە قـسـەی شـیـرین و قـەوەتی خـۆشـوێژیی و دەسمایەیی رەوانبێژیی پێ بنێتە هەر شوێنێک، خزمەتی دەکەن و رێزی دەگرن.

« سێـهـەم، خـۆشـرِوویەک کـە دەروونی خـاوەندڵان مـەیلی تێکەڵاویی بکەن، کە زانـایان کوتوویانە: هەندێک جەمـاڵ باشـترە لە گـەلێک مـاڵ. و دەڵێن: رووی جـوان هەتوانی دڵی نـاتوان و کلیلی دەرگـای گـاڵە دراوە، هەڵبەت بۆ نزیک بوونەوەی تێدەکۆشن و بۆ خزمەتی مننەت دەکێشن.

« چوارەم، دەنگخۆشێک کە بە حەنجەرەی داودیی ئاو لە خورِین و مەل لە فـرِین بوەسـتـێنێ. کـە بە هۆی ئەم دەنگە دڵی تامـەزرۆ لە داو دەخـا و ئەربابی مـانا مـەیلی دانیـشـتنی دەکـا و بەجێ هێنانی هـەمـە چەشنە خزمەتێک.

« یا، سەنعەتگەرێک کە بە هیممەتی هەوڵ و باهۆ بژیوێک دەست دەخا

هەتا ئابڕووی بۆ پاروو نانێک نەتکێ.

« ئەو سەفەتانەی کە دەرمبڕی کوڕم! لە سەفەر دا هۆی ئاسوودەیی خاتر و خۆشیی ژیانن. ئەوەی کە لەمانە بێبەرییە، بە خەیاڵی باتڵ پێ لە ڕێ دەنێ و ئیدی کەس ناو و نیشانی نابیسێتەوە. »

کوڕ کوتی « بابە! چۆن دژایەتی دەگەڵ قسەی زانایان بکەین کە دەڵێن: بژیو هەرچەند دابەش کراوە بەڵام دەست خستنی بە ئەسبابە و بەڵاش هەرچەند دیاریکراوە، خۆ لێ پاراستنی واجبە.

« بژیو هەرچەندە بێگومان دەگا
شەرتی ئەقڵیشە دیتنەوەی دەرگا
بێ ئەجەل هەرچەند هیچکەس نامرێ
تۆش ئاخر مەچۆ نێو زاری حەزیا

« بەم شان و باهۆیەش کە من هەمە دەڕۆستی فیلی مەست و شێری دڕ دێم، کەوایە مەسڵەحەت ئەوەیە سەفەر بکەم کە لەمە پتر تاقەتی بێ ئەنوایی ناگرم. »

پیاو کە هەڵبڕا لە جێ و مەکانی
چ غەمی هەیە بۆ گوزەرانی
شەو هەرکەسێکی دەچێتەوە ماڵ
دەروێش کوێ بگا دەیخا جێ و بانی

ئەوەی کوت و ماڵاوایی لە باوک کرد و هیممەتی خواست و وە ڕێ کەوت هەتا گەیشتە دەم رووبارێک کە بەرد لەبەر تەوژمی وە بەرد دەکەوت و هاژەی فەرسەخێک دەڕۆیشت. تاقمێک خەڵکی بینی کە لە سەر پاپۆڕ پارەیان داوە و بارگەی سەفەریان پێچاوە. لاو چی بە دەستەوە نەبوو

ناچار پاڕاوه. هەرچەند لالاوه کەلکی نەبوو. کەشتیوانی دڵڕەق گەڕاوه و کوتی « که زێڕت نەبێ به زۆر دەرناچی! »

لاو له توانجی کەشتیوان دڵی وه کوڵ هات، تەمای تۆڵەی گرت. کەشتی ڕۆیشتبوو. هاواری کرد و کوتی « ئەگەر بەم جلەی که دەبەرم دایه رازی بی، دەیدەم! »

کەشتیوان تەماحی ڕێنیشت و کەشتی گەڕاندەوه.

هەر که دەستی به یەخه و بەرۆکی ڕاگەیشت، له بن خۆی نا و به کەیفی خۆی تێیهەڵدا. دۆستەکەی له کەشتی هاته خوار هەتا پشتی بگرێ که ئەمەی دیت ئەویش پشتی دا. چاریان ناچار دەگەڵی پێکهاتن و له کرێ گوزەران. به داوای لێبوردن به پێی داکەوتن و به چەند ماچی به درۆ له سەر و چاوی، سواری کەشتیان کرد. ڕۆیشتن هەتا گەیشتنه ستوونی بینایەکی یوونان که ده نێو ئاو دابوو.

کەشتیوان کوتی « کەشتی کونی تێکەوتوه، یەک له ئێوه که دلێرتره دەبێ بچێته سەر ئەم ئەستوونه و پەتی کەشتی ڕاکێشێ هەتا چاکی بکەینەوه! »

لاو بایی توانایی، بیری له دوژمنایەتی و دڵێشاویی و قسەی زانایان نەکردەوه « هەرکەس ئازار به دڵێ بگەیەنی، ئەگەر به دوای دا سەد راحەتیی پێبگەیەنی، له سزای ئەو یەک ئازاره له ئامان دا نابی چونکه تیر له برین دێتەوه دەر و ئازار ده دڵ دا دەمێنێتەوه. » پەتی کەشتی له پێ بەست و وه سەر ئەستوون کەوت.

کەشتیوان پەتی پساند و کەشتی ئاژۆت.

بەستەزمانه حەیران ماوه.

دوو ڕۆژ بەلا و مەینەتی چێژت و تووشی سەختی هات. سێهەم ڕۆژ خەو دایگرت و ده ئاو کەوت.

دوای شــەو و رۆژێک کەوتە بـەسـتـێن و لە ژیان نێـوەگیـانێکی مـابوو. دەسـتی بە خـواردنی گـەڵای درەخت و بـنی گـژوگیـا کـرد هـەتـا هێـزێکی هاتەوە بەر. رێی بیابانی گرتە بەر و ئەوەند رۆیشت هەتا تینوو و بێتاقەت گەیشـتـە سـەر چاڵاوێک کـە تاقمـێک لە دەوری کۆ ببـونەوە و شـەربەیەک ئاویان بە پووڵێک دەخواردەوە. لاو پووڵـی نەبوو، داوای کرد و خۆی فەقیر کرد. رەحـمـیـان پێنەکـرد. ویسـتی بە زۆر بیـسـتێنێ، شـاڵاویان بۆ برد و تێیانهەڵدا و بریندار بوو.

بە ناچار وە شوێن کاروانێک کەوت و رۆیشت. شەو گەیشتنە شوێنێک کە مـەترسی رێگریان هـەبوو. بینی کە کـاروانییـەکان لەرزیان تێکەوتوە و دڵیـان بە مـەرگ ئەسـپـاردوە. کـوتی « مـەترسن کـە یەک منم و بە تەنهـا پەنجا پیاو دەخەم و لاوەکانی دیکەش دەست دەکەنەوە! »

کە ئەمـەی کـوت کـاروانییـەکـان بـە خـۆهـەڵکێشـانـی دڵگەش بوون و لە هاودەمیی دڵخۆش، بە زەواد و ئاو دەستیان گرت.

لاو ئاگری گەدەی بڵێسـەی دەدا و تاقەتی بڕابوو. چەند پارووپەکی بە ئیـشـتـیـا خـوارد و چەند قـومی ئاو بە سـەر داکـرد هەتا دێوی دەروونی ئارامی گرت و خەوت.

پیرەمـێردێکی دونیادیدە لەم نێوە دا کوتی « دۆسـتان! من لەو رێزانەی ئێوە پتر دەترسێم هەتا رێگرەکان. هەروەکی دەگێڕنەوە: عەرەبێک چەند درەمی پاشــەکــەوت کــردبوو. شـــەو لـە ترسـی جــەردە لە مـــاڵ خـــەوی لێنەدەکەوت. یەک لە دۆسـتـانـی هێنا لای خـۆی هەتا سـامی تـەنیـایی بە دیداری ئەم بشـکـێ. چەند شــــەوێک هـاودەم بـوون هـەتـا پـەی بـە رازی درمـەکـان برد. بردی و خواردی و سـەفـەری کـرد. بەیانی عـەرەبیـان دیت گریان و رووت. کوتیـان « حاڵ چیـە، مـەگەر دز درەمـەکانی بردی؟ » کوتی «ناوەڵڵا رێزان بردی! » چووزانن کە ئەمەش لە رێگران نەبێ کە بە دانستە

ناردبیانەتە نێو ئێمە هەتا کاتی دیاریکراو خەبەریان بکا؟ وا بە مەسڵەحەت دەزانم کە بە خەوتوویی جێی بهێڵین و بڕۆین! »

لاوەکان تەگبیری پیریان بە دڵ بوو و ترسیان لە لاو ڕێنیشت، بارگەیان پێچاوە و لاویان خەوتوو جێ هێشت.

هەتاو لە شانی دابوو کە وە ئاگا هاتەوە. سەری هەڵێنا و بینی کاروان ڕۆیشتوە. بەستەزمانە گەلێک گەڕا و ڕێی دە جێگەیەک نەکەوت. تینوو و بێ ئەنوا رووی لە خاک نا و دڵی لە فەوتان و دەیکوت:

« کێ هەیە بدوێنی منی بێچارە/ ئاوارە دەزانێ حاڵی ئاوارە »

فەقیرە لەو قسانە دابوو، کوڕەشایەک کە بۆ ڕاو لە لەشکر دوور کەوتبۆوە لە بان سەری وەستابوو، بیستی و سەیری سەر و سیمای دەکرد. ڕەنگی رواڵەتی پاک و ڕەنگی حاڵەتی خەراپ. پرسی « خەڵکی کوێ و چۆن ڕێت کەوتۆتە ئێرە؟ »

هەندێک کارەسات کە بە سەری هاتبوو بۆی گێڕاوە.

مەلەکزادە بەزەی بە حاڵی شڕی داهات، خەڵات و نێعمەتی دایە و باوەڕپێکراوێکی دەگەڵ نارد بۆ شارەکەی خۆی.

باوک لە دیتنەوەی شادان بوو و شوکری سلامەتیی کرد. شەو ئەوەی کە بە سەری هاتبوو: لە حاڵەتی کەشتی و زوڵمی کەشتیوان و خەڵکی گوند لە سەر چاڵاو و غەدری کاروانی بۆ باوک دەگێڕاوە.

باوک کوتی « کوڕم! کاتی ڕۆیشتن نەمکوت دەسبەتاڵ دەستی دلێریی بەستراوە و پەنجەی شێریی شکاو؟ »

کوڕ کوتی « بابە! هەتا ڕەنج نەبەی، گەنج نابەی و هەتا گیان لە خەتەر نەخەی، زەفەر بە دوژمن نابەی و هەتا دەنک نەپرژێنی، خەرمان هەڵناگری؛ نابینی بەم ڕەنجە کەمە چەندە ڕاحەتییم دەست خست و بە چزوویەک کە چێژتم چەندەم هەنگوین کۆ کردەوە؟

غـەوواس بفکرێ لە زاری نەهەنگ

مـرواری ناگـا هەروا بە جـەفـەنگ

بەرداشـی ژێرین جووڵەی نیە، ناچار هەڵگری باری گرانە. »

باوک کـوتی « کـوڕم! ئـەمـجـارە فـەلەک یـارمـەتی دای و بـەخت رووی لێنای کـە خـاوەن دەوڵەتێک گـەیشت و پێی بەخـشـی و تێشکانـی قـەرەبوو کـردی و وەها هەڵکەوتێک نـادرە و لە سـەر نادر حـوکم نادرێ؛ ئامـان بەو تەماحە جارێکی دیکە تەماحکار نەبی.

راوچی هەمـیشـە ئاسک راو ناکا

هەربینا دیتت پڵـــینگ راوی نا

« وەها کە پـادشـایەکی پارس، نەقـیـمێکـی گرانبـایی دە قـامک دابوو. جـارێک بۆ سـەیـران دەگەڵ چەند لـە نزیکانی چوونـە مـوسـەللای شـیـراز. فـەرمـووی هـەتـا ئەنگوسـتـیلە لـە سـەر گومـبـەز داکەن، تیـری هـەرکەس لە ئاڵقـەی ئەنگوسـتیلـە تێپـەڕێ، نەقیم هـی ئەو دەبێ. بە هـەڵکەوت چوارسـەد تیـراوێژ کە لە خـزمـەتی دابوون، گشـتی خـەتایان کـرد مـەگەر منداڵێک لە سەربانی میوانخانەیەک کە بۆ یاریی تیری بۆ هـەر لایەک دەهاویشت، بـای سەبا تیرەکەی لە ئاڵقەی ئەنگوستیلە تێپـەڕاند و خەڵات و بەراتی پێدرا و نەقیمی پێبەخشرا.

« کوڕ تیر و کەوانی سووتاند.

« کوتیان « بۆ وات کرد؟ »

« کوتی « هـەتا هونەری یەکەم ئەبەد بمێنێ! »

◆ ◆ ◆

لە دەروێشێکم بیستەوە کە: لە ئەشکەوتێک پەنای گرتبوو و دەرگای لە سـەر ئەهلی دونیا بەسـتبوو و ملووک و مـاڵدار لەبەر چاوی هیـمـمـەتی ئەو

شکۆ و شەوکەتیان نەمابوو.

یەک لە ملووکی ئەو مەڵبەندە ئیشارەی دا کە چاوەڕوانی لە کەرەمی پیاوانە وەهایە کە نمەکمان دەگەڵ بکا.

شێخ رەزای دا بە حوکمی ئەوە کە قەبووڵی دەعوەت سوننەتە.

رۆژی دوایی مەلەک بۆ دوای لێبوردن لە زەحمەت کێشانی چوو. دەروێش لە بەری هەستا و باوەشی پێداگرت و لوتفی پێکرد و پەسنی کرد.

کە رۆیشت یەک لە ئەسحاب لە شێخی پرسی « ئەوەندە رێزەی کە ئەمڕۆ تۆ لە پادشات گرت، بە پێچەوانەی عادەت بوو و قەت نەمبینیوە؟ »

کوتی « نەتبیستوە کە دەڵێن: لە سەر سفرەی هەرکەس دانیشتی، لە سەرت واجبە لە بەری هەستی؟ »

# بەشی چوارەم

## سەبارەت بە فایدەی خامۆشی

♦ ♦ ♦

بە دۆستێکم کوت « هۆی قسە نەکردنم لەبەر ئەوەیە کە گەلێک جار قسەی باش و خراپ بە سەر زمان دا دێن و دیدەی دوژمن جگە لە خراپەی نابینێ! »

کوتی « دوژمن وا باشترە کە چاکەی نەبینێ. »

تیشکی زێڕینی سەرینچاوەی خۆر
ناحەزە گەلێک لە لای مشکی کوێر

♦ ♦ ♦

بازرگانێک هەزار دیناری زەرەر وێکەوت. بە کوڕی کوت « نابێ ئەم قسەیە لای کەس باس بکەی. »

کوتی « بابە! فەرمانی تۆیە و نایڵێم، بەڵام دەمەوێ فایدەکەم لێدەرخەی کە: مەسلەحەتی شاردنەوەی چیە؟ »

کوتی « هەتا بەدبەختیی نەبێتە دوو. یەک نوقسانی دەسمایە و ماڵ، ئەویتر پێخۆش بوونی هاوسا و جیرانماڵ. »

♦ ♦ ♦

لاوێکی زانا، خاوەن گەلێک هونەر و خۆپارێز لە خدەی ناتەرز، کە لە کۆڕی زانایان دادەنیشت، دەمی دەبەست.

جارێک باوکی کوتی « کوڕم! تۆش لەوەی کە دەیزانی، بیڵێ! »

کوتی « دەترسم پرسیار بکەن لەوەی کە نایزانم و شەرمەزار بم! »

♦ ♦ ♦

زانایەکی مەزن دەگەڵ بێدینێک تووشی بەحس هاتن و بە بەڵگە پێینەوەستا؛ بەزی و گەڕاوە.

کەسێک پێیکوت « تۆ بەو هەموو فەزل و ئەدەبە، بەڵگەت بۆ بێدینێک نەبوو؟ »

کوتی « زانستی من قورئان و حەدیس و قسەی مەشایخە و ئەو بڕوای بەمانە نیە و نایبیسێ؛ من بیستنی کفری ئەوم بۆ چیە؟ »

♦ ♦ ♦

**جالینووس** گەوجێکی بینی پێسیری زانایەکی گرتوە و سووکایەتی پێدەکا.

کوتی « ئەگەر ئەوە زانا با، کاری دەگەڵ نەزانان نەدەگەیشتە ئێرەکانە.»

جوێنی دا زمان پیسێک بە پیاوێک
کوتی راوستە گوێم لێبگرە تاوێک
خراتر لەو قسانەم وا دەڵێی تۆ
کە عەیبی من ئەتۆ نازانی وەک خۆ

♦ ♦ ♦

**سەحبانی وائل** ـ یان لە فەساحەت بە بێهاوتا داناوە، بە حوکمی ئەوە کە ئەگەر ساڵێک قسەی کردبا، لەفزێکی دووپات نەدەکردوە و ئەگەریش پێش هاتبا بە شێوەیەکی دیکە دەریدەبڕی.

قسە هەرچەندی خۆش و شیرین بێ
ئەگەر بەجێ و پوخت و بەتین بێ
پتر لە جارێک مەیلێ بە هەرکەس
وەک هەڵوا جارێک دەیخۆن ئیدی بەس

♦ ♦ ♦

لە زانایەکم بیست کە دەیکوت « قەت کەس نەزانیی خۆی دەنابرێ مەگەر کاتێک کە کەسێکی دیکە لە قسە دایە، ئەو خۆ تێهەڵدەکوتێ و دەست دەکا بە قسە. »

♦ ♦ ♦

چەندکەس لە بەندەکانی مەحموود لە **حەسەنی مەیمەندیی** ـ یان پرسی « سوڵتان ئەمڕۆ چی پێکوتی لە فلان مەسڵەحەت دا؟ »
کوتی « پێموایە ئێوەش دەیزانن! »
کوتیان « ئەوەی بە تۆی دەڵێ، بە وەکی ئێمەی ڕەوا نابینێ! »
کوتی « بە حوکمی ئەوە کە دەزانێ نایگێڕمەوە، کەوایە بۆ دەپرسن؟ »

♦ ♦ ♦

لە کڕینی ماڵێک دوودڵ بووم. جوولەکەیەک کوتی « من لە کوێخاکانی ئەو گەڕەکەم. باسی ئەو ماڵە لە من پرسە کە: هیچ عەیبی نیە! »
کوتم « جگە لەوەی کە تۆ دراوسێی منی! »

♦ ♦ ♦

شاعیرێک چوو لای سەرۆکی دزان و شێعرێکی پێهەڵکوت.
فەرمووی هەتا جلی لە بەر داکەنن و لە دێ دەری بکەن.

بەستەزمان رووت بە سەرما دا دەڕۆیشت کە سەگ راویان نا. ویستی دەست بداتە بەرد و بەری سەگانی پێبگرێ، کە زەوی بەستبووی.

داماو کوتی « ئەوە چ خەڵکێکی بیژوون، بەردیان بەستوە و سەگیان بەرداوە. »

سەرۆک لە دەلاقەوە بینی و بیستی و پێکەنی.

کوتی « ئەی زانا شتێکم لێ داوا بکە! »

کوتی « جلی خۆم دەوێتەوە ئەگەر خەڵاتم بکەی! »

هیواداره مرۆڤ بە خێری کەس و کار
هیوام بە خێری تۆ نیە مەمدە ئازار

سالاری دزان بەزەیی پێداهات و جلی بۆ ناردەوە و کەوڵێکیشی لە سەر دانا و چەند درەمێکیش.

♦ ♦ ♦

ئەستێرەژمێرێک هاتەوە ماڵ پیاوێکی بیانی دەگەڵ ژنەکەی تێکەڵاو بینی.

جوێن و قسەی پیسی پێدا و هات و هەرا هەستا.

خاوەندڵێک کە بەوەی دەزانی کوتی « تۆ چووزانی لە ئاسمان چ قەوماوە/ کە نازانی کێت دە نێو ماڵ خزاوە »

♦ ♦ ♦

خەتیبێکی دەنگناخۆش خۆی پێ دەنگخۆش بوو و لەخۆوە دەنگی هەڵدێنا. دەتکوت قڕەی قەلی دە قوڕگ دایە یا ئایەی ان انکر الاصوات، شایەنی ئەوە.

خەڵکی گوند لەبەر پلەیەک کە هەیبوو، رەنجیان دەکێشا و ئەزیەت

کردنیان بە مەسلەحەت نەدەزانی. هەتا، خەتیبێکی ئەو ناوچەیە کە دوژمنایەتییەکی شاراوەیان هەبوو، جارێک بۆ سەردانی هاتبوو کوتی «خەونێکم پێوە دیوی، خێر بێ! »

کوتی « چت دیوە؟ »

کوتی « وەهام دیت دەنگێکی خۆشت هەبوو و خەڵک لە قسەت راحەت.»

خەتیب هەندێکی بیر لێکردەوە و کوتی « مەبارەک خەونێکت دیوە، کە منت لە عەیبی خۆ ئاگادار کرد. دەرکەوت کە دەنگێکی ناخۆشم هەیە و خەڵک لە هاواری بەرزی من لە رەنج دان. تۆبەم کرد لەمە بەدوا خوتبەی نەڵێم مەگەر بە دەنگی نزم. »

◆ ◆ ◆

کەسێک لە مزگەوتی سنجار بانگی دەدا بە دەنگێک کە گوێدێران لێی بێزار بوون. خاوەن مزگەوت میرێکی عادڵی دڵپاک بوو، نەیدەخواست دڵی بێشێنێ. کوتی « ئەی جوامێر! ئەو مزگەوتە بانگدەری کۆنی هەیە، هەرکام پێنج دینارم بۆ بریونەوە. تۆ دە دینارت دەدەمێ هەتا بچیە جێگەیەکی دیکە. »

لە سەر ئەم قسەیە رێککەوتن و رۆیشت. دوای ماوەیەک لە گوزەرێک تووشی میر هات و کوتی « ئەی میر! لە کیست چووم بە دە دینار لەو شوێنەت دەر کردم. لەم شوێنەی ئێستام بیست دینارم دەدەنێ هەتا بچمە جێگەیەکی دیکە و ناچم! »

میر لە پێکەنیان دڵی لەخۆ بۆوە و کوتی « ئامان! وەریمەگرە هەتا بە پەنجای رازی نەبن! »

◆ ◆ ◆

دەنگناخۆشێک بە دەنگی بەرز قورئانی دەخوێندەوە. خاوەندڵێک بە

لای دا تێپەڕی.

کوتی « مووچەی تۆ چەندە؟ »

کوتی « هیچ! »

کوتی « کەوایە بۆ هێندە زەحمەتی خۆت دەدەی؟ »

کوتی « بۆ خاتری خودا دەیخوێنم! »

کوتی « بۆ خاتری خودا مەیخوێنە!

گەر تۆ قورئان ئاوا بخوێنی     دەبڕی برەوی موسڵمانی »

# بەشی پێنجەم

## سەبارەت بە ئەشق و جەوانی

♦ ♦ ♦

له حەسەنی مەیمەندیان پرسی « سوڵتان مەحموود چەندین بەندەی خاوەن جەمالی هەیە کە هەرکام شازی جەهانن. چۆنە مەیل و مەحەببەتی بۆ هیچکامیان نیە ئەوەند دەگەڵ ئەیاز کە جوانییەکی وەهای نیە؟ »

کوتی « هەرچی بەر دڵ بکەوێ، لە بەر چاو جوان دەنوێنێ! »

♦ ♦ ♦

دەگێڕنەوە:

خواجەیەک بەندەیەکی بێهاوتای جوانی هەبوو و بە پێی دۆستایەتی و دینداریی نەزەری پێهەبوو.

بە یەکێک لە دۆستانی کوت « حەیف ئەو بەندەیە، بریا بەو جوانی و شەمایلەی کە هەیەتی زماندرێژیی و بێ ئەدەبیی نەکردبا! »

کوتی « براله! مادام لە خۆشەویستیی دەدوێی، چاوەڕوانیی خزمەتت نەبێ. چونکە کاتێک ئاشق و مەعشووقایەتی بێتە مەیدانێ، مالک و مەملووک نامێنێ.

♦ ♦ ♦

پارسایەکم بینی بە مەحەببەتی کەسێک گرفتار، نە تاقەتی سەبر و نە

توانایی گوفتار. ئەوەند کە سەرکۆنەی کرا و سزای درا، تەرکی گیرۆدەیی نەدەکرد.

جارێک لۆمەم کرد و کوتم « ئەقڵی نەفیست چی لێهات کە نەفسی خەسیست زاڵ بوو؟ »

ماوەیەک چوو نێو فکرەوە و کوتی

« سوڵتانی ئەشق لە هەرکوێ دەرکەوت
هێزی بەزیوی تەقوا کز دەرکەوت
پاکداوێن و پاک چۆن بژی کەسێک
سەرتاپای چەپەڵ دە لیتە و قوڕ کەوت »

♦ ♦ ♦

لە بیرمە زوو، من و دۆستێک وەک دوو ناوکی چوالەی نێو چەقالەیەک هاودەم بووین. لەپڕ غەیبەتێک رووی دا. دوای ماوەیەک کە گەڕاوە، توورە بوو کە « لەم ماوەیە دا قاسیدێکت نەنارد؟ »

کوتم « حەیفم هات دیدەی قاسید بە جەمالی رووی تۆ روون بێ و من مەحرووم! »

♦ ♦ ♦

کەسێک، بە دۆستێکی کە دەمێک بوو نەیدیتبوو کوتی « لە کوێی کە موشتاق بووین؟ »

کوتی « موشتاق بوون باشترە لە مەلوولیی! »

♦ ♦ ♦

لە زانایەکیان پرسی « کەسێک دەگەڵ مانگاسایەک لە خەڵوە دا و

دەرگاکان داخراو و رەقیبان خەوتوو و نەفس داخواز و شەهوەت زاڵ، تۆ بڵێی بە قەوەتی پارێزگاریی بە سلامەت دەرچێ؟»

کوتی « ئەگەر لە دەست مانگاسایان بە سلامەت دەرچێ، لە دەست بەدگۆیان دەرناچێ. »

دەکرێ وە شوێن کاری خۆ کەوتن
ناکرێ زمانی خەڵک بەستن

◆ ◆ ◆

کەسێک ژنی خاوەنجەمالی مرد و خەسووی خەرفاوی لەبەر مارەیی لە ماڵ نیشتەجێ ماوە.

پیاو لە ئاودەنگیی بە گیان رەنجاو و لە هاوەدەمیی ناچار، هەتا دەستەیەک ناسیاو بۆ سەردانی هاتن.

یەکیان کوتی « چۆنی لە فیراقی یاری ئازیز؟ »

کوتی « نەدیتنی خێزان هێندە لەبەر سەخت نیە، کە دیتنی خەسووم! »

◆ ◆ ◆

ساڵێک مەحەممەدی خارەزمشا، دەگەڵ خەتا بۆ مەسڵەحەتێک سوڵحی کرد.

چوومە مزگەوتی کاشغەر. کوڕێکم بینی نەحویی، بەژن زراو و گەلێک جوان.

پێشەکی نەحوی زەمەخشەریی بە دەستەوە بوو و دەیخوێندەوە: ضرب زيد عمروا و كان المتعدى عمروا (زەید لە عومرۆی دا و عومرۆ تەعەدای لێکراوە و مەزلووم بوو! )

کوتم « لاوۆ! خارەزم و خەتا ئاشت بوونەوە و زەید و عومرۆ هەروا شەڕیانە.

پێکەنی و لە زێدەکەی پرسیم.

کوتم « خاکی شیراز! »

کوتی « لە قسەکانی سەعدیی چت پێیە؟ »

کوتم

« دڵت کە مەیلی بە نەحو کرد
رەنگی سەبری لە دڵ مەحو کرد
دڵی بێچارەم نێچیر و سەید
من خەریکی تۆ، تۆش عومرۆ و زەید »

بەیانی کە تەمای رۆیشتنمان گرت، پێیانکوتبوو کە « فلانی سەعدییە! »

بە هەلینگ دان هات، کەرەمی نواند و مەخابنی خوارد کە ئەم ماوەیە بۆچ نەتکوت کە « منم! » هەتا بە شوکرانەی پێوقەدەمی گەورەپیاوان، خزمەتێکم نواندبا؟ »

کوتم « هەتا تۆ هەبی لە من دەنگێک نایە کە منم! »

کوتی « چ دەبێ گەر ماوەیەک لەم مەڵبەندە بحەسێیەوە هەتا لە خزمەتتان فایدە وەرگرین؟ »

کوتم « ناتوانم، بە حوکمی ئەم حەکایەتە: گەورەیەکم دیت لە کۆسار. قەناعەتی کردبوو بە غار. کوتم « بۆ دەرناکەوی لە شار. بۆ رابواردن جاروبار؟ » کوتی « لەوێ پەریڕووی لووس گەلێکن. زەوی کە خزبێ فیل دەخلیسکێ » ئەوەم کوت و سەر و رووی یەکترمان رامووسی و ماڵاواییمان کرد. »

◆ ◆ ◆

خەرقەپۆشێک لە کاروانی حیجاز دەگەڵ ئێمە بوو. میرێکی عەرەب سەد دیناری پێبەخشی هەتا بیکاتە قوربانی.

ڕێگرانی خەفاجە لە کاروانیان دا و پاکیان برد.

بازرگانەکان دەستیان بە گریان و پاڕانەوە کرد و هاواری بێ فایدە. مەگەر ئەو دەروێشە ساڵحە کە لە سەر حاڵی خۆی بوو و گۆڕانێکی بە سەر دانەهات.

کوتم « دیارە هی تۆیان نەبردوە؟ »

کوتی « با! بەڵام من دڵم پێوەی نەبوو کە لە جیایی دا دڵ بریندار بم! »

کوتم « ئەوەی کە کوتت شیاوی حاڵی منە. تافی لاوەتی دەگەڵ جەوانێک بەینم هەبوو، دۆستایەتییەکی وا کە قوبلەی چاوم جەمالی ئەو بوو و سوود و دەسمایەی عومرم ویسالی ئەو. نەکاو پێی وجوودی لە قوڕی ئەجەل ڕۆچوو. دووکەڵی جیایی لە ماڵباتی هەستا. گەلێک ڕۆژ دەچوومە سەر خاکەکەی و بۆ وێنە لە فەراقی دا کوتم:

بریا ئەو ڕۆژەی دڕکی ئەجەل لە قاچت چەقی<br>
دەستی فەلەک تیغی غەداری دابا لە سەرم<br>
هەتا چاوم نەیدیبا ئەم ڕۆژە جەهان بێ تۆ<br>
ئەوە منم لە سەر گۆڕی تۆ خاک وەسەرکەرم

دوای جیایی ئەو تەمام گرت و بەڵێنم دا کە ماباقی ژیان فەڕشی هەوەس بپێچمەوە و هاودەمیی کەس نەکەم. »

◆ ◆ ◆

بۆ میرێکی عەرەب، حەدیسی مەجنوونی لەیلا و حاڵشێوانی ئەویان

گێـڕاوه کـه سـەرەڕای ژیـریی و زانایی سـەری لـه بیـابان ناوه و ئەقـڵی دە کەللەی دا نەماوە.

فەرمـووی هـەتا حازری بکەن و دەسـتـی بە لۆمەی کرد کـه « لە شـەرەفی نەفسـی ئینسـان دا چ کـەموکووڕییەکت دیت کە خـووی دڕندەکانت گرتوه و تەرکی ئاموشۆی خەڵکت کردوه؟ »

کـوتی « بریا لـۆمـەکـەر جـارێکی دیتـبـا، هـەتا لە عـوزرم تێگـەیبـا ـ هـەتا هـەقیقـەتی مانا، گەواه با لە ڕواڵەتی داوا! »

مـیـر مــەیلی مــوتالا کـردنی جــەمــالی لەیلی بە دڵ داهـات ـ کـه چ روخسارێکه هۆی هـەڵایساندنی چەندین فیتنه.

فەرمووی تەڵەبی بکەن.

بە هـۆزەکـانی عـەرەب دا گـەڕان. هێنایان. لای مـیـر لە حـەسـاری سـەرا رایان گرت.

میـر سـەیری شـکڵ و شـەمایلی کـرد. کەسێکی دیت رەشـتاڵە، باریکەڵە. سـووک هـاتە بـەرچاوی. بە حـوکـمی ئـەوەکـه کـەمـتـریین خـزمـەتکاری حەرەمەکەی بە جەمال لەو پێشتر بوو و لەو رازاوەتر.

مـەجنوون تیـژ تێگەیشت. کـوتی « لە دەلاقـەی چاوی مـەجنوونەوە دەبێ سـەیری جەمالی لەیلا بکەی هـەتا تیشکی رازی ئەوت لێدەرکەوێ. »

# بەشی شەشەم

## سەبارەت بە زەعف و پیریی

◆◆◆

دەگەڵ تاقمێک زانا لە مزگەوتی جامیعی دیمشق بەحسمان دەکرد کە لاوێک وە ژوور کەوت و کوتی « کەس هەیە فارسی بزانێ؟ »

زۆربەیان ئیشارەیان بە من دا.

کوتم « خێرە؟ »

کوتی « پیرێکی سەدوپەنجا ساڵە لە گیانەڵڵا دایە و بە زمانی فارسی قسەیەک دەکا و ئێمە تێیناگەین. ئەگەر بە کەرەم زەحمەت بکێشن حەقدەستت دەدەینێ چونکە وەسیەت دەکا. »

کە گەیشتمە سەری دەیکوت:

« کەتم بە دڵی خۆم پشوویەک بدەم
مـــخـــابن گـــیـــرا بەری هەناســـە
جـەخـار لە خـوانی رازاوەی تەمـەن
دوو پاروم بادا کـــوتیـــان بەســـە »

مانای ئەو قسەم بە عەرەبی بەوان دەکوت و سورما سەریان لە تەمەنی درێژ و تاسەی ژیان.

کوتم « چۆنی لەم حاڵەتە دا؟ »

کوتی « چ بڵێم؟
نەتدیوە چ ئێـشـێک دەگـاتە کـەس
لە زاری دەردەکـــێـــشـن یەک ددان

قـــيـــاس بکه چ حـــاڵێکه ئەودەم
رووحی شـیـرینت دەردەچێ له گـیـان »

کوتم « بیـری مـەرگ لە خەیاڵ دەرکە و گومـان بە سـەر تەبعـەت دا زاڵ مەکە، کە فەیلەسووفانی یوونان کوتوویانە: مەزاج هەرچەند راستیش بێ، هۆی مـان نیـە و مـەرەز هەرچەند سـامناک بێ هۆی فـەوتانن نیـە! ئـەگەر دەفەرمووی تەبیبێک بانگ بکەم هەتا چارەت بکا؟ »

چاوی کردەوە و پێکەنی و کوتی
« تەبیـــبی زیرەک چەپڵـــەی لێـــدەدا
دەبینێ حــەریف خــەرفــاو لە جێ دا
ئەرباب خـــەریکی نەقـــشی هەیوانە
بنچـــینەی مـــاڵی دەربەست وێرانە
پیــــــــر دەناڵـێنێ ئاویلـکەی دەدا
پیـــــــــرێـژن رۆنـی لـه پـاچەی دەدا
مـەزاج کـە تێکچـوو، بەرگـریی ناکـا
نە نوشـتـەی مـەلا، نە دوعـا و دەوا »

◆◆◆

پیرەمێردێک دەیگێڕاوە کە: کچێکم خواست.

پەردووم بە گوڵ رازاندەوە و تەنیا لە خەڵوە دا، دەگەڵی دانیشم و دڵ و دیدەم پێسپارد و شـەوی درێژ نەدەخەوتم و نوکتـە و نەزیلەم بۆ دەگێڕاوە هەتا خووم پێبگرێ و نەسڵـەمێتەوە، بۆ وێنە پێمـدەکوت: بەختی بڵندت یار بوو و چاوی بەخـتت بێدار کە تووشی پیرێکی وەک من بووی پڕ، پوخـتـە، دونیـادیدە، لە سـەرەخۆ، سـارد و گـەرم چێشـتـوو، چاک و خـراپ دیتوو کـە هەقی قـسـە دەزانـێ و شـەرتی پەیمان بە جێ دێنێ، دڵاوا و مـێـهـرەبان، خۆش تـەبع و شیـرنزمـان. تووشی لاوێک نەبووی سـەرسـەریی، بیـربڵاو،

کەللەڕەق، وازوازیی کە هەردەم ڕێگایەک بگرێ و هەرسات رایەک بگۆڕێ و هەرشەو لە شوێنێک رابوێرێ و هەرڕۆژ یارێک بگرێ، بە پێچەوانەی پیران کە بە ئەقڵ و ئەدەب دەژین نە بە شێوەی جەهلی جەوانیی.

کوتی: ماوەیەک بەم شێوەیە قسەم کرد و پێموابوو کە دڵی کەوتە دەستم و بووە بە نێچیرم. لەپڕ هەناسەیەکی ساردی لە ناخەوە هەڵکێشا و کوتی « ئەوەندە قسەی کە کردت دە تەرازووی ئەقڵی من دا هاوسەنگ نیە دەگەڵ ئەو قسەی کە لە دایەکەنم بیست کە دەیکوت: ژنی جحێڵ وە برکی بکەوێ تێرێ، باشترە لە پیرێ. »

بەگشتی ئیمکانی سازان نەبوو و گەیشتە دابڕان. کە عۆدەی تەواو بوو، لە کوڕێکیان مارە کرد تیژ و نێوچاوانتاڵ و دەستبەتاڵ. زوڵم و زۆریی لێدەکرا و سەختیی و کوێرەوەریی دەچێژت و هەروا شوکری نێعمەتی هەقی دەبژارد کە « ئەلحەملای لەو عەزابە سەختە خەڵەسیم و بەم نێعمەت و بەختە گەییم! »

♦ ♦ ♦

میوانی پیرێک بووم لە دیاربەکر کە سامانێکی زۆری هەبوو و کوڕێکی خۆشڕوو.

شەوێک حەکایەتی کرد: من بە عومری خۆم جگە لەو منداڵەم نەبوە. دارێکە لەم ئاقارە زیارەتگایە. خەڵک بۆ زیارەت دەچنە وێ، گەلێک شەو لە هەق پاڕاومەوە هەتا ئەو منداڵەی پێبەخشیم. بیستم کە کوڕەکەم بە چپە بە ئاوالانی دەکوت « چ دەبوو من زانیبام ئەو دارە لە کوێیە هەتا دوعام کردبا و باوکم مردبا؟ »

خواجە شادان کە کوڕم ئاقڵ و ژیرە، کوڕ بە تەوسەوە: باوکم خەرفاو و پیرە.

♦ ♦ ♦

ڕۆژێک بە غرووری جەوانیی خێرا ڕێم بڕی و شەو لە ملەیەک پێم شل

بوونەوە.

پیرەمێردێک لە دوای کاروان هات و کوتی « بۆ نوستووی کە جێی خەوتن نیە؟»

کوتم « چۆن بڕۆم، کە پێی ڕۆینم نیە! »

کوتی « ئەمەت نەبیستوە کە خاوەندڵان کوتوویانە: ڕۆیشتن و هەڵترووشکان باشترە لە هەڵاتن و پسان؟ »

ئەی تاسەباری مەنزڵ ڕامەکە
پەندی من دەکار بێنە و پەلەی مەکە
ئەسپی بدەو مەودایەک هەلینگ دەدا
وشتر سەبر دەڕوا و پەیتاپەیتا

◆◆◆

لاوچاکێکی چوست، خوێنشیرین، زمانشیرین لە کۆڕی عەیشی ئێمە دابوو کە هیچ غەمێکی بە دڵ دانەدەهات و بزە لە سەر لێوی بزر نەدەبوو.

وا قەوما دەمێک یەکترمان نەدیت. دوایی کە دیتمەوە، ژنی خواستبوو و منداڵی خستبوو، نەمامی شادیی هەڵپەرتاو و گوڵی هەوەسی ژاکاو! پرسیم « چۆنی و ئەمە چ حاڵە؟ »

کوتی « لەوەتی منداڵم بوە منداڵەتییم نەکردوە! »

◆◆◆

کاتێک بە جەهلی جەوانی بە سەر دایکم دا گوڕاندم. دڵێشاو لە سووچێک دانیشت و بە گریانەوە دەیکوت « مەگەر منداڵیت لە یاد بردوە وا زمانت درێژ کردوە؟ »

دایکێکم بینی لە کوڕی خوڕی
مەڕوانە ئێستات کە شێرەکوڕی

گەر لە بیـرت با چووک و ساوا بووی
فـەقـیـر و زەلیل لە باوەشـمـا بووی
هەڵـتنـەدێنا دەنگت لە ســـەر مـن
کــە تۆ وەک شـێـری و ئەمن پیـرەژن

♦ ♦ ♦

دەوڵەمـەندێکی لەچەر کـورێکی نەخـۆشی هـەبوو. پیـاوچاکـان پێـیـانکوت «مـەسـڵـەحـەت ئەوەیە کە بۆ خـاتری ئەو قـورئانی خـەتم بکەی یـا قـوربانی بکەی. »

تاوێک بیـری کـردەوە و کـوتی « پەڕتووکی پەرپووت باشـتـرە لە مـێگەلی دوور!»

خـاوەندڵێک بیسـتی و کوتی « خـەتمەکەی لەبەر ئەمە هەڵبـژارد کە قـورئان لە سەری زمانە و زێڕ لە بنی گیانە! »

♦ ♦ ♦

بە پیرەمێردێکیان کوت « چما ژن ناخوازی؟ »

کوتی « دەگەڵ پیرێژنانم عەیش نیە! »

کوتیان « گەنج بخوازە کە گەنجت هەیە! »

کـوتی « من کـە پیرم دەگەڵ پیرێژن هـەڵناکـەم، ئەو کـە گەنج بێ دەگەڵ منی پیر چلۆن دۆستایەتی دەگونجێ؟ »

زێڕ نا زۆری گــەرەکــە بـووک
گێزەری تەڕ نەک تووری پووک

# بەشی حەوتەم

## سەبارەت بە تەئسیری تەربیەت

◆◆◆

وەزیرێک کوڕێکی گەوجی هەبوو، ناردیە لای زانایەک کە « ئەوەم بۆ تەربیەت بکە، بەشکەم ئاقڵ بێ! »

ماوەیەک تەعلیمی دا و کەلکی نەبوو.

کەسێکی ناردە لای باوکی کە « ئەمە ئاقڵ نابێ و منی شێت کرد. »

کەری عیسا ببەنە مەککەش گەر
بگەڕێتەوەش هەمان کەرە هەر

◆◆◆

زانایەک کوڕەکانی نەسیحەت دەکرد کە « گیانەکانی بابەی! هونەر فێر بن کە ملْک و دەوڵەتی دونیا بۆ بەقا نابن و زێڕ و زێو لە سەفەر دا خەتەرن. یا دز تێگرایی دەبا یا خواجە بەرەبەرە دەیخوا. بەڵام هونەر کانیاوی پڕ لە ئاوە و دەوڵەتی هەرماو. ئەگەر هونەرمەند لە دەوڵەت بکەوێ، نە غەمە کە هونەر لە نەفسی خۆی دا دەوڵەتە. روو لە هەرکوێ بکا، قەدری دەگرن و وە سەری دەخەن، بێهونەر بەرماوی دەدەنێ و نەکبەتیی دەبینێ. »

◆◆◆

یەک لە زانایان، تەعلیمی مەلەکزادەیەکی دەدا و بێ ئەندێش لێیدەدا و

زەجری زۆری پێدەدا.

جارێک کوڕ لە زەختی زۆر سکاڵای بردە لای باوک و جلی لە لەشی زامداری دادڕی.

باوک کزەی لە جەرگ هات. بە مامۆستای کوت « هیچ کوڕە رەعیەتێک وەها ئەزیەت و ئازار نادەی کە دەگەڵ کوڕەکەی من دەیکەی، هۆیەکەی چیە؟ »

کوتی « هۆیەکەی ئەوەیە کە: هەموو خەڵک بە گشتی و پادشاکان بە تایبەتی، دەبێ قسەی رێکوپێک بکەن و هەڵسوکەوتی دروست. لەبەر ئەوە کە هەرچی بە زمانی ئەوان دابێ زار بە زار دەیگێڕنەوە، بەڵام قسە و ئاکاری خەڵکی عەوام وەها وچەیەکی نیە، کەوایە واجبە لە سەر مامۆستای پادشازادەکان، بۆ پاک بارهێنانی ئەوان هەوڵی پتر بدەن هەتا خەڵکی عەوام. »

پادشا بیری جوانی فەقێ و وڵامی رێکی پەسەند کرد، خەڵات و بەراتی پێبەخشی و پلە و پایەی بەرز کردەوە.

◆ ◆ ◆

مامۆستای مەکتەبێکم بینی لە وڵاتی مەغریب مرچ و مۆن، تووڕە و تۆسن، زمانتاڵ، سەرسواڵکەر، ناباب، کە عەیشی موسڵمانان بە بینی نەدەما و خوێندنی قورئانی دڵی خەڵکی رەش دەکرد. کۆمەڵێک کوڕی دڵپاک و کیژی داوێنپاک بە دەست زوڵمی گرفتار، نە دەوێرن پێبکەنن و نە دەربڕن گوفتار، جار لەپاتەی لە رووی زێوینی یەکیان رادەکێشا و جار قاچی بلوورینی یەکی دی ئەشکەنجە دەدا.

بە کورتی: بیستم کە تاقمێک زاتی چەپەڵیان بۆ دەرکەوت و لێیاندا و دەریانکرد و مەکتەبەکەیان دا بە پیاوچاکێکی بێ ئازاری دڵ و دەروون پاک کە قسەی بە حوکمی پێویستیی دەکرد و جوێنێک کە ببێتە هۆی ئازاری کەس لە زاری نەدەهاتە دەر.

منداڵەکان سامی مامۆستای پێشوویان لە مێشک چوو دەر و مامۆستای دووهەمیان فریشتەخوو بینی و یەک یەک بوونە دێو. لەبەر لەسەرەخۆیی ئەو دەستیان لە زانست هەڵگرت و پتر خەریکی گەمە و یاریی دەبوون و لەوحی نیوەنووسراویان لە سەر و گوێلاکی یەکتر دا دەشکاند.

دوای دوو حەوتوو بەو مزگەوتە دا تێدەپەڕیم. بینیم دڵی مامۆستای پێشوویان خۆش کردۆتەوە و هێناویانەتەوە.

بەڕاستی تێکچووم و لاحەولم کوت کە « بۆچی ئیبلیسیان کردۆتەوە مامۆستای مەلاییکە؟ »

پیرەمێردێکی گەلێک گەڕیدە کوتی « پادشایەک کوڕی نارد بۆ مەکتەب. لەوحێکی زێوینی دایە کە بە ئاوی زێڕ لە سەری نووسرابوو: چەپۆکی مامۆستا باشترە لە چاکەی باوک! »

♦ ♦ ♦

پارسازادەیەک نێعمەتێکی بێڕادەی لە میراتی مامەکان پێگەیشت. فسق و فجووری رە پێش گرت و دەسبڵاویی کردە پیشە وەها کە گوناهێک نەما کە نەیکاتەوە و بادەیەک نەما کە نەیخواتەوە.

جارێک بە نەسیحەت پێمکوت « کوڕم! دەخڵ ئاوی خوڕە و عەیش ئاشی لە گەڕ، یانی زۆر خەرج کردن هی کەسێکە دەخڵی فرەی هەبێ. ـ ئەگەر ساڵێک نەبارێ بەفر و باران/ ویشک هەڵدێن هەموو چۆم و دەراوان ـ وای بە بەرژەوەند دەزانم ئەقڵ و ئەدەب بگری پێش و قومار و یاریی وەلابنێی کە کاتێک فەرعانە تێپەڕێ تەنگانە دادێ و پەژیوان دەبیەوە! »

کوڕ لەبەر بەزم و رەزم و خۆش و نۆش ئەم قسەی نەگرتە گوێ و رەخنەی لێگرتم و کوتی « راحەتیی ئێستا تاڵ کردن، لە ترسی مەینەتی سبەی، دژی رای زانایانە. کەوایە چ غەم کە لە سەرووی کۆڕی پیاوەتی

دانیشتووم و باسی جوامێریی و دەستبڵاوییم زار بە زار دەگەڕێ؟ »

دیتم نەسیحەت وە خۆ ناگرێ و هەناسەی گەرمی من کار ناکاتە ئاسنی ساردی، دەستم لە نەسیحەت هەڵگرت و قسەی زانایانم رە چاو گرت کە کوتوویانە: ئەرکی خۆت بە جێ بێنە ئەگەر قەبووڵیان نەکرد گلەییت لە سەر نیە! »

هەتا دوای ماوەیەک، ئەوەی کە لە نەکبەت بە بیرم دا دەهات بە چاو بینیم کە: پینەی لە سەر پینە دەدروو و سواڵی دەکرد پاروو پاروو.

دڵم بە بێچارەیی سووتا و بە پیاوەتییم نەزانی لە وەها حاڵێک، لەشی دەروێش بە سەرکۆنە داڕووشاندن و خوێ بە سەر دا پژاندن. بە دڵی خۆم گوت « بەهار بەردارن گەڵای سەر داران/ رووت و نەدارن ناچار بە زستان »

◆◆◆

پادشایەک کوڕی دا دەست ئەدیب و کوتی « ئەمە کوڕی تۆیە. وەک یەک لە کوڕەکانی خۆت تەربیەتی بکە! »

ئەدیب خزمەتی نواند و قەبووڵی کرد.

چەند ساڵێک هەوڵی دەگەڵ دا و نەگەیشتە هیچکوێ و کوڕەکانی ئەدیب بەوپەڕی فەزل و رەوانبێژیی گەیشتن.

پادشا تێیڕاخوڕی و لێی تووڕە بوو کە « پەیمانت شکاند و بەڵێنت نەبردە سەر! »

کوتی « لە خودای سەر زەوی شاراوە نەمێنێتەوە کە تەربیەت یەکسان و تەبعەکان جین. »

زێڕ و زێو هەرچەند لە نێـــو بەرد دایە
کـــەچی هەر بەردێک لێی وەدەست نایە

◆◆◆

له پیرێکی تەریقەتم بیست کە بە مریدێکی دەکوت « کوڕم! ئەوەند کە مرۆڤ پێوەندیی خاتری بە رسقەوە هەیە، ئەگەر بە رسقدەری هەبا بە پلە و پایە لە مەلاییک تێدەپەڕی.

◆◆◆

عەرەبێکم بینی کە بە کوڕەکەی دەکوت « کوڕم! رۆژی قیامەت دەپرسنەوە لە ئاکارت، نەک لە کەسوکارت. یانی لە تۆ دەپرسن عەمەلت چیە، نەک باوکت کێیە؟ »

◆◆◆

لە نووسراوەی زانایان دا هاتوە کە دووپشک دیارێکی دیاریکراوی نیە وەک حەیوانەکانی دیکە، بەڵکە هەناوی دایکی دەخوا و زگی دەدڕێ و ڕێی سەحرا دەگرێتە بەر، ئەو توێژانەی کە دە کونی دووپشک دا دەیبینن لەبەر ئەوەیە.

جارێک ئەو قسەیەم لای گەورەیەک گێڕاوە. کوتی « دڵم گەواهی لە سەر راست بوونی ئەو قسەیە دەدا و جگە لەمە ناتوانێ بێ. بە ساوایی دەگەڵ دایک و باوکی خۆیان وەها مەعاملەیەکیان کردوە، بۆیە بە گەورەیی وەها خۆشبەخت و خۆشەویستن!»

◆◆◆

ژنە دەروێشێکی فەقیر دووگیان بوو. وەختی زانی نزیک بوو و ئەو دەروێشە قەت منداڵی نەبووبوو، کوتی « ئەگەر خودای میری مەزن کوڕێکم داتێ جگە لەم خەرقەیە کە دەبەرم دایە، هەرچی مڵکی منە بە

دەروێشانی دەبەخشم. »

بە هەڵکەوت کوڕی بوو و سفرەی دەروێشانی بە پێی شەرت راخست.

دوای چەند ساڵان کە لە سەفەری شام هاتمەوە بە گەڕەکی ئەو دۆستە دا تێپەڕیم و لە حاڵیم پرسی. کوتیان « دە زیندانی شارەوانی دایە. »

هۆیەکەم پرسی.

کەسێک کوتی « کوڕەکەی خومری خواردۆتەوە و نەعرەتەی لێداوە و خوێنی کەسێکی رشتوە و خۆی رایکردوە، باوک بە تاوانی ئەو زنجیری دە مل دایە و بەندی دە پێ کراوە. »

کوتم « ئەم بەڵایەی بە حاجەت لە خودای میری مەزن خواستبوو. »

◆◆◆

منداڵ بووم کە لە گەورەیەکم پرسی سەبارەت بە بلووغ.

کوتی « لە نووسراوان دا هاتوە کە سێ نیشانەی هەیە. یەک پازدەساڵیی، ئەوی دیکە خۆ پیس کردن و سێهەم هاتنی تووکەبەر. بەڵام لە راستی دا یەک نیشانەی هەیە و بەس. ئەویش ئەوە کە پتر لە بەندی رەزای هەق دابی هەتا حەزی نەفسی خۆ. هەرکەس ئەم سفەتەی تێدا نەبێ لای هەقناسان باڵغ نیە. »

تنۆکێک ئاوە پیاوی لێدەگوورێ
بە چل رۆژان لە نێو پزدان بمێنێ
ئەگەر چل ساڵە هێشتا ئاوەزی نیە
بە زەحمەت ناوی ئینسانی لە سەر نێ

◆◆◆

ساڵێک کێشە دە نێو پیادەکانی حەج کەوتبوو و بەندەش لەو سەفەرە دا پیادە.

ئینساف چاكمان له سەر و گوێلاكی یەكتر راكێشا و ئەوەندی كه كرا شەڕ و كێشەمان كرد.

بیستم كه كەژاوەنشینێک به هاوتای خۆی دەكوت « زۆر سەیره! پیادەی عاج كه مەیدانی شەترەنج تێپەڕێنێ دەبێته وەزیر، یانی لەوه باشتری لێدێ كه بوو، كەچی پیادەكانی حاج بادیەیان تێپەڕاند و خرابتر بوون.

♦ ♦ ♦

هیندوویەک نەفتاوێژیی فێر دەبوو. زانایەک کوتی « تۆ کە ماڵت قامیشه، چت داوه لەو كار و پیشه؟ »

♦ ♦ ♦

پیاوێک چاوی وه ژان كەوت، چوه لای بەیتار كه « دەرمانی بكە!»

بەیتار لەوەی كه ده چاوی چوارپای دەكەن به چاوی دا كێشا و كوێر بوو.

حكوومەتیان برده لای داوەر.

گوتی « هیچ تاوانێكی له سەر نیه. ئەگەر ئەو كەر نەبا، نەدەچوو لای بەیتار. »

مەبەست لەو قسەیه ئەمەیه هەتا بزانی كه ئەوكەسەی كاری مەزن به بێ ئەزموون دەسپێرێ، سەرەڕای ئەوه كه پەژیوانیی دەچێژێ، گەورەش به گەوج ناوی دەبێژێ.

♦ ♦ ♦

پارسایەک به لای خاوەن سامانێک دا تێپەڕی كه بەندەیەكی دەست و پێ بەستراوی سزا دەدا.

کوتی « کوڕم! خودا مەخلووقێکی مەحکوومی حوکمی تۆ کردوە و تۆی لەو سەرتر داناوە، شوکری خودای تەعالا بکە و هێندە ئەزیەتی مەدە، مەبادا ڕۆژی قیامەت ئەو لە تۆ سەرتر بێ و شەرمەزار بی.

لە حەدیسی سەروەری عالەم دایە کە کوتی « گەورەترین حەسرەت لە ڕۆژی قیامەت دا ئەوە دەبێ کە بەندەیەکی سالْح دەبەنە بەهەشت و خواجەی فاسق دەبەنە دۆزەخ.

◆◆◆

کوڕە دەوڵەمەندێکم بینی لە سەر گۆڕی باوک دەگەڵ کوڕە دەروێشێک باسی دامەزراند کە « سندووقی خاکی ئێمە بەردە و کێلی ڕەنگین و مەڕمەڕی لە سەر فەڕش کراوە و کاشی شینی تێگیراوە، کەی وەک گۆڕی باوکی تۆ دەچێ، دوو سێ خشت لە سەر یەک نراوە و یەک دوو مشت خاکی بە سەر دا پژاوە.

کوڕە دەروێش ئەمەی بیست و کوتی « هەتا باوکی تۆ لە ژێر ئەو بەردە قورسانە ببزوێ، باوکی من گەیشتۆتە بەهەشت. »

کەر هەتا کەمتر بێ باری
ئاسوودترە ڕەفتاری

◆◆◆

لە مەزنێک مانای ئەو حەدیسەم پرسی: اعدا عدوک نفسک التی بین جنبیک (دوژمنترین دوژمنانی تۆ نەفسی تۆیە کە دە دەروونت دایە)

کوتی « بە حوکمی ئەوە کە هەر دوژمنێک کە چاکەی دەگەڵ بکەی دەبێتە دۆستت، ئیللا نەفس، هەرچی پتر دەگەڵی بسازی دژایەتی پتر دەکا.

# بەشی هەشتەم

## سەبارەت بە نەرێتی قسە

◆◆◆

سامان بۆ حەسانەوەی ژیانە نەک ژیان بۆ کۆ کردنەوەی سامان.

لە ئاقڵێکیان پرسی « بەختەوەر کێیە و بەدبەختیی چیە؟ »
کوتی « بەختەوەر ئەوکەسە کە خواردی و دایچاند و بەدبەخت ئەوەی مرد و جێی هێشت. »

مەکە نوێژ لە سەر ئەو کەسەی کە چی نەکرد
کە ژینی لە سەر سامان دانا و چی نەبرد

مووسا، قاروونی نەسیحەت کرد کە « چاکەی بکە هەروەک خودا چاکەی دەگەڵ کردی! »
نەیبیست و ئاکامەت بیست.

عەرەب دەڵێ: ببەخشە و مننەت دامەنێ کە قازانجەکەت بۆ دەگەڕێتەوە.

◆◆◆

عیلم بۆ دین پەروەراندنە نەک بۆ دونیا خواردن.

زانای نازاهید، کوێری مەشخەڵدارە.

دوو کەس رەنجبەخەسار بوون و هەوڵی بێسوودیان دا. یەک ئەوە کە پاشەکەوتی کرد و نەیخوارد و ئەویتر کە فێر بوو و چی نەکرد.

عـــیلم هەرچەندی پتـــر بیـــزانی
کە عەمەلت نیە هێشتا نەزانی
نە پســـپـــۆڕ و ژیر، نە زۆر زانایە
کـــەرێک کـــتـــێـــبی دە باران دایە
ئەو گەوجە کوانێ ئاگایی و خەبەر
کە باری سەری دڕکە یا دەفتەر

◆◆◆

وڵات بە زانایان دەڕازێتەوە و دین بە زاهیدان بەرز دەبێتەوە.

پادشـــا پێـــداویســـتی پتـــرە بە دواندنی زانا، هەتا زانا بە نزیکی لە پادشا.

نەسیحەتێک گەر لێم ببیسی شا
باشتـر لەو قسـە لە دونیـا دا نیـە
جگە لە زانا داوای یار مـــەکـــە
هەرچەند ئەو ئیشـە کاری زانا نیە

◆◆◆

سێ شت نامێننەوە: ماڵی بێ تەجارەت و زانستی بێ لێکۆڵینەوە و پادشای بێ سیاسەت

بەزەیی بە پیاوخراپ زوڵمە لە پیاوچاک، عەفوی زاڵم زوڵمە لە دەروێش

نە بەقا بە دۆستـایەتی پادشاکـان دەکرێ و نە بە دەنگی خـۆشی منداڵەکان، کە ئەو بە خەیاڵێک هەڵدەگەڕێ و ئەم بە خەوێک دەگۆڕێ.

♦♦♦

هەمـوو رازێکت بە دۆست مەڵێ، چووزانی رۆژێک نابێتـە دوژمن. هەروەتر هەر ئازارێکیش بە دوژمن مەدە لەوانەیە رۆژێک ببێتە دۆست.

رازێک کە دەتەوێ شاراوە بێ لای کەس باسی مەکە هەرچەند دۆست موخلیسیش بێ، کە ئەو دۆستەش دۆستی موخلیسی هەن و هەروا هەتا سەر.

بێدەنگیی چێتـر لە کوڵ هەڵرشتن
تکا و نزا لە لای کـەس نەبێـژتن

♦♦♦

دوژمنێکی لاواز کە مل لە تاعەت نێ و دۆستایەتی بکا؛ مەبەستی جگە لەوە نیە کە ببێتە دوژمنێکی بە هێز و کوتوویانە:

بەقا لە سەر دۆستایەتی دۆستان نیە چ بگا بە پێهەڵکوتنی دوژمن.

هەرکـەس دوژمن بە بچووک دابنێ، وەک ئەمـەیە ئاگرێکی چووک بە گرینگ دانەنێ.

قسـە دە نێوان دوو دوژمن دا وەها بێژە کـە ئەگـەر بوونەوە دۆست، شەرمەزار نەبیەوە.

هەرکەس دەگەڵ دوژمن ئاشت دەبێتەوە، بە تەمای ئازاری دۆستانە.

دەست بشۆ لەو دۆستەی کە دەگەڵ دوژمن بوو بە هاودەم.

◆◆◆

کە لە تەمای کارێک دوودڵی، ئەو لایە هەڵبژێرە کە بێزەحمەتترە.

هەتا کار بە زێڕ پێکدێ، گیان لە مەترسی مەخە.

لــە چــاری نــاچــار پــێــکــران
حــەڵاڵە شــەمــشــیــر هەڵکێــشــان

◆◆◆

هەرکەس پیاوخراپێک بکوژێ، خەڵک لە بەڵای ئەو رزگار دەکا و خۆی لە عەزابی خودا.

جوانە بەخشین و کەرەم، بەڵام لە زامی پیاوازار مەنێ مەڵهەم. ئەوەی رەحم بکا بە مار، زوڵمە لە منداڵەکانی ئادەم.

◆◆◆

نەسیحەتی دوژمن وەرگرتن خەتایە، بەڵام بیستنی رەوا ـ هەتا دژی ئەو کارە بکەی کە عەینی سەوابە.

◆◆◆

تووڕەیی زۆر ترس و بێزاریی پێکدێنێ و لوتفی بێ جێش سام ناهێڵێ. نە وەها توند بە کە لێت تێر بن نە وەها نەرم لە سەرت دلێر بن.

♦ ♦ ♦

دووکەس دوژمنی دونیا و دینن: پادشای ناسێبوور و زاهیدی بێ عیلم.

لە خاکی بەیلەقان بە عابدێکم کوت « بە تەربیەت جەهلم لێدەرکە! »
کوتی « ئەی فەقێ! برۆ بە تاقەت وەک خاک بە یا هەرچیت خوێندەوە وە بن خاکی دە! »

بەدزات ئەسیری دەست دوژمنێکە کە بچێتە هەرکوێ لە چنگ سزای رزگاریی نایە.

♦ ♦ ♦

کە بینیت تەفرەقە دە سپای دوژمن کەوتوە، تۆ خاترجەم بە. ئەگەر جەمع بن، فکری پەرێشانیی بکە.

دوژمن کاتێک دەستی لە هەموو مەکرێک براوە، دەم لە دۆستایەتی دەدا. جا ئەودەم بە دۆستایەتی کاری وا دەکا کە هیچ دوژمنێک نەتوانێ.

سەری مار بە دەست دوژمن بکوتە، کە ئەگەر ئەو زاڵ بێ مار دەکووژێ، دەنا لە دوژمن دەخەڵەسی.

♦ ♦ ♦

خەبەرێک دەزانی دڵێک دێشێنێ، تۆ خامۆش بڵا هیدی بیهێنێ.

لە بولبول بڵا مژدەی بەهاریی
کوندی بەدخەبەر لە کوڵەواریی

♦ ♦ ♦

هەمووکەس ئەقڵی خۆی پێ تەواو و منداڵی خۆی پێ جوانە.

♦ ♦ ♦

دە مرۆڤ لە سەر خوانێک دەخۆن و دوو سەگ لە سەر مردارێک هەڵناکەن.

بەرچاوتەنگ بە دونیایەک برسی و قانع بە نانێک تێر. زانایان کوتوویانە: توانایی بە قەناعەت باشترە لە توانایی بە ماڵ.

بە نانێکی ویشک پڕ دەبێ گەدە
بە گشت جەهانیش پڕ نابێ دیدە

هەرکەس لە دەستەڵات دا چاکەی نەکا، لە بێدەستەڵاتی دا سەختیی دەبینێ.

چارەڕەشتر لە ئازاردەر نیە/ کە ڕۆژی سەختیی کەس یاریدەر نیە

♦ ♦ ♦

هەرچی زوو دەرکەوێ، زۆر خۆ ناگرێ.

بیستوومە لە چین کاسەیەک دەکەن بە چل ساڵان و سەد بە ڕۆژێک لە هەندەران. کەچی نرخی ئەم و ئەو دەبینی لە سەر دوکانان.

♦ ♦ ♦

کار بە سەبر سەر دەکەوێ و پەلەکەر بە سەر دەکەوێ.

له بیابان به چاوی خۆم بینیم، سەبر وه پێش پەله کەوت:
ئەسپی خۆشبەز له هەلینگ دان کەوت
وشتر سەبر سەبر هەروا دەڕۆیشت.

♦ ♦ ♦

له خامۆشیی باشتر بۆ نەزان نیە، کە ئەگەر ئەو مەسڵەحەتی زانیبا، نەزان نەدەبوو.

گەوجێک کەرێکی تەعلیمی قسە دەدا.
زانایەک کوتی « گەوج حەیوان له تۆ فێر نابێ زمان، تۆ خامۆشیی فێر بە له حەیوان! »

♦ ♦ ♦

هەرکەس دەگەڵ له خۆی زاناتر بەحس بکا هەتا تێبگەن زانایە، دەزانن کە نەزانە.

♦ ♦ ♦

هەرکەس عیلمی خوێند و عەمەلی پێنەکرد وەک ئەوەیە زەوی کێڵا و تۆوی پێدانەکرد.

♦ ♦ ♦

ئەگەر شەوەکان هەموو قەدریان با، شەوی قەدر بێقەدر دەبوو.

ئەگەر بەرد هەموو لەعلی بەدەخشان بان
دەبا کە نرخی لەعل و بەرد یەکسان بان

◆ ◆ ◆

هەرکەس جوانچاکە، وانیە دەروونی پاکە؛ کار دەروون دەیکا نە ڕواڵەت.

◆ ◆ ◆

پەنجە لە پەنجەی شێر و مشت لە شەمشیر دان، ئیشی زانایان نیە.

زەعیفێک دەگەڵ هێزدار تێکەوێ، یاری دوژمنە لە فەوتانی خۆی دا.

◆ ◆ ◆

بێ هونەر چاوی بینینی هونەرمەندی نیە، هەروەک سەگی بازاڕیی بە سەگی ڕاو دەوەڕن و ناوێرن بچنە پێش. یانی بوودەڵە کە بە هونەر بە کەسێک نەوێرێ بە بوختان دەکەوڵی دەگەڕێ.

◆ ◆ ◆

ئەگەر هەوڵی زگ نەبا، هیچ مەلێک دە داو نەدەکەوت، هەر ڕاوکەر خۆی داوی دانەدەناوە.

زانایان درەنگ دەخۆن و عابد نیوە تێر و زاهید بەشی ژیان و لاو هەتا ملان، بەڵام قەلەندەر ئەوەند کە گەدەیان جێی هەناسە نەمێنێتەوە و لە سەفرە هیچ.

ئەسیری بەندی زگ دوو شەو خەوی لێناکەوێ. شەوێک لەبەر زگپڕیی و یەک لەبەر دڵپڕیی کە چی دەست نەکەوێ.

♦ ♦ ♦

زانایەک کە دەگەڵ نەزانان تێکەوێ چاوەڕوانی ڕێز نیە و ئەگەر نەزانێکبە زمانوێژیی و بێشەرمی بە سەر زانایەک دا زاڵ بێ سەیر نیە، بەردێکە کە گەوهەرێک دەشکێنێ.

سەیر نیە کە بوەستێ نەفەسی
بولبولێک کە قەل بۆتە هاوقەفەسی

زانا ئەگەر لە کۆڕی کەم ئاقڵان دا قسەی بۆ نەیە پێت سەیر نەبێ کە دەنگی بەربەت ناتوانێ بە سەر گرمەی دەهۆڵ دا زاڵ بێ و بۆنی عەبیر لە بۆگەنی سەیر دەبەزێ.

گەوهەر دە قوڕاو بکەوێ ئەگەر، هەروا گرانە و لە سەر/ تۆز بگاتە فەلەکیش هەروا نزمە و بێهونەر.

میسک ئەوەیە خۆی بۆنی هەبێ، نەوەک عەتتار جاڕدەری بێ.
زانا وەک قوتووی عەتتارە خامۆش و هونەرفرۆش، نەزان وەک دەهۆڵ دەنگ زل و نێوبۆش!

عـــالەم لای هیچ نەزان
مـەتەڵە لای راستـویژان
کیژی جوانی نێو کوێران
یا قـورئانی نێـو گـاوران

♦ ♦ ♦

کەم کەم دەبێتە گەلێک و دڵۆپ دڵۆپ سێڵاوێک.

یانی ئەوانەی کە هێز و وزەیان نیە، بەردی وێکەوتوو رادەگرن هەتا لە هەلی هەڵکەوتوو دەمار لە دەماغی زاڵم دەرێنن.

دڵۆپ دڵۆپ دەبنە جـــۆبار
جـۆگـە دەرژێن دەبنە رووبار
یـەک یـەکـن دەبـنـە هـەزار
دەنک دەنکە خـەلەی ئەنبـار

◆◆◆

گیان لە حەمایەتی یەک دەم دایە و دونیا لە نێوان دوو عەدەم دا.
دین بە دونیافرۆشان کەرن، یۆسف دەفرۆشن کە چ بکڕن؟

پەیمانی دۆسـتت شکاند و دەرکـەوتی!
بڕوانە لە کێ بڕای، رەگەڵ کێ کەوتی؟

◆◆◆

دۆسـتێک کـە بـە عـومـرێک دەست دەکەوێ، ناکرێ بـە دەمێک توورەیی توورِ درێ.

بەردێک بە چەند سـاڵ لەعلی لێ دێتـە بەرهەم
هاوار لە بەردی نەکــوتی، مــەیبــەوە عــەدەم

◆◆◆

هـەر کەس لە ژیان دا نەخۆن نانی، کە بمرێ نابەن ناوی.

چێژی ترێ، بێوە دەیزانێ نەک خاوەن مێو.

یۆسفی سەدیق لە ویشکەساڵی میسر دا تێری نەخوارد هەتا برسی لە بیر نەکا.

ئەوەی تێر خواردی و تێر هەڵستا
چووزانێ برسی چلۆنە ئێستا
حاڵی لێقەوماو کەسێک دەزانێ
کە لێی قەومابێ، جار و زەمانێ

ئەی سواری بێخەم و خەیاڵی سەر ئەسپی خۆشبەز
کەری بارەبەری بەستەزمان گیری گڵە
داوا مەکە ئاگر لە دەر و ماڵی دراوسێی دەروێش
کە ئەوەی لەو کونە رەش دێتە دەرێ، دەردی دڵە

♦ ♦ ♦

لە دەروێشی زەعیفحاڵ لە تەنگی ویشکەساڵ مەپرسە چۆنی، ئیللا بەو شەرتە کە هەتوانێک بخەیە سەر برینی و پارەیەک بخەیە سەر سەرینی.

♦ ♦ ♦

راوچی، بێ رۆژیی ماسی لە دجلە ناگرێ و ماسی، بێ ئەجەل لە سەر ویشکایی نامرێ.

♦ ♦ ♦

شەیتان بە موخلیس ناوێرێ و سوڵتان بە موفلیس!

♦ ♦ ♦

عالەمی بێغەمەل داری بێ بەرە، زاهیدی بێ عیلم ماڵی بێ دەر

مـراد له نازل بوونی قـورئان، سـیـرەتی باش فـێـر بوونه نەک تـەرتیلی سووورەتی نووسراو.

له یەکیان پرسی « عالمی بێ عەمەل وە چی دەچێ؟ »
کوتی « وەک هەنگی بێ هەنگوین! »

♦ ♦ ♦

خـەڵاتی سـوڵتـان هەرچەند عـەزیزە، جلکی خـەڵک بـەڕێزتر و خـوانی گەوران هەرچەند خۆشە، ورکەی هەنبانەی خۆ لەزیزتر.

♦ ♦ ♦

پێـچـەوانەی ڕێی سـەواب و دژی بیـری زانایـانە: دەرمـان بە گـومـان خواردن و ڕێی نەناسراو بێ کاروان چوون.
له ئیمام مەحەممەدی غەزالیان پرسی « چلۆن گەیشتیه ئەم پلەیە له زانست دا؟ »
کوتی « بەمە کە هەرچی نەمزانی، پرسینەکەم پێ نەنگ نەبوو! »

♦ ♦ ♦

یەک له ئەسبابەکانی دۆستایەتی ئەوەیە کە: ماڵ چۆل بکەی یا دەگەڵ خاوەنماڵ هەڵبکەی.

♦ ♦ ♦

سێبووریی وشتر وەها مـەنشووره کە ئەگەر منداڵێک هاوساری بگرێ و سەد فەرسەخ بیبا سەر له فەرمانی بانادا، بەڵام ئەگەر هەڵدێرێکی بە سام دەرکەوێ کە هۆی فەوتان بێ و منداڵ لەبەر نەزانی رووی تێبکا، پەت

له دەستی رادەپسکێنێ و پتر فەرمانبەریی ناکا.

♦ ♦ ♦

هەرکەس وە پێش قسەی خەڵک کەوێ هەتا بە مایەی فەزلی دابنێن، پایەی جەهلی دەردەکەوێ.

♦ ♦ ♦

برینێکم لە بن جلکەکانم هەبوو کە شێخ هەموو رۆژ دەیپرسی «چۆنە؟» و نەیدەپرسی « لە کوێیە؟ » زانیم لەبەر ئەوە خۆی دەپارێزێ چوونکە باسی هەموو ئەندامێک رەوا نیە و زانایان کوتوویانە: هەرکەس قسە هەڵنەسەنگێنێ، لە جوابەکەی دەرەنجێ.

♦ ♦ ♦

درۆ کردن وەک برینی قورسە کە ئەگەر چاکیش بێتەوە، شوێنێ دەمێنێتەوە. وەک برایانی یۆسف کە بە درۆێک ناویان دەرکرد، بە راستەکەشیان کەس باوەڕ ناکا.

♦ ♦ ♦

سەروەری کاینات بە رواڵەت مرۆڤە و نەزمترین گیاندار سەگ و بە پێی رای تێگرایی زانایان: سەگی ئەمەگناس باشترە لە مرۆڤی ناسپاس.

♦ ♦ ♦

خودا، دەیبینێ و دایدەپۆشێ، هاوسا نایبینێ و دەخرۆشێ.

♦ ♦ ♦

زێڕ لە کان بە هەڵکەندن دێتە دەر و لە دەست رەزیل بە گیان کەندن.

♦ ♦ ♦

دووکەس مردن و حەسرەتیان برد: یەک ئەوەی هەیبوو و نەیخوارد، ئەویتر کە زانی و نەیکرد

♦ ♦ ♦

لە زانایەکیان پرسی « چەند داری ناودار کە خودا خولّقاندنی بەرز، هیچکامیان بە ئازاد ناو نەبردوە جگە لە سەرو کە بەرێکی نیە. ئەمە چ حیکمەتێکی تێدایە؟ »

کوتی « هەر دارێک بەرهەمێکی دیاریکراوی هەیە و هەرکام دەخلّێکی دیاریکراو و وەختێکی مەعلووم کە جار پێی تازە دەبێتەوە و جار بە عەدەمی دەژاکێن؛ کەچی سەرو هیچ ئەمەی نیە و هەمیشەش خۆشە. ئەمەیە سفەتی ئازادەکان. »

ئەوەی تێپەڕە دڵی پێمدە، دەڕوا　　　دوای خەلّیفەش دەجلە هەر لە بەغدا
گەر لە دەستت دێ وەکوو نەخل دلّاوا　　　کە دەستت ناڕوا چەشنی سەرو بە، ئازا

## فەرهەنگۆک

**ئاوی روو:** ئابڕوو

**بوختی:** جۆرێک وشتری دووکۆپارەی بە هێز

**پێسیر:** یەخە، بەرۆک

**پێشە:** ئێسک

**تایفە:** تاقم، دەستە

**چاوخانە:** ئەو قوڵکەیەی چاو تێیدا جێگرە، پیاڵەی چاو.

**حاج:** کەسێک حەج بەجێ دێنێ، حاجی

**حەرامیی:** رێگر، جەردە

**خوان:** سفرە

**دورج:** سندووقی جەواهیر و زێر و زەمبەر

**دەرەکە:** دەرەک، بنی دۆزەخ.

**دەمراست:** پیاوی ماقووڵ و ردێن سپی، پیریی بە ئەزموون و رێ نیشاندەر

**رێزان:** کەسێک کە دەگەڵ کاروان دەڕوا و شارەزای رێگاکانە، رێ پێشاندەر.

**زما:** زستان

**سەرینچاوە:** سەرچاوە، کانیاو

**شاتر:** چوست، چالاک

**گەست:** ناحەز، نە جوان، کرێت

**لەپاتە:** زللە، شەپەلاغە

**ماڵبات:** بنەماڵە، خانەدان

**مشە:** زۆر، فرە

**نوێژی دوانە:** نوێژی بەیانی کە دوو رەکەعەتە.

**نەفتاوێژ:** کەسێک کە شتی نەفتاویی و ئاگرین بو سەر کەشتی دوژمن یا بینای دوژمن داوێ.

**هەستە:** ماڵیات، خەراج، زەریبە

**ئەعراف:** شوێنێکە لە نێوان دۆزەخ و بەهەشت دا

**ئیزنگ:** داری سووتاندن، هێزم.